بڵاوکراوەکانی
ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان:
ژمارە: 8

# پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی

## لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
## و
## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## ڕاپۆرتی شەشەم

## چالاکی – بەدواداچوون - هەڵسەنگاندن

## 2020/9/30 – 2019/10/1

بێبەرامبەر دابەشدەکرێت

**پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی  لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**


- ئامادەکردنی: ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان
- سەرپەرشتیار: ئارام کەمال
- پێداچوونەوە: د. مستەفا ڕەسول حسێن
- تیراژ: 1000 دانە
- ساڵی چاپ: 2020
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- چاپخانەی: پیرەمێرد



مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
(ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی)



**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (2064) ساڵی (2020)ی پێدراوە.**


**پەسەندکراوی  ئەنجومەنی باوەڕپێکراوانی ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان**

## ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی


**ئـاواز سەلیم عەبدوڵا**

**بەڕێوەبەری ڕێکخراو**

**ئـــارام کـــەمـــال**

**بەڕێوەبەری پڕۆژە**

**پەروا ئیبراهیم**

**ڕێکخەری پڕۆژە**

**عومـەر محمەد عەلـی**

**ژمێریاری پڕۆژە**

**ناونیشان:-**

سلێمانی- شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود- تەلاری فیردەوس

بەرامبەر گوندی ئەڵمانی - نهۆمی (3) - شوقەی ژمارە (3)

بۆ پەیوەندیکردن:

ئیمەیڵ: koddorg@yahoo.com

پێگەی ئەلکترۆنی: www.keodd.org

فەیسبووک: https://www.facebook.com/kurdistanforeveryone

مۆبایل: 07701509765 - 07725118700

## (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)

## سوپاسی خۆی بۆ ئەم بەڕێزانە دەردەبڕێت کە لەسەرخستنی ئەم پڕۆژەیەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو:

- نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە سەرخستنی ئەم پڕۆژەیەدا وەڵامی ئەرێنیان هەبوو....
- دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.
- ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.
- نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
- بەختیار عەبدوڵا کەریم ڕاوێژکاری ڕێکخراوی (NED) لە هەرێمی کوردستان و باکوری عێراق....
- هەموو ئەو بەڕێزانەی کە بەشداربوون لە چالاکییەکانی پڕۆژەکەدا....

## ڕێكخراوی كوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموكراسی

## KEODD

ڕێكخراوێكی سەربەخۆی بێلایەنی ناحكومی   قازانج نەویستە، تایبەتە بە كایەو پرسە دیموكراتیەكان.

### دروشم

دیموكراتیەتێكی تەندروست...ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات... فەرمانڕەواییەكی بەرپرس لەبەردەم هاووڵاتیاندا.

### دید:

ئاڵوویركردنی ئاشتیانەی دەسەلاتی سیاسی لەسەر بنەمای دەنگی هاووڵاتییان، پێكەوەژیانی سیاسی و كۆمەلایەتی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە جیاوازییەكان و پاراستنی فرەیی.

### بوارەكانی كاركردن

1. ئەنجامدانی توێژینەوەو لێكۆڵینەوە لە بوارە جیاجاكاندا.
2. ئەنجامدانی سیمینارو كۆنفرانس لە بورای جیاجیادا.
3. ئەنجامدانی ڕاهێنان خولی بەرزكردنەوەی توانستی بۆ دەزگاو دامەزراوو ڕێكخراوەكان.
4. چاودێریكردن وبەدواداچوونی شێوازو توانستی جێبەجێكردن لە دامەزراوە میری و هەڵبژێردراوەكاندا..

ساڵی (2014) تۆماركراوە بە ژمارە (16.2.ك) لە فەرمانگەی ڕێكخراوە ناحكومییەكانی هەرێمی كوردستان.

**National Endowment for Democracy**
**for Democracy**
*Supporting freedom around the world*

## رێکخراوی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED)

## National Endowment for Democracy

سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکی فرە رەهەندو ئاراستەو بووەتە چەق بۆ چالاکی و ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوان و توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا .

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، دەبێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات بە دووبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریت و کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشە دەکات.

## ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانو چاودێرییە، لەرێگەی هەڵبژاردنێکی راستەوخۆوە لەلایەن دەنگدەرانەوە هەموو چوارساڵ جارێك هەڵدەبژێرێت، لەپێناو بەرژەوەندی وڵاتو نوێنەرایەتیکردنی هاووڵاتیان لەرێگەی دانانی ئەو یاسایانەوە کە کاروباری دەزگاکانی دەوڵەت رێکدەخەن، هەروەها دیاریکردنی بودجەی گشتی ساڵانەو پەسەندکردنی رێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکانو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارو چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەمەبەستی گرەنتی پابەندبوونیان بە یاساکانو هێنانەدی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات. ئەنجومەنی نوێنەران کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان لە رێگەی پەیوەندی ئەندامان لەگەڵ دەنگدەرانیاندا بەشێوەیەکی راستەوخۆ، هەڵوێستەکردن لە سەر کێشەو گرفتەکانیانو هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو.

خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (329) ئەندام پێکهاتووە و پارێزگای سلێمانیش (18) نوێنەری لەئەنجومەنەکەدا هەیە. ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەرواری (2018/5/12) هەڵبژاردنی بۆ ئەنجامدراو لە بەرواری (2018/9/30) یەکەمین دانیشتنی ئەنجامدا.

## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوە لەلایەن هاووڵاتیانی پارێزگای سلێمانییەوە، لەرێگەی هەڵبژاردنێکی راستەخۆوە پێکهاتووەو دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگا، چاودێریکردنە لە سنوری کارگێڕی پارێزگاکەداو مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەوو رێنماییەکان بۆ رێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەسنوری پارێزگاکەدا دەربچوێنێ، تا بتوانرێت سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بەپێی پرەنسیپی ناسەنتەری بەڕێوەبردنی کارگێڕی بکات، بەجۆرێکی وا کە ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستورو یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا، لەڕووی چاودێریشەوە دەکەوێتە ژێر چاودێریی پەرلەمانی کوردستان.

ئەم خولەی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2009)، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراقدا، لە (2014/4/30)دا هەڵبژێردراوەو لە (32) ئەندام پێکدێت، بەڕەچاووکردنی رێژەی نوێنەری ژنان، خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، رۆژی(2015/6/24)یەکەم دانیشتنی ئاسایی خۆی ئەنجامداو بەپێی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)، یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق دەستبەکاربوون. لە (2018/9/24) وادەی یاسایی ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان تەواوبوو، لە رۆژی (2019/7/8)دا پەرلەمانی کوردستان ماوەی کارکردنی ئەنجومەنەکانی درێژکردەوە.

# پێشەکـــی

ئاشـکرایە کە ئەرکـی سـەرەکی (ئەنجـومەنە هەڵبژێردراوەکـان) بریتییە لە چاودێریکردن و بەدواداچوون بۆ دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن...، ئەم ئەرکە قورسترو لە هەمانکاتیشدا گرنگتـر دەبێت لە کـاتی زۆر بـوونی ئەو کێشـەو گرفـت و قەیرانـانەی کە رووبەڕووی کـۆمەڵگە دەبـنەوە، بەواتـایەکی دیـکە نابێت گرفت و قەیرانەکـان ببـنە رێگـر لەبەردەم ئەم ئەنجومەنـانەدا، بەڵکـو دەبێـت لەم کـاتەنەدا کـار بـۆ دۆزیـنەوەی چارەسـەر بـکەن، یـان لانـیکەم هەوڵبـدەن کـاریگەریی قەیرانەکــان لەســەر هاووڵاتیــان و دەنگــدەرانیان کەمتــربکەنەوە، هەربۆیە گرنگی بوونی ئەم ئەنجومەنانە لەم کاتانەدا زۆر پێویستترە وەک لە حـاڵەتی ئـاساییدا، کەهەمووشـتێک لەبارببێت و بـودجەو پـارەی زۆر لەبەردەستدا بێت.

ئەم قۆنــاغەی کە ئەمـــڕۆی هەرێمـــی کوردســـتان و عێراقـــی پێـــدا تێپەڕدەبێــت، لە هەمووکـــات زیـــاتر پێویســـتی بە کـــارایی دەســـەڵاتی چـاودێرییە، تـاچیتر داهـاتی وڵات بە فیرۆنەچێـت و تەنهـا لەخزمەتـی گرووپێکدا نەبێت...

لێـرەدا دەگەیـنە ئەو راسـتییەی کە نـوێنەرانی پارێزگـای سـلێمانی لە هەریەکە لە (ئەنجومەنی نوێنەران)و (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) نەیــانتوانیوە نەک ئەم دۆخە تێبپەڕێــنن، بەڵکــو ســات لەدوای ســات

قەیـــران و کێشـــەو گرفتـــی زیـــاتر رووبەڕووی هاووڵاتیـــان دەبێـــتەوە، هەرئەمەش وایکـــردووە کە زۆربەی هاووڵاتیـــان متمانەیـــان بە پرۆســـەی (هەڵبـژاردن) نەبێت....

ئەوەی لەم دۆخەی ئێســـــتادا دەگوزەرێـــــت، کاندیـــــدو لایەنە سیاســـییەکان بەزیـــادەوە چارەســـەری گونجاویـــان لە (بەرنـــامەی هەڵبژاردن)ەکانیانـدا بـۆ دۆزیـوەتەوە.... بـۆیە بە پێویسـتی دەزانـین ئەوە بیـری نـوێنەرانی هەڵبژێـردراو بهێنیـنەوە کە لە کـاتی بانگەشـەی هەڵبژاردنەکانـدا، هاووڵاتیـان گوێـدەگرن، بەڵام دوای هەڵبـژاردن و سوێندخواردنی نوێنەران، هاووڵاتیان کرداریان دەوێت... نەک گوفتار.

**خوێنەری بەڕێز...**

ئەمەی لەبەردەســـتدایە، شەشـــەمین راپـــۆرتی چـــاودێرییە کە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)بە هاوکـاری رێکخراوی (NED) جێبەجێکردووە، ئامانج لەم راپۆرتانەش بریتییە لە

**یەکەم/** خسـتنەڕووی کـارو چالاکییەکـانی نـوێنەرانە بە هاووڵاتیـان، دەمانەوێـت بەهـاووڵاتی بڵێـین لە مـاوەی سـاڵێکدا نـوێنەران چییـان کردووە؟

**دووەم/** دەمانەوێـــت راپۆرتەکـــان هاوکـــارێکی زۆربـــاش بـــن بـــۆ هاوکـاریکردنی نـوێنەرانی هەڵبژێـردراو، کـار بـۆ جێبەجێکردنـی بەرنـامەی هەڵبژاردنیـان بـکەن و راپۆرتەکـان ببـنە ئـاوێنەیەک بـۆ نوێنەران.

راپۆرتەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:

**بەشـــی یەکەم/** تـــایبەت بە نـــوێنەرانی پارێزگـــای ســـلێمانی لە (ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق)، (چالاکییەکـانی پـرۆژەی پارێزگـای

سلێمانی و نوێنەرانی، کورتەیەک لەسەر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ماوەی ساڵێکدا، خوێندنەوەیەکی هەڵسەنگاندنانە بۆ ساڵی دووەمی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەقی یاسای نوێی هەڵبژاردنەکانی عێراق لەگەڵ پاشکۆکانی تایبەت بە مادده (15)ی یاساکە) لەخۆدەگرێت.

***بەشی دووەم/*** تایبەت بە (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) کە پێکدێت لە (چالاکییەکانی پرۆژەی پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی، دۆسیێی لامەرکەزی، دانیشتنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، گرنگترین رووداوەکانی پەیوەست بە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، خوێندنەوەیەک بۆ بەجێگەیاندنی (الاداء) ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، پێشنیار، چالاکییەکانی لیژنە هەمیشەییەکان، پاشکۆکان).

لەکۆتاییدا ئومێد دەکەین ئەم راپۆرتە هاوکارێکی باشبێت بۆ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، کە بتوانن لە ساڵی ئایندەدا خزمەتێکی زیاتر بە هاووڵاتیان و دەنگدەرانیان بکەن، ئەوان لەبەردەم بەرپرسیاریەتێکی زۆر گەورەدان، بەڵام بەداخەوە کاتێک چالاکییەکانی نوێنەران دەخوێنیتەوە، هەستدەکەیت زۆربەی چالاکییەکان لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتیە گەورەوە لە ئاست خواستی هاووڵاتیان و دەنگدەراندا نییە.

رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان
بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

تایبەت بە:

# نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە

## ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

### ساڵی دووەم- خولی چوارەم

**بەشی یەکەم/**

**چالاکییەکانی پڕۆژەی**

**(پارێزگای سلێمانیو نوێنەرانی)**

**لە ماوەی**

**(2020/9/30) – (2019/10/1)**

## چالاکییەکانی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانیو نوێنەرانی)
## تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
## ساڵی دووەم/ خولی چوارەم

هاوشێوەی ساڵانی رابردوو ئەم پرۆژەیە، لەچەند چالاکییەکی جۆراوجۆر پێکهاتبوو، لە بەشی یەکەمی ئەم راپۆرتەدا تیشکخراوەتە سەر تەواوی ئەو چالاکییانەی کە تایبەت بە (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) کە لەچوارچێوەی پرۆژەکەدا ئەنجامدراون. ئەم خشتەیەی لای خوارەوەش کورتکراوەی تەواوی چالاکییەکانی پرۆژەکە دەخاتەروو:

**خشتەی ژمارە (1)**
**چالاکییەکانی پرۆژە**

| ژ | چالاکییەکانی پرۆژە |
|---|---|
| چالاکی یەکەم | بەدواداچوونی رۆژانە بۆ کارو چالاکی (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق). |
| چالاکی دووەم | ئەنجامدانی (10) بەرنامەی رادیۆیی راستەوخۆ بەناوی (پارێزگای سلێمانیو نوێنەرانی) بۆ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەرادیۆی (نەوا). |
| چالاکی سێیەم | ئەنجامدانی گفتوگۆیەکیکراوە تایبەت بە فەرمانگە فیدراڵیەکان. |
| چالاکی چوارەم | سەردانیکردنی نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. |
| چالاکی پێنجەم | بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بیروڕای (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی رێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان (www.keodd.org). |
| چالاکی حەوتەم | ئامادەکرن و بڵاوکردنەوەی راپۆرتی شەشەم، بەناوی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی). |

## خشتەی ژمارە (2)
## پێشکەشکردنی بەرنامە رادیۆییەکان تایبەت بە
## (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)

| ژ | ڕێکەوت | میوان |
|---|---|---|
| .1 | 2020/1/12 | د. یوسف محمد صادق |
| .2 | 2020/1/19 | شیروان میرزا قادر حەملان |
| .3 | 2020/1/26 | ئەحمەد حەمە رەشید ئەحمەد |
| .4 | 2020/2/2 | هۆشیار عەبدوڵا فەتاح |
| .5 | 2020/2/9 | دانا جەزا عەلی |
| .6 | 2020/2/16 | یوسرا رەجەب کەمر عەلی |
| .7 | 2020/2/23 | ئارەزوو مەحمود خدر |
| .8 | 2020/3/1 | د. ڕێبوار کەریم مەحمود |
| .9 | 2020/3/8 | د. موسەنا ئەمین نادر |
| .10 | 2020/3/15 | سەرکەوت شەمسەدین محەمەد |

+ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکیکراوە تایبەت بە فەرمانگە فیدراڵیەکانی سلێمانی.

بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاوو رونکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو کارو تایبەتمەندی لیژنەکانو بەرنامەو ئامانجی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانداو بەرنامەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی پارێزگای سلێمانی، لە درێژەی چالاکییەکانی پرۆژەکەدا (ڕێکخراوی کوردستان بۆ

هەمـــــووان) بڕیـــار بـــوو (4) گفتوگـــۆیکراوە بـــۆ نـــوێنەرانی پارێزگـــای ســـلێمانی ئەنجامبـــدات، بەڵام بەهـــۆی بڵاووبـــوونەوەی ڤایرۆســـی کۆرۆنـــاو تووشـــبوونی هەنـــدێک لە نـــوێنەرانی پارێزگـــای ســـلێمانی بە (کۆرۆنـــا) نەتـــوانرا بەشـــێک لە چالاکییەکـــان لەکـــاتی خۆیانـــدا ئەنجامبـــدرێن جـــگەلە یەک چـــالاکی کە بـــۆ کۆمەڵگەی بازگانییەکان ئەنجامدرا.

پووختەی چالاکییەکە/

رۆژ: (سێ شەممە)

رێکەوت: (2020/8/25)

ئامادەبووان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

- **ئەحمەد حاجی رەشید**
- **حەسەن ئاڵی**

ســـــەرەتا هەریەکە لە نـــــوێنەران کـــــورتەیەک لە ئەرک و دەســـەڵاتەکانیان و رێگریەکـــانی کارکردنیـــان لە لیژنەکانـــدا باســـــــکرد، دواتـــــریش بەرێـــــوەبەرانـــــی (کـــــۆمەڵگەی بەرێـــــوەبەرایەتیەکـــــانی بازرگـــــانی ســـــلێمانی) کێشـــــەو گرفتەکانیـــان، هەروەهـــا پێشـــنیارو ســـەرنجی خۆیـــان بـــۆ نوێنەرەکانی پارێزگای سلێمانی خستەڕوو.

ئەم بەرێـــوەبەرایەتییـــانە لە نێـــوان هەرێـــم و بەغـــدادا دووچـــاری چەنـــدین کیشـــەو گرفـــت بـــوونەتەوە، بێگومـــان بـــوونی ئەم کێشـــەو گرفتـــانەش راســـتەوخۆ گرفـــت بـــۆ هاووڵاتیـــان دروستدەکەن و ئەوان باجی کێشەکان دەدەن...

لە کۆتایشدا هەریەکە لە (ئەحمەد حاجی رەشید) و(حەسەن ئالّی) بەڵێنی ئەوەیاندا بەدواداچوون بۆ ئەو کێشەو گرفتانە بکەن، هەروەها پەیوەندیشیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکان بەردەوام دەبێتو هاوکاری و هەماهەنگیان زیاتر لەداهاتوودا دروستدەکەن.

+ بڵاوکردنەوەی هەواڵ وچالاکی و بیروڕای (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی رێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان (www.keodd.org).

**خشتەی ژمارە (5)**
**سەردانکردنی پێگەی ئەلکترۆنی (www.keodd.org)**
**تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

| ژ | بەش | ژمارە | ژ. سەردانی |
|---|---|---|---|
| 1. | هەواڵەکانی تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی. | 83 | 9.760 |
| 2. | بیروڕای نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی. | 26 | 2.690 |
| 3. | چالاکییەکانی رێکخراو بۆ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی. | 16 | 4.153 |
| | کۆی گشتی | 125 | 16.603 |

# بەشی دووەم

## پوختەیەک دەربارەی
## ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
## لە ماوەی
## (2019/10/1 بۆ 2020/9/30)

## پوختەیەک دەربارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
## لە ماوەی (2019/10/1 بۆ 2020/9/30)دا

**یەکەم/** خـــــــولی یەکەمــــــی وەرزی یاســـــــادانانی یەکەم لە (2020/1/14)دا کۆتـــایی هـــات خـــولی دووەمـــی وەرزی یاســـادانانی دووەم لە (2020/5/7) دەســــــــــتپێکرد بــــــــۆ (2020/6/24)، پشــــووی یاســــادانان مـــــاوەی چـــوار مـــــانگی خایانــــد، ئەمەش پــــێچەوانەی مـــــاددەی (57)ی دەســــــتوری عێـــــراقە کە دەڵـــێ: (ئەنجـــومەنی نــــوێنەران خــــولی گرێـــدانی ســـاڵانەی هەیە بە دوو وەرزی یاســــادانان، کە ماوەیــــان هەشـــت مـــانگەو پەیـــڕەوی نـــاخۆ چـــۆنییەتی بەســــــتنیان روونــــدەکاتەوە، ئەو وەرزەش کە بــــودجەی گشـــتی تێـــدا دەخـــرێتەڕوو تەواو نابێـــت تـــاکو ڕەزامەنـــدی لەســـەر نەدرێت.)

**دووەم/** ئەنجـــومەنی نـــوێنەران هەســــتا بە درێژکـــــردنەوەی وەرزی یاســـــــــادانانی یەکەم لە (2020/1/3)دا، دوای ئەوەش چـــــــــوار دانیشـــتنی ئەنجامـــدا، بەبـــێ راگەیانـــدنی هەڵوێســـتێکی فەرمـــی بـــۆ کۆتاییهێنـــان بەوەرزی یەکەم و دەســـتپێکردنی پشـــوو تـــا کـــاتی بەستنی دانیشتنی یەکەم لە وەرزی دووەم لە (2020/5/7).

**ســــێیەم/** لەم مـــاوەیەدا چـــوار ئەنـــدامی نـــوێ، ســـوێندی یاســـاییان خـــواردو دەســـتبەکار بـــوون، یەکێـــک لە ئەنـــدامانەش نـــوێنەرێکی پارێزگـــای ســـلێمانی بـــوو بە نـــاوی (رێـــزان دلێـــر مســـــتەفا) لە

فراکسیۆنی (ی.ن.ک) کە لە دانیشتنی ژمارە یەک لە (2020/5/7) دەستبەکاربوو، پاش دەستلەکارکێشانەوەی (میران محەمەد).

**چوارەم/** لە لیژنەی هەمواری دەستوری عێراقدا شەش کورد ئەندامی لیژنەکەن و لەو ژمارەیەش دوو نوێنەری پارێزگای سلێمانی ئەندامن کە بریتین لە (د. یوسف محەمەد/ جێگری سەرۆکی لیژنە) و (د. جوان ئیحسان/ ئەندامی لیژنە)

**پێنجەم/** تائێستا هەریەکە لە (نوری مالکی، حەیدەر عەبادی، ئەسعەد عیدانی، راکان سەعید) سویندی یاساییان نەخواردووە، ئەمەش واتا تائێستا ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران (325) ئەندامە.

## دانیشتنەکانی ئەنجومەن

**یەکەم/** ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنی نۆیەمیدا لە (2019/4/23)دا ژمارەی دانیشتنەکانی لە مانگێکدا دیاریکردووە کە دەبێت لە هەر مانگێکدا (8) دانیشتن ئەنجامبدات، هەروەها ماددەی (22) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنیشدا هاتووە: (دانیشتنەکانی ئەنجومەن لانیکەم پێویستە لە هەفتەیەکدا دوو رۆژ ئەنجامبدرێن) بەڵام لە هیچ مانگێکدا دانیشتنەکان وەک پێویست ئەنجامنەدراون.

**دووەم/** سەبارەت بە بڕگەکانی بەرنامەی کاری دانیشتنەکان و بەگوێرەی ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران رایگەیاندووە، کۆی بڕگەی

دانیشتنەکان (14) بڕگەبوون و لەوانەش گفتوگۆ لە سەر (9) بڕگەیان کراوەو (5) بڕگەشیان دواخراون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەنجومەن نەیتوانیوە ئەو بەنامەی کارەی دایناوە جێبەێیبکات.

**سێیەم/** زۆرجار دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لە کاتی دیاریکراوی خۆیاندا دەستپێناکەن.

**چوارەم/** لە هیچ دانیشتنێکی ئەنجومەنی نوێنەراندا هەموو ئەندامانی ئەنجومەن ئامادە نەبوون.

**پێنجەم/** سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران ناوی ئامادەنەبووان راناگەیەنێت، ئەمەش پێچەوانەی مادەی (18)ی پەیڕەوی ناوخۆیە.

## ليژنە هەميشەييەكان.

**یەکەم/** ئەگەر چی مادەی (74) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەراندا هاتووە: (پێویستە هەموو لیژنەیەک لە ماوەی سێ رۆژی یەک لەدوای یەکدا پێکبهێنرێت و سەرۆک و جێگرو بڕیاردەری لیژنە دەبێت دیاریبکرێن) بەڵام تاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە پێنج لە لیژنەکان نە سەرۆک و نە جێگرو نە بڕیاردەریان نییە.

**دووەم/** لە کۆی (18) نوێنەری پارێزگای سلێمانیدا، تەنها (حەسەن ئاڵی ئەحمەد) سەرۆک لیژنەیە، ئەویش لیژنەی (هەرێمەکانو پارێزگا رێکنەخراوەکان لە هەرێمێکدا).

**سێیەم/** تائێستا لە کۆی (329) ئەندام، (12) ئەندامیان لە هیچ لیژنەیەکدا دانەنراون.

## دەربارەی یاسای نوێی هەڵبژاردنەکانی عێراق

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوای چەند مانگێك مشتومڕ، یاسایەکی نوێی بۆ هەڵبژاردن پەسەندکرد، یاساکە شێوازی هەڵبژاردنی لە فرەبازنەیی لەسەر بنەمای پارێزگاکانەوە گۆڕی بۆ فرەبازنەیی لەچوارچێوەی پارێزگاکاندا، بە پێی ئەم یاسایە (320) کورسییەکەی ئەنجومەنی نوێنەران دابەشکراوە بەسەر (83) بازنەدا، بەڵام لە یاساکەی پێشوودا هەموو عێراق بەسەر (18) بازنەی هەڵبژاردندا دابەشکرابوو، لە هەر بازنەیەك ژنێك سەردەکەوێت، واتا یاسا نوێیەکە جارێکی تر پارێزگاری لە "کۆتا"ی ژنان لە پەرلەمان کردووە کە رێژەکەی (25%)ە .

لە (2020/11/5)دا سەرۆک کۆمار واژۆی یاساکەی کرد و لە رۆژنامەی (وەقائعی عێراقی) ژمارە (4603) بڵاوکرایەوە.

بەمەبەستی ئاگاداربوونی هاووڵاتیان لە بڕگەو مادەکانی ئەم یاسایە، بە پێویستمانزانی (وێڕای بڵاو کردنەوەی دەقی یاساکە بەزمانی کوردی) (**بڕوانە پاشکۆی ژمارە** (1)) هاوکاتیش هەندێک زانیاری ناو یاساکە بخەینە بەردەست هاووڵاتیان، لەوانەش (دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن، ژمارەی دانیشتوان و کۆتای ژنان و کۆتای پێکهاتەکان) هەروەها (ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن بۆ پارێزگای سلێمانی، ژمارەی دانیشتوانی هەر بازنەیەک، بۆ هەر کورسیەک چەند

دەنگ پێوستە؟)، شایانی باسە ئەم یاسایە ململانێیەکی زۆری لەسەر دروستبوو لەلایەن لایەنە سیاسیەکانەوە تا گیشتنە بڕیاری کۆتایی لە سەری.

## چەند زانیارییەک لە سەر یاساکە

**یەکەم/** عێراق کە پێشتر بەسەر (18) بازنەی هەڵبژاردندا دابەشکرابوو، لەم یاسا نوێیەدا، هەموو عێراق بەسەر (83) بازنەی هەڵبژاردندا دابەشکراوە.

**دووەم/** تەمەنی خۆکاندیدکردن (28) ساڵە.

**سێیەم/** دەنگەکان ناگوازرێنەوە بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی هەمان لیست، بەڵکو هەر کاندیدێك خۆی توانی براوەی یەکەم بێت ئەو دەیباتەوە.

**چوارەم/** کاریگەری ساختەکاری لەم هەڵبژاردنە کەمتر دەبێت چونکە بازنەکان یەکلاکەرەوەی دەنگەکان دەبن، واتە لە چوارچێوەی بازنەکان براوەی هەڵبژاردن دیاریدەکرێت بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی کۆکردنەوەی دەنگی بازنەکانی دیکە بکرێت.

**پێنجەم/** ئەم یاسایە کاریگەری لەسەر پارتە بچوکەکان دەبێت چونکە دەنگی هەر بازنەیەك لەچوارچێوەی خۆی دەرناچێت، واتە کۆ ناکرێنەوە.

**شەشەم/** ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگای سلێمانی(5)بازنەیە.

**حەوتەم/** پێنج کورسی بۆ "کۆتا"ی ژنانی پارێزگای سلێمانی دەبێت.

**خشتەی ژمارە (6)**

**ژمارەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

| ز | بابەت | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|
| 1 | ژمارەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. | 320 |
| 2 | کۆتای پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان | 9 |
| 3 | کۆتای ژنان | 83 |

**خشتەی ژمارە (7)**

**دابەشکردنی ژمارەی کورسی و بازنەی هەڵبژاردن، کورسی کۆتای ژنان، کورسی پێکهاتەکان**

| ز | پارێزگا | ژ. کورسی | ژ. بازنەی هەڵبژاردن | کۆتای ژنان | کۆتای پێکهاتەکان | کورسی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .1 | بەغداد | 69 | 17 | 17 | 2 | 52 |
| .2 | موسڵ | 31 | 8 | 8 | 3 | 23 |
| .3 | بەسرە | 25 | 6 | 6 | 0 | 19 |
| .4 | زیقار | 19 | 5 | 5 | 0 | 14 |
| .5 | سلێمانی | 18 | 5 | 5 | 0 | 13 |
| .6 | بابل | 17 | 4 | 4 | 0 | 13 |
| .7 | هەولێر | 15 | 4 | 4 | 1 | 11 |
| .8 | ئەنبار | 15 | 4 | 0 | 4 | 11 |
| .9 | دیالە | 14 | 4 | 0 | 4 | 10 |
| .10 | سەلاحەدین | 12 | 3 | 0 | 3 | 9 |
| .11 | نەجەف | 12 | 3 | 0 | 3 | 9 |
| .12 | کەرکوک | 12 | 3 | 1 | 3 | 9 |
| .13 | دهۆک | 11 | 1 | 3 | 3 | 9 |
| .14 | کەربەلا | 11 | 3 | 0 | 3 | 8 |
| .15 | واسط | 11 | 3 | 1 | 3 | 8 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .16 | ديوانيه | 11 | 3 | 0 | | 8 |
| .17 | ميسان | 10 | 3 | 0 | 3 | 7 |
| .18 | موسەنا | 7 | 2 | 0 | 2 | 5 |
| کۆی گشتی | | 320 | 83 | 9 | 83 | 237 |

**دابەشکاری بازنەکانی هەڵبژاردن بۆ پارێزگای سلیمانی**

**یەکەم/** (18) کورسیەکەی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەم شێوەیە دابەشکراوە:

**خشتەی ژمارە (8)**

| ز | بازنە | بازنەی هەڵبژاردن | کورسی ژنان | کورسی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| .1 | باکوری سلێمانی + شارباژێر + ماوەت | 1 | 1 | 4 |
| .2 | باشوری سلێمانی(راپەرین، بازیان، بەکرەجۆ) + قەرەداغ | 1 | 1 | 3 |
| .3 | هەڵەبجە + پێنجوێن +سەیدسادق + شارەزوور | 1 | 1 | 3 |
| .4 | قەڵادزی + رانیە + دوکان | 1 | 1 | 4 |
| .5 | کەلار + کفری + چەمچەماڵ + دەربەندیخان + بەشێک لە چەمچەماڵ | 1 | 1 | 4 |
| کۆی گشتی | | 5 | 5 | 18 |

**دووەم/ دابەشکردنی بازنەکانی پارێزگای سلیمانی بە پێی ناوچەو ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی دەنگدەران:**

**خشتەی ژمارە (8)**

| ز | بازنە | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی دەنگدەر |
|---|---|---|---|
| 1 | باکوری سلێمانی + شارباژێر+ ماوەت | 460.231 | 310.775 |
| 2 | باشوری سلێمانی(راپەڕین، بازیان، بەکرەجۆ) +قەرەداغ | 441.030 | 297.810 |
| 3 | هەڵەبجە+پێنجوێن+سەیدسادق + شارەزوور. | 321.410 | 201.772 |
| 4 | پشدەر + رانیە + دوکان | 450.706 | 257.847 |
| 5 | کەلار+کفری+چەمچەماڵ+ دەربەندیخان | 502.777 | 237.007 |
| کۆی گشتی | | 2.176.154 | 11.305.21 |

# بەشی سێیەم/

## خوێندنەوەیەکی هەڵسەنگاندنانە
## بۆ ساڵی دووەمی
## نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی
## لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

# خوێندنەوەیەکی هەڵسەنگاندنانە بۆ ساڵی دووەمی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەن نوێنەرانی عێراق

## پێوەرەکانی هەڵسەنگدان:

بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی دروستو بێلایەنانە بکەین لەم بابەتەدا، بێگومان دەبێت چەند پێوەرێك دیاریبکرێت.

ئەو پێوەرانەش کە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) گرتوونیەتەبەر بۆ هەڵسەنگاندنی نوێنەرانی سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بریتین لە:

**یەکەم/** بەرنامەی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسییەکان کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بۆ دەنگدەرانیان خستووەتەڕوو.

**دووەم/** رادەی ئامادەبوونی نوێنەران لە نووسینگەکانی (سلێمانی)و (هەڵەبجە)ی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)دا، چونکە ئامانج لە کردنەوەی ئەو نوسینگانە کاراکردنی رۆڵی چاودێریو نوێنەرایەتیانەو نزکبوونەوەی نێوان هاووڵاتیانو نوێنەرانە.

**سێیەم/** بڕگەی (شەشەم) لە یاسای (ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکەی) ژمارە (13)ی ساڵی (2018)، کە دەڵێت: (پەیوەندیکردن لە گەڵ هاووڵاتیانی ناو بازنەی هەڵبژاردنەکەی و گەیاندنی پێداویستیەکانیان بە ئەنجومەن).

**چوارەم/** ئەرکەکانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) کە لە ماددەی (61)ی دەستوری عێراقدا دیاریکراون.

## چەند تێبینیەک:

1. بەپێویستی دەزانین پێش ئاماژەدان بە هەڵسەنگاندنی ساڵی دووەمی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەرکو دەسەڵاتەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و رۆڵ و گرنگی نووسینگەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگاکاندا بخەینەڕوو، تا بتوانین لەو رووەوە بەشێك لە هەڵسەنگاندنەکە ئەنجامبدەین.
2. بێگومان ئێستا زووە بۆ هەڵسەنگاندنی گشتی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەران) چونکە هێشتا لەماوەی چوار ساڵی ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەراندا نیوەی خولەکەیان بەرێکردووە، ئەو بەرنامەیەی ئەوانیش لە کاتی بانگەشەدا بڵاویانکردۆتەوە بڕیارە لە ماوەی چوار ساڵدا جێبەجێی بکەن.
3. بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆڤید 19) لە مانگی (شوباتی 2020)دا لە عێراق و هەرێمی کوردستان و راگەیاندنی کەرەنتینەو قەدەغەی هاتووچۆ کاریگەرییان هەبوو لەسەر کارو چالاکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.

**یەکەم:** ئەرکەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

ماددەی (61) لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا بەم شێوەیە ئەرکەکانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)ی دیاریکردووە: کە بریتین لە حەوت ئەرک و لە میانی هەرخولێکدا دەبێت ئەنجومەن بەو کارانە هەستێت، سەربەخۆ یان بە هاوبەش لەگەڵ لایەنی دیکە ئەرکەکانیش بریتین لە: (یاسادانان، چاودێریکردنی حکومەتو دەزگاسەربەخۆکان، پەسەندکردنی بودجەو چاودێریکردنی، رەزامەندی دەربڕین لەسەر راگەیاندنی جەنگو باری نائاسایی، پەسەندکردنی رێکەوتنامەو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان، هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارو دوو جێگرەکەی، بەخشینی متمانە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزیرەکان، پەسەندکردنی دامەزراندنی کارمەندانی باڵای وڵاتو خاوەن پلە تایبەتەکان).

ئەوەی جێگەی تێبینیە، ئەم بڕگەیە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا زۆر بەکەمی یان هەر باسی لێوەناکرێت، بەڵام دوای دەرچوونی کاندیدەکان ئەم بڕگەیە زیاتر قسەی لەسەر دەکرێت.

**دووەم:** نووسینگەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگاکاندا

(ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا نووسینگەی تایبەتی کردۆتەوە ، بەمەبەستی چالاك کردنی رۆڵی نوێنەرایەتی و چاودێری و نزیککردنەوەی هاووڵاتیان و ئەنجومەنی نوێنەران تا گەرەنتی دەربڕین و رای ئازاد بکات، بۆ فراوانترکردنی

بەشداری هاووڵاتی و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری دەنگدەر بە شێوەیەك متمانە زیاتر دروستبکات لەنێوان دەنگدەر ونوێنەردا.

**ئامانج لە کردنەوەی ئەم نوسینگانە:**

1. چالاکردنی رۆڵی نوێنەرو چاودێر بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.
2. نزیکردنەوەی گەل و پەرلەمان.
3. دروستکردن و پتەوکردنی متمانەی نێوان دەنگدەرو نوێنەر.

**سێیەم:** پوختەیەک لە بەرنامەی هەڵبژاردنی قەوارەو پارتە سیاسەکان بۆ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ بەنامەی لیستەکان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، چەندین بەڵێنی سەیرو جۆراوجۆر نووسراون لە بەرنامەی لیستەکاندا، هاووڵاتی لەکاتی خوێندنەوەی ئەو بەرنامەو بەڵێنانەدا واگومان دەبات، پاش هەڵبژاردن ژیانێکی شایستەو خزمەتگوزاریەکی زۆر تر دێنە ئاراوە، بەڵام بەداخەوە، لە ئێستادا نیوەی ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەران تەواو بووە، نەک هەر بەڵێنەکان نە هاتوونەتە دی، بەڵکو کێشەوگرفتەکان زیاتریش بوون، ئەمەش ئەندامانی هەڵبژێردراو دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتەوە، ئەوەی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بە وردی تیشکی ناخرێتە سەر، ئەک و دەسەڵاتی ئەندامی ئەجومەنی نوێنەرانە.

لەم راپۆرتەشدا بەگرنگی دەزانین دووبارە پوختەی بەرنامەی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسیەکان وەبیر دەنگدەران و نوێنەرانی هەڵبژێرداو بهێنینەوە:

<u>بەرنامەی هەڵبژاردن:</u> پلانی کاری قەوارە یان پارتێك یان کاندیدێکی هەڵبژاردنە بۆ ڕوونکردنەوەو دەرخستنی ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدات دوای دەرچوونی لەهەڵبژاردنەکە و چونە پەرلەمان یان دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت).

بەشێوەیەکی گشتی پوختەی بەرنامەی هەڵبژاردنی قەوارەو پارتە سیاسەکان بۆ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) بریتیبووە لە:

***یەکەم/*** چاکسازیکردن لە: سێکتەرەکانی:

(کارگێڕی، ئابوری، تەندروستی و ژینگە، پەروەردە، خوێندنی باڵا، وەرزش، کۆمەڵایەتی... هتد).

***دووەم/*** ڕەخساندنی هەلی کار و گرنیگدان بە گەنجان، ژنان،شەهیدان و ئەنفالکراوان.

***سێیەم/*** چاکسازی لە دامەزراوەی فیدراڵی و لامەرکەزیەت

***چوارەم/*** چارەسەرکردنی دۆزی سامانی نیشتمانی

***پێنجەم/*** بەگژداچونەوەی گەندەڵی

***شەشەم/*** جێبەجێکردنی مادەی (140)ی دەستور.

***حەوتەم/*** دامەزراندنی ئەنجومەنی ئیتحادی.

## هەڵسەنگاندنێک بۆ ساڵی دووەمی
## نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەن نوێنەرانی عێراق

لێرەدا بەچەند خاڵێك هەڵسەنگاندن و سەرنج و تێبینییەکان بۆ ساڵی دووەمی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەن نوێنەرانی عێراق/ خولی چوارەم) دەخەینەڕوو، بەو ئومێدەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بتوانن لەماوەی ساڵانی داهاتووی تەمەنی ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەراندا سەرنج و تێبینییەکان بەهەند وەربگرن:

**یەکەم/** ئامادەبوون لە نووسینگەکانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە (سلێمانیو هەڵەبجە):

نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی ئەمساڵیش لە نووسینگەکانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە (سلێمانیو هەڵەبجە) وەك پێویست ئامادەنەبوون، لەکاتێکدا ئامانجی ئەم نوسینگانە بریتییە لە (چالاککردنی ڕۆڵی نوێنەرو چاودێری بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، نزیککردنەوەی هاووڵاتیان و ئەنجومەنی نوێنەران، دروستکردن و پتەوکردنی متمانەی نێوان دەنگدەر و نوێنەر)، بۆیە کاتێك سەیری خشتەی ئامادەبوونی نوێنەران بۆ ئەو نوسینگانە دەکەین، دەردەکەوێت ئامادەبوونیان لەو نووسینگانەدا وەك پێویست نییە، هەرچەندە ئەم ساڵ وادیارە ڤایرۆسی (کۆڤید 19) زیاتر ڕێگربوو لەبەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەراندا.

**دووەم/** لە ماوەی ئەمساڵدا بەشێك لە هەوڵەکان بۆ ئەم بوارانەی خوارەوە بووە، بەڵام (**تاکاتی ئامادەکرنی ئەم ڕاپۆرتە**) هیچکام لە

هەوڵەکـــان بەرهەمـــدارنەبوون و هەنگـــاوی دووبـــارەش لە پێنـــاو جەختکردنەوەو چارەسەرکردن نەنراون:

1. هەوڵی بە پارێزگابوونی (هەڵەبجە) سەرکەوتوو نەبوو.

2. چارەسەرکردنی کێشەی دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمەو دابەشـــنەکردنی لەکـــاتی خۆیـــدا، جـــگە لەوەی نەتـــوانرا چارەســـەری دواکەوتنی مووچە بکرێت بەڵکو لێبڕینی مووچەش زیادیکرد.

3. بە پـرۆژە داواکـرا کە مـووچەی فەرمـانبەرانی هەرێـم بخـرێتە سـەر بەغداد، بەڵام ئەم هەوڵەش ئەنجامی نەبوو.

**ســـێیەم/** نـوێنەرانی پارێزگــای ســلێمانی نــاتوانن وەک یەک تـیم لەخزمەتـی پارێزگــاکەدابن، بـۆ نمـوونە لەچارەســەرکردنی گرفتـی دواکەوتنـی مـووچەی فەرمـانگە فیـدراڵیەکان نوێنەران بەجیا کاریان لەسەر پرسەکە کرد، زۆر گرنـگ بـوو هەمـووان بەیەک تیم لەبەغداد داکۆکیان لەم پرسە بکردایە.

**چـوارەم/** بەشـێوەیەکی گشـتی زۆرجـار نـوێنەرانی پارێزگـای سـلێمانی کاتێـــــک بەدواداچـــــوون بـــــۆ پرســـــێک دەکەن، راســـــتەوخۆ لە راگەیانـــدنەکان و سۆشـــیاڵ میـــدیادا بڵاویـــدەکەنەوە، بەبـــێ ئەوەی ئەنجامیان دەستکەوێت بۆنموونە:

لە ســاڵی رابردووشــدا، نــوێنەرانی پارێزگــای ســلێمانی هەوڵیانــدابۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، بەڵام (**تاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە**) هیچکام لەو هەوڵانە ئەنجامیان نەبووە:

1. دابینکـردنو دابەشـکردنی نەوتـی سـپی بۆ هاووڵاتیـان، لەکاتێکـدا ئەو نەوتە حکومەتی ناوەندی دابینیدەکات.

2. دابینکردنی بڕە پارەیەك بۆ هەریەكە لە (پارێزگای هەڵەبجە)و قەزاكانی (سەید صادق، ڕانیە، قەڵادزێ).
3. هاوتاكردنی نرخی سوتەمەنی پارێزگاكانی هەرێم وەك هەمان نرخی سوتەمەنی عێراق، یان كردنەوەی بەنزینخانەی حكومی لە پارێزگاكانی هەرێم.
4. چارەسەركردنی دواكەوتنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم.
5. پرسی ناردنی پارەی گەنمی جوتیاران.

**سێیەم /** بەهەمان شێوەی ساڵی ڕابردوو پێگەی فەرمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) گرنگی بە چالاكییەكانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەران نادات، لە كۆی (793) چالاكی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق كە لەسەر پێگەی فەرمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)دا بڵاوكراونەتەوە، تەنها (21)چالاكی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و (1) چالاكی (نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەران)ی بڵاوكردۆتەوە، لەكاتێكدا نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی چەندین سەردان و بەدواداچوونیان لە (بەغدادو هەولێرو سلێمانی و هەڵەبجە) كردووە، بەهەمان شێوەش نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەران چەند چالاكییەكی گرنگی ئەنجامداوە.

**چوارەم/** چەند نوێنەرێكی پارێزگای سلێمانی لە دانیشتنەكانی ئەنجومەنی نوێنەراندا ئامادەیی زۆر باشیان هەبووەو مودا‌خەلەی گرنگیان كردووە، لە هەمانكاتدا نوێنەری تریش هەبووە بەدرێژایی ساڵەكە هیچ گفتوگۆیەكی لەسەر تەوەری دانیشتنەكان نەكردووە.

**پێنجەم/** نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەکانی لیژنە هەمیشەییەکاندا، ئامادەیی باشیان هەبووەو بەشداریان هەبووە بە گفتوگۆو رەخنەو پێشنیار.

**شەشەم/** چەند نوێنەرێکی پارێزگای سلێمانی، لە کاتی کەرەنتینەو قەدەغەی هاتووچۆدا مووچەکانی خۆیان بەخشیە هاوولاتیانی کەمدەرامەت.

**حەوتەم/** بەهەوڵی چەند نوێنەرێکی پارێزگای سلێمانی، توانرا مووچەی (5) مانگی فەرمانگە فیدراڵیەکانی هەرێم بنێردرێت، کە حکومەتی عێراقی رایگرتبوو.

## کۆسپ و رێگرییەکانی بەردەم نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی

نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)دا چەند کۆسپ و رێگریەکیان هاتۆتە بەردەم لەوانەش:

1. پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی فیدراڵی پەیوەندییەکی ئاسایی و لە ئاستی پێویستدا نەبووەو ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر کارەکانی نوێنەران لە بەغداد.
2. ناکۆکی بەشێک لە لایەنە سیاسیەکان بۆ نوێنەران، کاریگەری هەبووە لەسەر لاوازکردنی رۆڵی نوێنەران لە بەغداد.
3. نەبوونی پەیوەندییەکی پتەو و هەماهەنگی لەسەر ئاستی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا.
4. زاڵبوونی هەژموونی حیزب بەسەر بەشێک لە نوێنەرەکاندا، بەتایبەت لە هەندێک پرسدا.

## پوختەی پرۆژەی تایبەت بە (گواستنەوەی مووچە لە هەرێمەوە بۆ بەغداد)

ئەم پرۆژەیە (د. ڕێبوار کەریم مەحمود) نوێنەری پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئامادەیکردووەو لە (2020/6/15) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا پوختەی پرۆژەکەی بڵاوکردەوەو دواتریش ئاراستەی هەریەک لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی کرد... ئەمەی خوارەوەش پوختەی پرۆژەکەیە:

**هەنگاوی یەکەم:** حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆماری لیستی بایۆمەتری سەرجەم موچەخۆرانی تێدایە کە ژمارەیان (ملیۆنێك و256 هەزارو 850)کەسە ڕادەستی بەغدا بکات.

**هەنگاوی دووەم:** بەرامبەر ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا بە ڕادەستکردنی بەشێك نەوت و داهاتی ناوخۆ بەغدا پابەند بکرێت بە پێدانی موچەی فەرمانبەران کە ژمارەیان (753 هەزار و 880) موچەخۆرە، حکومەتی هەرێمیش خۆی موچەی خانەنشینان، چاودێری کۆمەڵایەتی، شەهیدان و زیندانیانی سیاسی دابەشبکات کە ژمارەیان لە کوردستان (502 هەزارو 970) کەسە.

**هەنگاوی سێیەم:** بەغدا هەژماری بانکی بۆ هەمو موچەخۆران بکاتەوە، لەڕێی کردنەوەی لقی بانکە حکومییەکانی لە هەرێمی کوردستان، بانکی ڕافیدەین ڕەزامەندن.

**هەنگاوی چوارەم:** پێویست دەکات بەغدا موچەی (753 هەزار و 880) فەرمانبەر بخاتە سەر هەژمارەکانیان. هەرێمیش موچەی (502 هەزارو 970) خانەنشینان، چاودێری کۆمەڵایەتی، شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، بخاتەسەر ئەو ئەژمارانەی لە بەغداوە بۆیان کراوەتەوە.

**هەنگاوی پێنجەم:** هەر فەرمانبەرێك لە ماوەی (60) رۆژدا سەردانی بانكنەكات بۆ موچەكەی بە پەنجەمۆری خۆی، ئەوا گومان دەخرێتە سەر هەژمارەكەی و رەشدەكرێتەوە.

**هەنگاوی شەشەم:** لە ماوەی (90)رۆژدا دیوانی چاودێری دارایی عێراق هەڵدەستێت بە برینی موچەی ئەو كەسانەی هەژمارەكانیان بندیوارن و نەهاتون بۆ موچەكانیان.

**هەنگاوی حەوتەم:** لە پرۆژیاسای ساڵی (2021)دا حكومەتی عێراق پابەند دەكرێت بە راستەوخۆ دابەشكردنی موچەی هەموو ئەو موچەخۆارانەی لەلیستی پاككراوەدا هەن لەبەرامبەر رێكەوتنێكی گشتگیر لەنێوان هەرێم و بەغدا.

دوابەدوای بڵاوكردنەوەی پرۆژەكەش، (**رێكخراوی كوردستان بۆ هەمووان**)، پرۆژەكەی خستە بەردەم چەند مامۆستایەكی زانكۆو پسپۆڕانی بواری یاسا، ئەوانیش راو سەرنج وتێبینی خۆیان لە سەر پرۆژەكە خستەروو، پرۆژەكە نەیتوانی كۆی یان زۆرینەی مووچەخۆرانی هەرێم بەلایخۆیدا رابكێشێت، هەرزوو پرۆژەكە دۆست و نەیاری بۆ پەیدابوون.

تاكاتی ئامادەكردنی ئەم راپۆرتەش هیچكام لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق وەڵامی پرۆژەكەیان نەداوەتەوە.

هیچ نوێنەرێكی پارێزگای سلێمانیش بەفەرمی پشتگیری خۆی بۆ ئەم پرۆژەیە دەرنەبڕیوە.

# پێشنیار

بە مەبەستی باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانی (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) ئەم تەوەرو بابەتانە بە گرنگ دەزانین لە ساڵی داهاتوودا کاری زیاتریان لەسەربکرێت:

**یەکەم/** راستە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر ئاستی هەموو عێراق کاردەکەن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بە نوێنەرایەتی پارێزگاکانیان لە ئەنجومەنەکەن، بۆیە پێویستە ئەولەویەتی کاریان خزمەتکردنی پارێزگاکەیان بێت، لەبەرئەوە گرنگە زۆرترینی هەوڵەکانیان گفتوگۆو بەدواداچوون بێت بۆ کێشەکانی پارێزگاکەیان.

**دووەم/** گرنگە هاوکاری و هەماهەنگیەکی بەردەوام هەبێت لە نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)و ئەندامانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)و نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (پەرلەمانی کوردستان).

**سێیەم/** گرنگیدان بە ئامادەبوون لە (نووسینگەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە (سلێمانی)و (هەڵەبجە).

**چوارەم/** بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکانی تایبەت بە (پارێزگای سلێمانی) هەر (18) نوێنەرەکەی سلێمانی وەک یەک تیم کاربکەن.

**پێنجەم/** بەتەنها وروژاندنی هەندێک بابەت بۆ هاووڵاتیان گرنگ نییە، بەڵکو بڕیاردان لەسەر بابەتەکەو چارەسەرکردنی گرنگە.

**شەشەم/** بەشێوەیەکی بەردەوام بەدواداچوون بکرێت بۆ ئەو کێشانەی کە پەیوەستن بە حکومەتی فیدراڵییەوە.

**حەوتەم/** سەردانیکردنی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان بێت، نەک تەنها بۆ گفتوگۆکردنیان بێت.

**هەشتەم/** ئاڕاستەکردنی تەنها نووسراوێک بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەس نییە، بەڵکو گرنگ بەدواداچوونی بەردەوامە تا چارەسەرکردنی کێشەکە.

# بەشی چوارەم/

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە (1)

## یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە(9)ی ساڵی 2020

بنیات لەسەر ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاری لەسەر داوەو سەرۆك کۆمار پەسەندی کردووە و پشتبەست بە ئەحکامەکانی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (61) و بڕگەی سێیەم لە ماددەی (73) لە دەستور، لە بەرواری (2020/11/5) ئەم یاسایەی دەرکرد:

### بەندی یەکەم

ناساندنەکان وئامانج و بەکارهێنان (سریان)

**ماددەی1**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە لە یاساکەدا، واتای بەرامبەرەکانیانە:

**ئەنجومەن:** ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

**کۆمیسیۆن :** کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق

**دەنگدەر:** ئەو عێراقییەی کە مەرجە یاسایی و شایستەییەکانی تێدایە بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا.

**دەنگدەری ئاوارە (نازح):** ئەو عێراقییەی بە زۆر لە شوێنی نیشتەجێبونی دوور خراوەتەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لە ناوخۆی عێراق لەدوای (2003/4/9)، بە هەر هۆکارێك بێت، پێویستە یۆمارکرابێت لە وەزارەتی (کۆچ و کۆچبەران).

**دەنگدەری کۆچپێکراو (مهجر):** ئەو عێراقییەی بە زۆر لە شوێنی

نیشتەجێبوونی هەمیشەیی خۆی کپچیکردووە بۆ دەرەوەی عێراق.

**تۆماری بەرایی دەنگدەران**: ئەو تۆمارەیە، کە ناوی ئەو دەنگدەرانە و زانیارییەکانیان لەخۆ دەگرێت، کە کۆمیسیۆن ئامادەیاندەکات و بڵاویدەکاتەوە و دەکرێت تانەی لێبدرێت.

**تۆماری کۆتایی دەنگدەران**: لیستی ناوی ئەو دەنگدەرانە و زانیارییەکانیانە، کە قابیلی تانەلێدان نیە بەهیچ جۆرێك و لەدوای کۆتاییهاتنی ماوەی تانەلێدان بڵاودەکرێتەوە.

**بەربژێر (پاڵێوراو)**: ئەو عێراقیەیە، کە بەفەرمی خۆپاڵاوتنەکەی لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە پەسەندکراوە.

**پارتی سیاسی**: ئەو پارتەیە کە تۆمارکراوە و پەسەندکراوە لەلایەن کۆمیسیۆنەوە بەگوێرەی یاسای پارت و رێکخراوە سیاسییەکان ژمارە 36ی ساڵی 2015.

**لیستی تاکەکەسی**: ئەو لیستەیە، کە تەنها یەك کەس دەتوانێت تێیدا خۆی بپاڵێوێت بۆ هەڵبژاردنەکان، بەمەرجێك لەلایەن کۆمیسیۆنەوە تۆمارکرابێت.

**لیستی کراوە**: ئەو لیستەیە کەناوی پاڵێوراوەکانی تێدا ئاشکراکراوە.

**بازنەی هەڵبژاردن**: دەستنیشانکردنی ژمارەیەك کورسی بۆ هەر ناوچەیەك و بەگوێرەی یاسا.

**ناوەندی هەڵبژاردن**: ئەو شوێنەیە کە کۆمیسیۆن دیاریدەکات لەناو بازنەکانی هەڵبژاردندا، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی دەنگدان.

<u>وێستگەی دەنگدان</u>: ئەو شوێنەیە کە کۆمیسیۆن دیاریدەکات لەناو ناوەندی هەڵبژاردندا، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی دەنگدان، بە گوێرەی

ژمارەی دەنگدەران کۆمیسیۆن ژمارەیان دیاریدەکات.

**هێزە چەکدارەکان و دەزگا ئەمنیەکان:** سوپای عێراق و پێکهاتەکەی و ئەو سەربازانەی لە وەزارەتی بەرگریدا کاردەکەن، هەر پێکهاتەو فەرمانگەیەکی سەر بە وەزارەت و دەزگای دژە تیرۆر و دەستەی حەشدی شەعبی و پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆی فیدراڵی و وەزارەتی ناوخۆی هەرێم و کارمەندانی دەزگا ئەمنیەکان و هەر فەرمانگەو پێکهاتەیەکی دیکە، لەگەڵ دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراقی وراوێژکارانی ئاسایشی نیشتمانی و دەزگای ئاسایشی نیشتمانی.

**تۆماری بایۆمەتری:** تۆماری داتاکانی دەنگدەران و کۆکردنەوەیان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی، لەرێی بەکارهێنانی فۆرمی تۆماری بایۆمەتری و زیادکردنی داتای نوێ، بە مەبەستی دروستکردنی داتا بەیسێکی وردو تازە بۆ تۆماری دەنگدەران.

## ماددەی 2

ئامانج لەم یاسایە بریتییە لە:

یەکەم/ بەشداریی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

دووەم/ یەکسانی لە بەشداربوونی هەڵبژاردندا.

سێیەم/ دەستەبەرکردنی مافی دەنگدەر وبەربژێر لە بەشداریی هەڵبژاردندا.

چوارەم/ دەستەبەرکردنی دادگەری لە هەڵبژاردن و ئازادی و بێگەردیەکەی.

پێنجەم/ دابینکردنی پاراستنی یاسایی بۆ قۆناغەکان و

ڕێوشوێنەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان.

**ماددەی 3**

بە پێی ئەم یاسایە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ئەنجامدەدرێت.

## بەندی دووەم

مافی هەڵبژاردن

**ماددەی 4:**

یەکەم/ هەڵبژاردن مافی هەموو عێراقیەکە، کە ئەو مەرجانەی تێدایە لەم یاسایەدا هاتووە بێ جیاکاریکردن بەهۆی نەتەوە و نەژاد و ڕەگەز و ڕەنگ و ئایین، یاخود بیروباوەڕ و باری دارایی و کۆمەڵایەتی.

دووەم/ هەموو دەنگدەرێك مافی خۆی پیادە دەکات بە شێوەیەکی ئازادانە و ڕاستەوخۆ و بەنهێنی و تاکەکەسی، ناکرێت هیچ کەسێك بەنوێنەرایەتیی کەسی دیکە دەنگبدات.

**ماددەی 5**

مەرجەکانی دەنگدەر:

یەکەم/ ڕەگەزنامەی عێراقی بیت.

دووەم/ شیاویی و ئەهلیەتی تەواوی هەبێت.

سێیەم/ تەمەنی 18 ساڵی تەواوکردبێت لەو ساڵەی کە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدەدرێت.

چوارەم/ ناوی لە تۆماری دەنگدەران تۆمار کرابێت بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئەو پەیڕەو و ڕێکارانەی کە کۆمیسیۆن دەریاندەکات و خاوەن کارتی ئەلیکترۆنی دەنگدان بێت، لەگەڵ هەڵگرتنی یەکێک لەم سێ بەڵگەنامە فەرمیانە (پێناسی باری شارستانی، کارتی نیشتمانی، ڕەگەزنامەی عێراقی).

**ماددەی 6**

لەیەك رۆژدا هەڵبژاردن لە سەرانسەری عێراقدا ئەنجامدەدرێت.

**ماددەی 7**

**یەکەم/** پێویستە هەڵبژاردنی خولی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی (45) رۆژ پێش تەواوبوونی خولی هەڵبژێردراوی پێشوو بێت.

**دووەم/** وادەی هەڵبژاردنەکان بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دیاریی دەکرێت و (90) رۆژ پێش پرۆسەکە لە هۆکارەکانی راگەیاندن بڵاودەکرێتەوە.

## بەندی سێیەم

### مافی خۆپاڵاوتن

**ماددەی 8**

پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەبێت ئەم مەرجانەی تێدابێت:

یەکەم: عێراقی بێت و شایستەیی تەواوی هەبێت و (28) ساڵی تەمەنی تەواو کردبێت لە رۆژی دەنگداندا.

دووەم: یاسای لێپرسینەوە و دادپەروەری نەیگرێتەوە، یاخود هەر یاسایەکی دیکەی هاوشێوە کە جێگەی بگرێتەوە.

سێیەم: بە تاوانێک یان کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت، یان بەرێگەی نارەوا لەسەر ماڵ و موڵکی گشتی دەوڵەمەند بووبێت و بەهۆیەوە بە حوکمێکی دادگایی بنبڕ سزادرابێت، تەنانەت ئەگەر بەر لێبوردنیش کەوتبێت.

چوارەم: بەلای کەمەوە بڕوانامەی ئامادەیی هەبێت، یاخود هەر بڕوانامەیەکی هاوتای ئەوی هەبێت.

پێنجەم: ئەبێت هاووڵاتی ئەو پارێزگایە بێت یان نیشتەجێی پارێزگاکە بێت

شەشەم: پێشکەشکردنی لیستێك کەمتر نەبێت بە ناوی (500) دەنگدەری دووبارە نەبوو، کە پشتگیری پاڵاوتنەکەی دەکەن، مەرجە ئەو ناوانە لە تۆماری دەنگدەرانی ئەو بازنەی هەڵبژاردنەدا تۆمارکرابن کە ئەو خۆی وەك لیستی تاکەکەسیدا دەپاڵێوێت، ئەوەش بەگوێرەی ڕێنمایی دەرکراو لەلایەن ئەنجومەنی کۆمیسیاران، جگەلە پاڵێوراوانی (کۆتا)ی پێکهاتەکان، کە لەماددەی (13)دا ئاماژەیان پێکراوە.

**ماددەی 9**

نابێت لەکاتی خۆکاندیدکردنیدا ئەندامی هێزە چەکدارەکان یان دەزگا ئەمنیەکان یان ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیارانی پێشوو یان ئێستا بێت، یاخود فەرمانبەری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بێت.

**ماددەی 10**

یەکەم/ کۆمیسیۆن لیستی ناوی پاڵێوراوان دەنێرێت بۆ وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، پەروەردە، ناوخۆ، هەروەها دەستەی باڵای نیشتمانی بۆ لێپرسینەوە و دادپەروەری، هەریەك بەپێی پسپۆریی خۆی، بۆ ئەوەی لەماوەی (15) ڕۆژ لە وەرگرتنی لیستەکە کاری لەسەر بکات.

دووەم/ دوای پەسەندکردنی پاڵێوراوان لەلایەن کۆمیسیۆنەوە، ناوەکانیان لانیکەم لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی و پێگەی ئەلیکترۆنی کۆمیسیۆن بڵاودەکرێنەوە.

### ماددەی 11

بڕی پارەی دڵنیایی بەشدارییکردنی هەر پاڵێوراوێکی هەر لیستێك بە بڕیاری ئەنجومەنی کۆمسیاران دیاریدەکرێت، پارەکە وەکو داهاتی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

### ماددەی 12

مەرجە هەر کیانێکی سیاسی یان هەر کاندیدێك بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی لەکاتی خۆپاڵاوتنیدا پێشکەشبکات.

## بەندی چوارەم

بازنەکانی هەڵبژاردن

### ماددەی 13

یەکەم/ ئەنجومەنی نوێنەران لە (329) کورسی پێکدێت، کە (320) کورسییان بەسەر پارێزگاکاندا دابەشدەکرێت بەپێی سنورە کارگێڕییەکەی، تا کاتی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان و بەپێی خشتەی هاوپێچکراو بە یاساکەوە، هەروەها (9) کورسییەکەی دیکە بەپێی پشکی کۆتاکان دابەشدەکرێت بەگوێرەی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە.

دووەم/ ئەم پێکهاتانە پشکی (کۆتا)یان لەسەر کورسییە تەرخانکراوەکان پێدەدرێت و نابێت ئەم کورسییانە کاربکاتە سەر ڕێژەیان لەکاتی بەشداربوونیان لە لیستە نیشتمانییەکانی دیکە، بەم شێوەیەی خوارەوە کورسیی کۆتاکان دابەشدەکرێن:

ا- پێکهاتەی مەسیحی 5 کورسی و دابەشدەکرێت بەسەر پارێزگاکانی (بەغدا، نەینەوا، کەرکوك، دهۆك و هەولێر).

ب- پێکهاتەی ئێزدی 1 کورسی، لە پارێزگای (نەینەوا).

ج- پێکهاتەی سابیئەی مەندائی 1 کورسی، لە پارێزگای (بەغدا).
د- پێکهاتەی شەبەك 1 کورسی، لە پارێزگای (نەینەوا).
ە- پێکهاتەی کوردی فەیلی 1 کورسی، لە پارێزگای (واسط).
سێیەم/ کورسی تایبەت بۆ کۆتای (مەسیحی و سائیبەی مەدائن)لە یەک بازنەی هەڵبژاردندا دەبن.

**ماددەی 14**

مەرجە لەکاتی پێشکەشکردنی لیستی کراوەدا ریزبەندیی ژنان لەبەرچاو بگیرێت، بەشێوەیەك ناوی پاڵێوراوێکی ژن دوای سێ پاڵێوراوی پیاو هاتبێت.

## بەندی پێنجەم

سیستمی هەڵبژاردن

**ماددەی 15**

یەکەم: هەر پارێزگایەک چەند بازنەیەکی هەڵبژاردنی دابەشدەکرێت.
دووەم: خۆپالاوتن لە ناو بازنەیەکی هەڵبژاردندا بە شێوازی تاکەکەسی دەبێت.
سێیەم: پاڵێوراوەکان لە ناو بازنەیەکی هەڵبژاردندا، بەگوێرەی ژمارەی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێناوە لە زۆرەوە بۆ کەم ریزبەندی دەکرێن، ئەو پاڵێوراوەی زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە، براوە دەبێت و کورسییەک دەبات بە گوێرەی سیستمی براوەی یەکەم، بەهەمان شێوە بۆ پاڵێوراوەکانی دیکە تاکورسییەکانی بازنە هەڵبژاردنەکە پڕدەبنەوە.
چوارەم: لە بارێکدا ئەگەر دوو پاڵێوراو بۆ بەدەستهێنانی کورسی

کۆتایی دەنگەکانیان یەکسان بوو، ئەوا پەنا دەبرێت بۆ ئەنجامدانی تیروپشک، بەئامادەبوونی هەردوو پاڵێوراوەکە.

پێنجەم: ئەگەر کورسی هەر ئەندامێکی نوێنەران چۆڵ بوو، ئەو پاڵێوراوە جێگەی دەگرێتەوە کە لەو بازنەی هەڵبژاردنەدا زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە.

شەشەم: بازنەکانی هەڵبژاردن بە گوێرەی ئەو خشتانە دەبێت کە دەنگیان لەسەردراوە.

## ماددەی16

یەکەم: رێژەی نوێنەرایەتی ژنان لە (25٪)ی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کەمتر نەبێت.

دووەم: رێژەی نوێنەرایەتی ژنان لە (25٪)ی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە هەر پارێزگایەک کەمتر نەبێت.

سێیەم: (کۆتا)ی ژنان لە هەر پارێزگایەکدا بە گوێرەی خشتەی هاوپێچ دەبێت.

چوارەم: ئەگەر ژمارەی کورسییەکانی (کۆتا)ی ژنان لە هەر پارێزگایەکدا پڕکرایەوە، ئیتر جێگۆڕکێی تێداناکرێت.

پێنجەم: ئەگەر (کۆتا)ی ژنان بە گوێرەی برگەی چوارەم بەدینەهات، ئەوا دابەشکردنی کورسییەکان بەم شێوەیە دەبێت.

ا. زیادکردنی کورسی (گریمانەیی) بۆ ژمارەی ژنە براوەکانی هەربازنەیەکی هەڵبژاردن.

ب. ئەنجامی برگەی (ا) دابەشدەکرێت بەسەر کۆی کورسییەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن، بۆ دیاریکردنی رێژەی سەدی ژنانی براوە لەبارە زیادکراوەکەیدا.

ج. کورسییەکی هەڵبژاردن بۆ ژماری ژنانی براوەی ئەو بازنەیە زیاد دەکرێت، کە ژنان کەمترین رێژەی سەدییان تیادا بەدەستهێناوە.
د. ئەگەر ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ ژنان لە ئەنجومەنی نوێنەران، بە گوێرەی برگەکانی (ا.ب.ج) پرنەکرانەوە، ئەوا سەرلە نوێ پرۆسەکە دەستپێدەکرێتەوە بەو ئەنجامە نوێیەی کە لە برگەی (ج)دا پێیگەیشتوین.
شەشەم: پرۆسەکە چەندبارە دەکرێتەوە، هەتا کۆی ژمارەی کورسییەکانی ژنان پردەبنەوەو دەگات بە ژمارەی کورسی تەرخانکراویان لە ئەنجومەنی نوێنەران.
حەوتەم: ئەگەر دووبارە بازنەی هەڵبژاردن یان زیاتر هەمان رێژەی سەدییان بەدەستهێنایەوە ئەوا کورسیەکانی ژنان زیاد دەکرێت بۆ ئەو بازنەیەی هەڵبژاردن کە کەمترین دەنگی بەدەست هێناوە.
هەشتەم: ئەگەر ژمارەی دەنگە دروستەکانی بازنەکانی هەڵبژاردن لە برگەی پێشوودا، یەکسان بوون، ئەوا پەنا بۆ ئەنجامدانی تیرووپشک دەبرێت بۆ دیاریکردنی ئەو بازنەی هەڵبژاردنەی کە پێویستە کورسیەکی بۆ زیاد بکرێت.
نۆیەم/ ئەگەر کورسیەکی ژنان چۆڵ بوو، مەرج نییە بە پاڵێوراوێکی ژن پڕ بکرێتەوە، مەگەر کاریگەری لە رێژەی نوێنەرایەتی ژنان بکات.

## بەندی شەشەم

تۆماری دەنگدەران

### ماددەی 17

یەکەم/ پێویستە لەسەر کۆمیسیۆن ناوی ئەو دەنگدەرانە تۆمار

بکات، کە ئەم یاسایە مەرجەکانی دیاریکردووە.

دووەم/ کۆمیسیۆن ئەرکی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری بەرایی دەنگدەران لەئەستۆ دەگرێت، بە هاریکاری و هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەکانی کۆمیسیۆن لە هەرێم و پارێزگاکان.

سێیەم/ هەر کەسێك مەرجەکانی دەنگدانی تێدابوو، مافی ئەوەی هەیە داوا بکات ناوی لە تۆماری بەرایی دەنگدەراندا تۆماربکرێت و دڵنیابکرێتەوە لەوەی ناوەکەی لە تۆمارەکەدایە.

چوارەم/ تۆمارکردنەکە بە تاکەکەسی دەکرێت.

پێنجەم/ نابێت دەنگدەر لە زیاد لە بازنەیەکی هەڵبژاردن ناوی تۆمارکرابێت.

شەشەم/ لەسەر کۆمیسیۆن پێویستە لەکاتی نوێکردنەوەی لیستی تۆماری دەنگدەران پشت بە تیمە گەڕۆکەکان ببەستێت بۆ چوونە شوێنی نیشتەجێبوونی هاووڵاتیان، بەمەبەستی مسۆگەرکردنی بەشداریی زۆرترین ژمارەی هاووڵاتیان لە پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆمارەکەدا.

**ماددەی 18**

کۆمیسیۆن بۆ ئامادەکردنی لیستی تۆماری دەنگدەران پشت دەبەستێت بە نوێترین داتابەیسی تۆماری دەنگدەرانی ئامادەکراو بەپێی داتابەیسی فۆرمی خۆراك، لەگەڵ نوێکردنەوەی تۆمارەکە لە ناوەندەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران، ئەمەش تا ئەو کاتەی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان دەکرێت.

**ماددەی 19**

لە هەر ناوەندێکی تۆمارکردن تۆماری دەنگدەرانی هەر بازنەیەکی

هەڵبـژاردن بەنـاوی دەنگـدەرانەوە بەپێـی ریزبەنـدیی (ئەبـجەدی) لەلایەن کۆمیسیۆنەوە لە شوێنێکی دیار و بەرچاودا دەخرێتە ڕوو، تا بەئاسانی ببینرێت.

## ماددەی 20

یەکەم/ هەرکەسێك ناوی لە تۆماری بەرایی دەنگدەراندا نەبێت، یان هەڵەیەك لە زانیارییە تایبەتیەکانیدا هەبوو، دەتوانێت لە نووسینگەی نیشتمانیی کۆمیسیۆن، یان یەکێك لە نووسینگەکانی کۆمیسیۆن لە پارێزگاکان، پەڵپ بگرێت، بۆ ئەوەی ناوی تۆماربکرێت، یان هەڵەکەی بۆ راستبکرێتەوە.

دووەم/ پەڵپەکە بە نووسین پێشکەشدەکرێت، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لە ماوەیەکدا کە کۆمیسیۆن دیاریدەکات و سەرەتاکەی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی تۆماری بەرایی دەنگدەران لە بازنەکانی هەڵبژاردن دەستپێدەکات.

سێیەم/ نووسینگەی کۆمیسیۆن، لەماوەیەکدا کە کۆمیسیۆن دیاردەکات، سەیری پەڵپەکە دەکات و بڕیاری لەبارەوە دەدات، بڕیارەکەی شیاوی تانەلێدانە لەبەردەم ئەنجومەنی کۆمسیاران.

## ماددەی 21

دوای ئەوەی ماوەی دیاریکراو بۆ پەڵپگرتن لە تۆماری بەرایی تۆماری دەنگدەران کۆتاییدێت، یان دوای یەکلاکردنەوەی پەڵپ و تانەکان، لیستە بەراییەکە دەبێتە لیستی کۆتایی و هەڵبژاردن بەپێی ئەو تۆمارە دەکرێت، کۆمیسیۆنیش پرۆسەی بڵاوکردنەوە و نمایشکردنی تۆمارەکە لە ناوەندەکانی دەنگدان دەگرێتە ئەستۆ، دوای ئەو ماوەیەی کە کۆمیسیۆن خۆی دیارییدەکات.

## بەندی حەوتەم

### بانگەشەی هەڵبژاردن

**ماددەی 22**

**بانگەشەی ئازادانەی هەڵبژاردن مافێکی دەستەبەرکراوە بۆ پاڵێوراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بانگەشەکەش لە رێککەوتی پەسەندکردنی لیستی پاڵێوراوەکانەوە لەلایەن کۆمیسیۆن دەستپێدەکات، تا 24 کاتژمێر پێش دەستپێکی پرۆسەی دەنگدان.**

**ماددەی 23**

**بانگەشەی هەڵبژاردن لە هەموو رسوماتێك بەخشراوە.**

**ماددەی 24**

**یەکەم/ ئەمینداریتیی بەغدا و شارەوانییە تایبەتمەندەکانی هەر پارێزگایەك، بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆن، ئەو شوێنانە دیاریدەکەن، کە ئەنجامدانی بانگەشەی هەڵبژاردن تیایاندا قەدەغەیە، هەروەها نابێت هیچ پۆستەر و بەرنامە و وێنەیەکی پاڵێوراوان لە ناوەند و وێستگەکانی دەنگدان بڵاوبکرێتەوە.**

**دووەم/ پێویستە لەسەر پارتە سیاسییەکان و لیستە کراوە و تاکە کەسییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنەکە تەواوی ریکلامەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن داگرن بەپێی ئەو رێنماییانەی کۆمیسیۆن دەریاندەکات.**

**ماددەی 25**

**ئەنجامدانی بانگەشە و چالاکیی هەڵبژاردن لەلایەن پارت و لیست و کاندیدەکانەوە لە بیناکانی وەزارەت و دامەزراوە دەوڵەتییەکان و پەرستگاکان، قەدەغەیە.**

**ماددەی 26**

ڕێگە نادرێت دروشمی فەرمیی دەوڵەت بەکاربهێنرێت لە کۆبونەوە و ریکلام و بلاوکراوەکانی هەڵبژاردن و نووسراو و وێنەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن.

**ماددەی 27**

ڕێگە نادرێت بە فەرمانبەرانی دەوڵەت و دەسەڵاتە خۆجێییەکان دەسەڵات و هەژمونی فەرمانداریيان و داهاتی دەوڵەت و ئامراز و دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندیی خۆيان يان هەر پاڵێوراوێك بەکاربهێنن، لەنێویاندا بەکارهێنانی دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکانی دەوڵەت، بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، يان کاریگەریخستنە سەر دەنگدەران.

**ماددەی 28**

هەموو شێوازێك لە شێوازەکانی فشار و زۆرلێکردن، يان بەخشين و بەڵێندانی دەستکەوتی ماددی و مەعنەوی، بەمەبەستی دانانی کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ڕێگەپێدراو نییە.

**ماددەی 29**

ڕێگە نادرێت لە سامان و دارایی گشتی، بودجەی وەزارەتەکان، ماڵ و سامانی وەقفەکان، پارەی يارمەتییە دەرەکییەکان، بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن خەرجبکرێت.

**ماددەی 30**

يەکەم/ لە ڕۆژی هەڵبژاردندا نابێت هیچ پاڵێوراوێك، خۆی، يان لەرێگەی کەسی دیکەوە، کارنامەی خۆی و بلاوکراوە و کارت و هیچ بابەتێکی دیکە دابەش و بلاوبکاتەوە.

دووەم/ هیچ فەرمانبەرێکی دەوڵەت يان ئەندامانی دەسەڵاتە

خۆجێییەکان، بۆیان نییە لە ڕۆژی دەنگداندا کارنامە دابەشبکات، جا لەڕێگەی خۆیەوە بێت، یان لەڕێگەی کەسی دیکە.
سێیەم/ نابێت ریکلام و کارنامە و چاپکراو و کارت بەناوی پاڵێوراوێك بڵاوبکرێتەوە، کە لە لیستی پاڵێوراوە پەسەندکراوەکانی کۆمیسیۆن تۆمارنەکرابێت.

## بەندی هەشتەم

ئەحکامەکانی سزادان

### ماددەی 31

هەر کەسێك ئەم کارانەی خوارەوە بکات، بە بەندکردن بۆ ماوەیەك، کە کەمترنەبێت لە شەش مانگ و پێبژاردن، کە کەمتر نەبێت لە 250 هەزار دینار و زیاتر نەبێت لە یەك ملیۆن دینار، سزادەدرێت:
یەکەم: بە ئەنقەست ناوێك یان چەند ناوێك بخاتە لیستی ناوی تۆماری دەنگدەران، یان دەرییبهێنێت، بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
دووەم: هەرکەسێك ناوی خۆی، یان ناوی کەسێکی تر بخاتە لیستەکەوە، بێ ئەوەی مەرجە یاساییەکانی تێدابێت و لەسەریدا بسەلمێت کە زانیویەتی ئەو کارە هەڵەیە، یان هەرکەسێك کاریکات بۆ ئەوەی ناوی کەسێکی دیکە نەخرێتە لیستەکەوە، یان بسڕدرێتەوە.
سێیەم: هەرکەسێك دەنگ بدات و بزانێت کە بەپێچەوانەی یاساوە ناوی خراوەتە لیستی تۆماری دەنگدەرانەوە، یان بزانێت کە مەرجە یاساییە پێویستەکانی بۆ بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن لەدەستداوە.
چوارەم: بەئەنقەست، بەناوی کەسێکی دیکەوە دەنگ بدات.

پێنجەم: نهێنیی دەنگدانی دەنگدەرێك ئاشكرا بكات، بەبێئەوەی دەنگدەرەكە رازیبێت.

شەشەم: واتا زیاد لە جارێك دەنگبدات.

حەوتەم: كاریگەریی لەسەر گۆڕینی ڕای دەنگدەرێكی نەخوێندەوار هەبێت و ناوێك بنوسێت، یان ئاماژە بە هێمایەك بكات، جیا لەو ناو و هێمایەی كە دەنگدەری نەخوێندەوارەكە مەبەستی بووە، یان كۆسپ و بەربەست لەبەردەم هەر دەنگدەرێكدا دروست بكات، تا بە خواستی خۆی دەنگ بدات.

## ماددەی 32

سزا دەدرێت بە بەندكردن كە ماوەكەی لە ساڵێك كەمتر نەبێت هەركەسێك كە:

یەكەم: هێز و هەڕەشە بەكاربهێنرێت بۆ ئەوەی وا لە دەنگدەرێك بكرێت دەنگ بە ناوێكی دیاریكراو بدات، یان بەشداریی هەڵبژاردن نەكات.

دووەم: سوودێك (دەستكەوتێكی كەسی) بدات بە دەنگدەر، یان بەڵێنی سوودێكی پێبدات، جا بۆ دەنگدەر بێت یان كەسێكی دیكە، بۆ ئەوەی دەنگ بە ناوێكی (پاڵێوراوێك)ی دیاریكراو بدات، یان بەشداریی دەنگدان نەكات.

سێیەم: سوودێك بۆ خۆی، یان بۆ كەسێكی دیكە وەربگرێت، یان داوای سوودێك بكات لەو كەسانەی ئەركی ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەكی گشتییان لە چوارچێوەی پرۆسەی هەڵبژاردن پێسپێردراوە.

چوارەم: هەواڵی ناڕاست لەناو دەنگدەران بڵاوبكاتەوە، لەبارەی

هەڵسوکەوت و ناوبانگی پاڵێوراوێك، بەمەبەستی کاریگەریخستنە سەر بۆچوونی دەنگدەران لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا.
پێنجەم: بە چەکەوە، یان بە کەرەستەیەکی بریندارکەرەوە بچێتە ناو بنکەیەکی دەنگدان پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
شەشەم: جنێو بدات یان سوکایەتی بکات بە کارمەندێکی بنکەی دەنگدان، یان هێرشی بکاتە سەر.
حەوتەم: یاریکردن (دەستکاریکردن)ی سندوقەکانی دەنگدان، یان تۆمارەکانی دەنگدەران، یان هەر بەڵگەنامەیەکی دیکەی تایبەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن.
هەشتەم: خۆی لە زیاتر لە بازنەیەکی هەڵبژاردن یان لیستێکی هەڵبژاردن پاڵاوتبێت.

## ماددەی 33

سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەی ساڵێک و یان پێبژاردنێک کە برەکەی کەمتر نەبێت لە یەك ملیۆن دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار، یان بە هەردوو سزاکە پێکەوە، هەرکەسێک کە:
یەکەم: کارتی دەنگدان، یان تۆماری دەنگدەران بشارێتەوە، دەستیان بەسەردا بگرێت، بیاندزێت، تێکیانبدات، یان ئەنجامەکانیان بگۆڕێت بەهەرشێوەیەك بێت لە شێوەکان.
دووەم: لەرێگەی بەکارهێنانی هێز و هەڕەشەوە ئازادیی هەڵبژاردن و سیستمی هەڵبژاردن تێکبدات.

## ماددەی 34

هەرکەسێك بەیاننامە و وێنە و بڵاوکراوەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن لە دەرەوەی شوێنە تایبەتمەندکراوەکان هەڵبواسێت، سزادەدرێت بە

بەندکردن، کە ماوەکەی لە یەك مانگ کەمتر نەبێت، یان یەك ملیۆن دینار پێبژاردن.

### ماددەی 35

سزادەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە یەك مانگ، یان پێبژاردن، کە برەکەی کەمتر نەبێت لە یەك ملیۆن دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار، یان بە هەردوو سزاکە پێکەوە:

یەکەم: بە مەبەست دەستدرێژی بکاتە سەر وێنەی پاڵێوراوەکان و بەرنامەی هەڵبژاردنەکانیان لە شوێنە تایبەتمەندکراوەکاندا، بۆ کەس و لایەنی دیاریکراوی دیکە، بەمەبەستی زیانگەیاندن بە کاندیدەکە یان کاریگەریی خراپ بکاتە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن.

دووەم: بە درۆ هەواڵی کشانەوەی پاڵێوراوێك یان زیاتر رابگەیەنێت لە پرۆسەی هەڵبژاردن، لەکاتێکدا بزانێت ئەو کارە راست نییە، بەمەبەستی زیانگەیاندن بە کاندیدەکە، یان گۆڕینی دەنگی ئەو کاندیدە بۆ خۆی.

سێیەم: هێرشکردنە سەر ئامرازە رێگەپێدراوەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن بە هەر هۆکارێك بێت، جا بە کوژاندنەوە یان دڕاندن بێت، یاخود هەر کارێکی دیکەی لەو شێوەیە بێت.

### ماددەی 36

لەسەر دەستبردن بۆ تاوانەکانی هەڵبژاردن کە لە یاساکەدا هاتووە، بەتاوانی تەواو سزادەدرێت.

### ماددەی 37

ئەگەر سەلمێنرا قەوارەیەکی سیاسی بەشدار بووە لە ئەنجامدانی هەر تاوانێك لە تاوانەکانی هەڵبژاردن کە لەم یاسایەدا هاتووە، بە

پێبژاردنی دارایی بە بڕی 25 ملیۆن دینار سزا دەدرێت.

## بەندی نۆیەم

### حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

**ماددەی 38**

یەکەم/ کۆمیسیۆن بۆ خێراکردنی ئەنجامەکانی دەنگدان پشتدەبەستێت بە ئامێری ئەلیکترۆنی، کۆمیسۆن پابەندە بە ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکان لە ماوەی (24) کاتژمێر دوای تەواو بوونی پرۆسەی هەڵبژاردن، بەمەبەستی دڵنیایی و وێکچوونیان، لە هەر بنکەیەکی دەنگداندا، دەنگەکانی یەک وێستگە بەدەست ژماردن و جیاکردنەوەی بۆ دەکرێت، ئەگەر ڕێژەی جیاوازی هەژمارکردنەکە بە دەست لەگەڵ هەژمارە ئەلیکترۆنیەکە (5٪) دا زیاتر بوو، ئەوا هەموو وێستگەکانی ئەو بنکەیە بەدەست هەژمار دەکرێنەوەو ئەم ئەنجامەش وەردەگیرێت، لە بارێکدا ئەگەر تانە لەسەر هەر بنکەیەک یان وێستگەیەکی دەنگدان هەبێت، ئەوا کۆمیسیۆن پابەندە بەوەی، بە ئامادەبوونی بریکاری لەیەنە سیاسییەکان، دەنگەکان بەدەستی هەژمار بکات.

دووەم/ کۆمیسیۆن پابەندە بەوەی تەواوی داتاکانی هەڵبژاردن لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن بە وردەکارییەوە ئاشکرابکات، وەك ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی دەنگدەرانی تۆمارکراو و ژمارە و کۆدی لیستەکانی هەڵبژاردن و پارتە سیاسییەکان و لیستە تاکەکەسییەکانی بەشدار لە پرۆسەکە، وە زانیاریی دیکەی پەیوەست بە پرۆسەی هەڵبژاردن، کە جێگای بایەخی دەنگدەر بێت،

ئەمە جــــگە لە بڵاوكـــــردنەوەی ئەنجامەكـــــانی هەڵبـــــژاردن بە وردەكارییەوە، لە نمونەی ژمارەی دەنگە دروست و پوچەڵەكان، رێژەی بەشـداری، رێـژەی دەنگـی لیسـتە كـراوە و تاكەكەسـییەكان و هەر پالێوراوێكی سەركەوتوو و سەرنەكەوتوو هەر بازنەیەكی هەڵبژاردن.

سـێیەم: پێویسـتە كۆمیسـیۆن گرێبەسـتبكات لەگەڵ یەكێـك لە كۆپانیا جیهانییە ناودارەكان كە شارەزایی و پسپۆڕی هەبێت لە بواری تەكنەلۆجیـاو پێشـتر كـاری هاوشـێوەی كردبێـت، بـۆ پشـكنینی پرۆگرامەكانی ئامێرەكانی دەنگدان (ئامێری خێرا ژماردن) و ئامێرە پاشـكۆكانی. ئەنجـومەنی كۆمیسـیاران لیژنەیەكـی تەكنیكـی لە دامەزراوە حكـــومیە هـــونەریە تایبەتمەنـــدەكان، پێكـــدەهێنێت بـــۆ چاودێری و هەڵسەنگاندنی كۆمپانیای ناوبراوو راپۆرتێك لەو بارەیەوە پێشكەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەكات.

چـوارەم: لە سـەر كۆمیسـیۆن پێویسـتە هـیچ بـنكەو وێسـتگەیەكی دەنگـــدان نەكـــاتەوە لە دوای بڵاوەپێكـردنـــی تۆمـــاری دەنگـــدەرانی كۆتایی و لەدوای كۆتایی پرۆسەی نوێكردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

پێنجەم: ئامێری دڵنیابوونەوە لە زانیاری و ناسینەوەی دەنگدەر بۆ هەر وێسـتگەیەكی دەنگـدان كە تەنهـا زانیاریەكـانی ئەو وێسـتگەیەی تێدا دەبێت.

شەشـــەم: وێـــنەیەك لە ئەنجامەكـــانی هەڵبـــژاردن لەســـەر ئاســـتی وێستگەكانی دەنگدان لە میمۆری یەكەی پاراستندا هەڵدەگیرێت، ئەمەش بەم جۆرە دەبێت، ئەو ئامێرەی خێرا ئەنجامەكان رادەگەیەنێت، بە شـێوەیەك پرۆگـارمسـازی بۆدەكرێـت، كە وێـنەی ئەنجـامەانی وێستگەكانی دەستەبەركردبێت، پێش ئیشپێكردنی ئەو ئامێرەی كە

بەستراوە بە مانگی دەستکردەوە.
زانیاریەکانی ناو سەرجەم میمۆرییەکانی وێستگەکان دەنێردرێت بۆ نووسینگەی نیشتمانی کۆمیسیۆن لە بەغداد بەمەبەستی وێکچوون و بەراوردکاری.
حەوتەم: پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان بە بەکارهێنانی ئامێری ئەلیکترۆنی خێراکردنی ئەنجامەکان دەکرێت، وێنەیەکی ئەلیکترۆنی لە ئەنجامەکان و کارتەکانی دەنگدانی هەر وێستگەیەک لە وێستگەکانی دەنگدان بدرێت بە بریکارانی پاڵێوراون.
هەشتەم: ڕێژەی پەنجەمۆری نەخوێنداروە ڕێگەپێدراوە تا لە (5٪)ی کۆی دەنگدارانی ناو تۆماری ئەلیکترۆنی دەنگدەرانی وێستگەیەک، ئەگەر گەیشتە ئەو ڕێژەیە، دەنگدان خۆبەخۆ دەوەستێت بە بێ خوێندنەوەی پەنجەمۆر (حاڵەتی تێپەڕ)، تەنها ڕێگە دەدرێت بە دەنگدانی ئاسایی ئەو دەنگدەرانەی کە پەنجەمۆریان دەخوێنرێتەوە.

## ماددەی 39

دەنگدانی تایبەت پێش (48) کاژێر لە وادەی دەنگدانی گشتی تەنها بە گوێرەی کارتی بایۆمەتری دەنگدەر، بەو مەرجەی کە دەنگدانەکە لە ناو یەکە سەربازیەکانی سنوری بازنەی هەڵبژاردنەکە نەبێت:
یەکەم: کارمەندانی وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری، تەواوی هێزە ئەمنییەکانی دیکە، بەپێی ئەو ڕێکارە تایبەتانەی کۆمیسیۆن دایدەنێت و بەپێی ئەو لیستە فەرمییانەی کە پێش (60) ڕۆژ لە وادەی

دەنگدانی گشتی، لایەنە پەیوەندییدارەکان پێشکەشی کۆمیسیۆنی دەکەن، تا لە تۆماری دەنگدەرانی گشتیدا بسڕدرێنەوە.

دووەم: راگیراوان بەپێی ئەو لیستانەی وەزارەتەکانی ناوخۆ و داد لەماوەی رۆژ پێش (30) رۆژ لە پرۆسەی دەنگدان رادەستی کۆمیسیۆن دەکرێن، ناویان لە لە لیستی تۆماری گشتیی دەنگدەراندا دەسڕدرێتەوە.

سێیەم: ئاوارەکان بەپێی نوێترین ئاماری فەرمی کە کۆمیسیۆن لە وەزارەتەکانی کۆچ و کۆچبەران و بازرگانی وەریدەگرێت، دەنگ دەدەن، ئاوارە مافی ئەوەی هەیە لەو شوێنەی لێی نیشتەجێیە دەنگبدات بەو بازنەی هەڵبژاردنە، کە لێوەی ئاوارە بووە.

چوارەم: ئەو عێراقیانەی نیشتەجێی دەرەوەی وڵاتن، تەنها لەرێگەی کارتی بایۆمەترییەوە مافی ئەوەیان هەیە دەنگ بە بازنەی هەڵبژاردنی خۆیان بدەن.

پێنجەم/ کۆمیسیۆن چەند رێکارێک بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی دەنگدانی تایبەت دەگرێتەبەر، دەبێت ئەمانە لەخۆبگرێت:

أ.جیاکردنەوەی کارتی دەنگدانی هێزە ئەمنییەکان بە هێما یان رەمز.

ب. بڵاوکردنەوەی ناوی هێزە ئەمنییەکان لەسەر ئاستی وێستگە و دڵنیابوون لەوەی ناوی هیچ کەسێك لە وێستگەیەکی دیکە دووبارە نەبوەتەوە.

ج.. پرۆسەی وێکچوون و بەراوردکاری پەنجەمۆری دەنگدانی تایبەت و گشتی ئەنجامدەدرێت لە ماوەیەکدا کە زیاتر نەبێت (10) دە رۆژ لە رێکەوتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی و پێش پەسەندکردنی

ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن، سەرپێچیکار روەانەی دادگای تایبەت مەند دەکرێت و ئامێری دڵنیا بوونەوە لە زانیاری و ناساندن (جهاز التحقق) لە وێستگەکانی دەنگدان، بە تۆماری بایۆمەتری دەنگدەران داتا دەکرێن و ئامێرەکە رۆژی پێش دەنگدان دەپشکنرێت.

د. وەرگرتنی کارتی بایۆمەتری لە دەنگدەر، دوای دەنگدان لە رۆژی هەڵبژاردندا، بەو مەرجەی دەنگدەرە پسوڵەیەکی بۆ بکرێت و دواتر لەلایەن یەکە تایبەتمەندەکانی خۆیانەوە بەڵگەنامەکەی بۆ بگەرێنرێتەوە.

## ماددەی 40

یەکەم: هەڵبژاردن لە هەموو پارێزگاکاندا لەوادەی بڕیارلێدراودا ئەنجامدەدرێت.

دووەم: ئەگەر لە تۆماری دەنگدەرانی هەرپارێزگایەك بەرێژەی 5% یان زیاتر زیادیکردبوو، ئەنجومەنی نوێنەران لیژنەیەك پێکدەهێنێت لە نوێنەرانی پارێزگاکە و ئەندامێتیی هەریەك لە وەزارەتەکانی پلاندانان، ناوخۆ، بازرگانی و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و بە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ پێداچوونەوە و وردبینیکردنی ئەو هەڵە و زیادبونەی کە لە تۆماری دەنگدەراندا بوونی هەیە، پێداچەونەوە و وردبینییەکە لەبەر رۆشنایی داتا فەرمییەکان و ئەو پێوەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون، ئەنجامدەدرێت، بۆ راستکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، پێویستە لیژنەکە کارەکانی لەماوەی یەك ساڵ لە رۆژی دەستبەکاربونیەوە تەواو بکات.

سێیەم: ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە هیچ پارێزگایەك ناکرێتە بنەما بۆ هیچ پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی داهاتوو یان رابردوو یان هیچ دۆخێکی

سیاسی یان کارگێری، پێش ئەوەی وردبینی لە تۆمارەکانی دەنگدەراندا بکرێت.

**ماددەی 41**

ئەم پێوەرانە بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ماددەی (40) بەکاردێن:

یەکەم: ئەو جیاوازییەی لەنێوان تۆمارکراوانی تۆماری بەر لە نوێکردنەوەی سالّی 2004 هەیە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی تۆمارکراوان لەو هەڵبژاردنەی تێدادەکرێت.

دووەم: پرۆسەی وردبینی بۆ جیاوازییەکانی (خالّی یەکەم)ی سەرەوە و بۆ زیادکراوەکانی سالآنی 2004 و دواتر، بە پشتبەستن بەمانەی خوارەوە دەبێت:

ا- زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان (لەدایکبوون و مردن و گواستنەوە لەنێوان پارێزگا) لە 2004ـەوە و تا سالآنی دواتر.

ب- ئەو راگوێزراوانەی گەڕاونەتەوە بەپێی تۆمارە فەرمییەکان.

ج- هەر گۆڕانکارییەکی دیکەی دانیشتوان لەو ماوەیەدا.

سێیەم: پرۆسەی وردبینییەکە بۆ زانینی دروستی و یاساییبوونی تۆمارکراوان، یان بۆ دەرخستنی ئەوانەیە کە بە نایاسایی تۆمارکراون، بەوە ژمارەی جیاوازییەکان هەژماردەکرێت چەند کورسی دەکات.

چوارەم: ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە هەر پارێزگایەکدا، وەك ئەوەی لە ماددەی 41دا ئاماژەی پێدراوە، بەپێی ئەو رێژەیە لە دانیشتوانی پارێزگاکە دیاریدەکرێت، کە لەلای ئەنجومەنی نوێنەران پشتراستکراوەتەوە دوای لێدەرکردنی ژمارەی کورسییە لە ئەنجامی پێشێلکارییەکان زیادکراون.

## ماددەی 42

لە بارێکدا دەنگدانی ئەلیکترۆنی ئەنجامدرا، پشت بەو ڕێنماییانە دەبەستریێت، کە کۆمیسیۆن بۆ پرۆسەکانی دەنگدان و جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان دەریاندەکات.

## ماددەی 43

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی پارەی داواکراو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەستەبەر بکەن بۆ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، کە ئەنجومەنی کۆمسیاران بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن داوایکردووە.

## ماددەی 44

پێویستە لەسەر وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردە و دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەری و سەرجەم فەرمانگە پەیوەندییدارەکان وەڵامی خواستی ڕونکردنەوە و داواکارییەکانی کۆمیسیۆن بدەنەوە لەبارەی ڕاست و دروستیی پاڵێوراوان، کە لەماوەی 15 ڕۆژ تێپەڕ نەکات.

## ماددەی 45

هیچ ئەندامێکی پەرلەمان یان پارتی سیاسی یان قەوارەیەکی تۆمارکراو لە لیستی کراوە و براوەی هەڵبژاردن، مافی ئەوەیان نییە پێش پێکهێنانی حکومەت و دوای پرۆسەی هەڵبژاردن ڕاستەوخۆ بچێتە ناو هاوپەیمانێتیەك یان پارتێکی سیاسی یان قەوارەیەك یان لیستێکی دیکەوە، بەڵام ئەمە ڕێگر نییە لە بەردەم قەوارەی کراوە و لیستی تاکەکەسی، کە پێش هەڵبژاردن تۆمارکراون، لە دوای هەڵبژاردن هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیستی دیکەدا بکات.

## ماددەی 46

پێویستە پاڵێوراوی براوەی هەڵبژاردن، لە دوای ئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان بە مانگێك سوێندی یاسایی بخوات، بەپێچەوانەوە، ئەو پاڵێوراوە دەرنەچووەی کە زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە لە ناو هەمان لیست و بازنەی هەڵبژاردندا، دەچێتە شوێنی. ئەگەر ئەو پاڵێوراوەی سوێندی یاسایی نەخوارد، تاکەکەسی بوو، ئەوکات ئەو پاڵێوراوە دەرنەچووە دەچێتە شوێنی، کە لەهەمان بازنە زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە.

**ماددەی 47**

کۆمیسیۆن دەتوانێت ڕێنمایی دەربکات بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی 48**

یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارەی (45)ی ساڵی 2013 و هەموارەکانی هەڵدەوەشێنرێتەوە.

**ماددەی 49**

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پابەند دەکرێت بە تۆمارکردنی ئەو هاووڵاتییانەی مەرجەکانی تۆمارکردنیان لە تۆماری بایۆمەتریدا تێدایە، ئەویش لە ڕێگەی تیمێکی گەڕۆك بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەت پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لە کاتی پشووەکانی نیوەی ساڵ و پشووەکانی کۆتایی ساڵی خوێندن ورژانی پشووی هەفتە.

**ماددەی 50**

یەکەم/ کار بەهیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

دووەم/ ئەم یاسایە بەرکارە لە ڕۆژی دەرچوون و بڵاوکردنەوەی و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا.

**هۆکارەکانی دەرچوون**

بەمەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاك و بێگەرد، بۆ مەبەستی

نوێنەرایەتیکردنی راستەقینەی ویستی دەنگدەر و هەروەها رەخساندنی بوار بۆ کێبڕکێیەکی رەوا و پێدانی دەرفەتی یەکسان، برەودان بە پرۆسەی دیموکراسی، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

## پاشکۆی ژمارە (2)

## چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (2020/9/30 - 2019/9/1)

بە شێوەیەکی گشتی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی رابردوودا چەند جۆرێکن کە بریتین لە:

**یەکەم/** ئامادەبوون لە نووسینگەی (سلێمانی)و (هەڵبجە)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

**دووەم/** ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان.

**سێیەم/** سەردانیکردنی فەرمانگەو دامودەزگا گشتیەکان لە پارێزگای سلێمانی.

**چوارەم/** سەردانیکردنی فەرمانگەو دامودەزگا گشتیەکان لە بەغداد بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەو گرفتی هاووڵاتیان.

**پێنجەم/** بەشداریکردن لە کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکان و کۆبوونەو لەگەڵ چینو توێژەکانی پارێزگای سلێمانی.

**شەشەم/** بە بەراورد بە ساڵی رابردوو کە (ڤایرۆسی کۆرۆنا) و کەرەنتینەن وقەدەغەی هاتووچۆ لە ئارادا نەبوو، چالاکیەکانی ئەمساڵی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بەم شێوەیەن:

1. ساڵی رابردوو کۆی گشتی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کە گەیشتبوونە تیمی پڕۆژە (316) چالاکی بوون، بەڵام لە ئەمساڵدا ژمارەی چالاکییەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (386) چالاکی.

2. (ڤایرۆسی کۆرۆنا) و کەرەنتینە و قەدەغەی هاتووچۆ کاریگەری ئەوتۆی نەبووە لەسەر چالاکیەکانی هەندێک لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، بەپێچەوانەوە هەندێکی دیکە لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، چالاکییەکانیان کەمیکردووە، بەراورد بە ساڵی رابردوو.

## یەکەم: سەردانیکردنی نووسینگەی سلێمانی لە ماوەی (2020/9/30 - 2019/9/1)

**خشتەی ژمارە (12)**

| ز | نوێنەر | ژمارەی سەردان |
|---|---|---|
| .1 | ڕێزان شیخ دلیر | 14 |
| .2 | د.ڕێبوار کەریم | 8 |
| .3 | د. یوسف محمد | 7 |
| .4 | د. موسەنا ئەمین | 7 |
| .5 | د. غالب محەمەد | 6 |
| .6 | د. بەهار مەحمود | 5 |
| .7 | هۆشیار عەبدوڵا | 5 |
| .8 | د. جوان ئیحسان | 4 |
| .9 | شیروان میرزا | 3 |
| .10 | دانا محەمەدجەزا | 3 |
| .11 | سەرکەوت شەمسەدین | 3 |
| .12 | ئەحمەد حەمە ڕەشید | 2 |
| .13 | حەسەن ئاڵی ئەحمەد | 0 |
| .14 | ئارەزو مەحمود خدر | 0 |
| .15 | یسری رجب کمر | 0 |
| .16 | بڵێسە عبدالجبار | 0 |
| کۆی گشتی | | 67 |

## دووەم: چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (2019/9/1 - 2020/9/30)

***تێبینی:***

**یەکەم/** لەم راپۆرتەدا کۆی ئەو چالاکیانە بڵاوکراوەنەتەوە کە گەیشتونەتە تیمی پرۆژەو پێش بڵاوکردنەوەشیان نێردراون بۆ نوێنەران، هەتا ئەگەر هەر تێبینی و راوسەرنجێکیان هەبوو لەسەریان پێشوەخت کاری لەسەر بکرێت.

**دووەم/** لەم بەشەدا ئەو چالاکییانە بڵاوکراوەتەوە کە لە رێکەوتی (2019/9/1) بۆ (2020/9/30) ئەنجامدراون و گەیشتونەتە تیمی پرۆژە.

**سێیەم/** لە لیستی چالاکییەکاندا، تەنها ئەوچالاکییانە بڵاوکراوەتەوە کە وەك (ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران) ئەنجامدروان، واتە چالاکی (حیزبی و کەسی، ئامادەبوون لە بۆنە نیشتمانیو نەتەوەییو کۆمەڵایەتیەکان) بڵاونەکراوەتەوە.

**چوارەم/** بە بێئەوەی گۆڕانکاری بەسەر ناوەڕۆکیاندا هاتبێت، دارشتنەوەی زمانەوانی بۆ چالاکییەکان کراوەتەوە.

**پێنجەم/** ریزبەندی چالاکییەکان بە گوێرەی ژمارەی چالاکییەکانە.



**ناوی نوێنەر:** جوان ئیحسان فەوزی

**فراکسیۆن:** یەکێتی نیشتمانی کوردستان

**لیژنە:** کاروباری ئەندامانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 48

| ز | ڕێکەوت | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1. | 2019/10/2 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (د.بەهار محمود، دانا جەزا) و نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەردانیکردنی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی گفتوگۆکردن لەسەر کێشە گرفتەکانیان. |
| 2. | 2019/11/30 | بەشداریکردن لە وۆرکشۆپێك بۆ زانینی ڕا و سەرنج و پێشنیاری خەڵکی ئەکادیمی و پسپۆڕانی بوارەکانی دەستور و سیستەمە سیاسییەکان و ئابوری، لە سلێمانی وەك ئەندامانی کوردی لیژنەی هەمواری دەستوری عێراق، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی هەرێم. |
| 3. | 2020/2/11 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی هاوبەشی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و لایەنە سیاسییەکان لەهەولێر |

| | | |
|---|---|---|
| .4 | 2020/2/13 | بەهاوبەشی لە گەڵ (شیروان میرزا) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەران، پێشوازیکردن لە ژمارەیەک کارمەندی گرێبەستی نووسینگەی سلێمانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق و گوێگرتن بۆ سکاڵاو داواکاریەکانیان. |
| .5 | 2020/2/16 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی نێوان سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هاوسەرۆکی ((ی.ن.ک) نیشتمانی کوردستان) سەبارەت بە بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان |
| .6 | | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (حەسەن ئاڵی و شیروان میرزا) سەردانیکردنی (بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی) و بەدواداچوون بۆ کێشە و گرفتەکان و بۆ جۆر و بڕی ئەو دەرمانانەی کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان دابیندەکرێن. |
| .7 | 2020/2/16 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (حەسەن ئاڵی و شیروان میرزا) سەردانیکردنی سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی و بەدواداچوون بۆ کێشە و گرفتەکانیان. |

| | | |
|---|---|---|
| .8 | 2020/2/16 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق بەسەرۆکایەتی کاندیدی نوێی سەرۆك وەزیرانی عێراق (محەمەد تۆفیق عەلاوی). |
| .9 | 2020/3/4 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هاوسەرۆکی (ی.ن.ک) و لایەنە سیاسییەکان بۆ تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی دۆخی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی نوێ و هەنگاوەکانی ئایندەی هەرێمی کودستان. |
| .10 | 2020/4/13 | بەهاوبەشی لەگەڵ (حەسەن ئاڵی، ئارەزوو مەحمود، بڵێسە جەبار) ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، سەردانیکردنی هەریەك لە(پارێزگای سلێمانی، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، قائیمقامی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی) بەمەبەستی دەربڕینی سوپاس و پێزانین لەبەرامبەر هەوڵەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا |
| .11 | 2020/4/14 | سەردانیکردنی ئیدارەی گەرمیان بەمەبەستی دەربڕینی سوپاس و پێزانین لەبەرامبەر هەوڵەکانیان بۆبەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا. |
| .12 | | سەردانیکردنی سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە لە نێوان شاری خانەقین وکوڵەجۆ، |

| | | |
|---|---|---|
| | | بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەدۆخی ناوچەکەو ئامادەباشییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و گفتوگۆکردن سەبارەت بەچۆنییەتی بەڕێوەچوونی ئەرک و چالاکیەکانیان. |
| 13. | 2020/4/16 | سەردانیکردنی سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین، سوپاس و پێزانین لەبەرامبەر هەوڵەکانیان بۆبەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا. |
| 14. | 2020/4/18 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی هاوبەشی شاندی باڵای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کەپێکهاتبوو لە (جێگری یەکەم و جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرۆکی فراکسیۆنە جیاجیاکانی لە ئەنجومەنی نوێنەران) و هاوسەرۆکی (ی.ن.ک). |
| 15. | | بەهاوبەشی لەگەڵ شاندی باڵای ئەنجومەنی نوێنەران سەردانیکردنی نەخۆشخانەی شەهید تاهیر عەلی بەگ تایبەت بە تووشبووانی کۆرۆنا، بۆ بەدواداچوونی بارودۆخی نەخۆشەکان و گوێگرتن لە داواکاری و پێداویستی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی. |

| | | |
|---|---|---|
| .16 | 2020/4/27 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی نێوان حکومەتی هەرێم و شاندی دانوستانکاری هەرێم و سەرۆکی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی بەغدا لە شاری هەولێر، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی دواین سەردانی شاندی دانوستانکاری هەرێم بۆ بەغدا و ئەنجامی کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراق. |
| .17 | 2020/5/17 | بەمەبەستی تاوتوێکردنی دۆخی ئەمنی خانەقین و دەورووبەری سەردانیکردنی (پارێزگای دیالە) و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی ئیدارو ئەمنیدا بۆ تاوتوێکردنی دۆخی ئەمنی خانەقین و دەوروبەری. |
| .18 | 2020/5/18 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرۆك کۆماری عێراق بۆ تاوتوێکردنی دۆخی ئەمنی خانەقین و دەوروبەری و دۆخی ناوچەدابڕێندراوەکان و پڕکردنەوەی بۆشاییە ئەمنییەکان. |
| .19 | 2020/5/18 | بەیاوەری پارێزگاری دیالە، لە بەغداد کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیرانی (ناوخۆ و بەرگری) بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی دۆخی ناوچەدابڕێندراوەکان و پڕکردنەوەی بۆشاییە ئەمنییەکان و تاوتوێکردنی دۆخی ئەمنی خانەقین. |

| | | |
|---|---|---|
| .20 | 2020/5/19 | سەردانیکردنی شاری (خانەقین وکۆبوونەوە لەگەڵ قائیمقامی قەزای (خانەقین) و تاوتوێی رەوشی ئەمنی و ئیداری وخزمەتگوزاری شارەکە. |
| .21 | 2020/5/20 | سەردانیکردنی پارێزگای هەڵەبجەو کۆبوونەوە لەگەڵ (پارێزگارو جێگری پارێزگار و قائیمقامی هەڵەبجەو بەرێوەبەری ناحیەی خورماڵ بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت پرسی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە و چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم بەپارێزگابوونی هەڵەبجە. هەروەها سەردانیکردنی سەرۆکایەتی زانکۆی هەڵەبجە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشە و گرفتەکانی زانکۆکە. |
| .22 | 2020/6/7 | بەشداریکردن لەکۆبوونەوەی بەرفراوانی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق. بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە میکانیزمی کارکردنی کۆمیسیۆن و چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو کێشە و گرفتە هونەری و کارگێری وئابوورییانەی کە رووبەرووی پرۆسەکە دەبێتەوە |

| | | |
|---|---|---|
| سەردانیکردنی (وەزیری داد) لە بەغداد بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی پرۆسەی چاکسازی لەدامەزراوە سزاییەکانداو تاوتوێکردنی ئەورێکارە خۆپارێزیانەی وەزارەتی تەندروستی بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدارئەنجامیان ئەدات بۆپاراستنی ژیانی زیندانییەکانی ناودامەزراوە سزاییەکان لەڤایرۆسی کۆرۆنا ورووبەڕووبونەوەو پێشگیریکردن لەتەشەنەکردنی. | 2020/6/9 | 23. |
| پاش وەرگرتنی سکاڵای فەرمانبەرانی بەنداوەکان هەرێم، ئاڕاستەکردنی نووسراوێک بۆ وەزارەتی سەرچاوە ئاویەکانی عێراق، سەبارەت بە خەرجکردنی مووچەی فەرمانگەی بەنداوەکانی هەرێم...<br>وەڵامی وەزارەتی سەرچاوە ئاویەکان عێراق لە (2020/8/4) سەبارەت بە نارجنی مووچەی بەنداوەکانی هەرێم | 2020/6/10 | 24. |
| سەردانیکردنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی فیدراڵ بۆ باسکردنی ئەو گرفت و ئاستەنگانەی کەبەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە هاتووەتە بەردەم پرۆسەی خوێندنی باڵا. | 2020/7/7 | 25. |

| | | |
|---|---|---|
| .26 | 2020/7/8 | سەردانیکردنی (وەزارەتی تەندروستی) حکومەتی فیدراڵ بۆ تاوتوێکردنی سێکتەری تەندروستی بەگشتی وچۆنیەتی ڕێگریکردن لەزیاتر بڵاونەبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەروەها گەیاندنی داواکاری و پێداویستییە تەندروستییەکانی هاووڵاتیان لە ناوچەکانی عێراق و بەتایبەتیش کەرکوک و سەلاحەدین و خورماتوو و پارێزگای دیالە و خانەقین بە وەزیری تەندروستی حکومەتی فیدراڵ. |
| .27 | 2020/7/9 | بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و ئەو پرۆژانەی ڕاگیراون سەردانیکردنی (وەزیری پلاندانان)ی حکومەتی فیدراڵ، بۆ باسکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی هەرێمی کوردستان کە کارکردن تیایانداڕاگیراوەو پشتگوێخراوە، جەخت کردنەوە لە سەر دووبارە دەستبکرێتەوە بەکارکردن تیایانداوتەواوبکرێن، وەکۆمەڵە پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لەناوچە دابڕێنراوەکانی وەک کەرکوک و خانەقین ئەنجام بدرێت کە هەتا ئێستا خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆ پێشکەش بەو ناوچانە نەکراوە. |

| | | |
|---|---|---|
| 28. | 2020/7/9 | سەردانیکردنی (وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی فیدراڵ) بۆ گفتوگۆکردن بوو لەبارەی بارودۆخی ئەمنی عێراق بەگشتی وسەقامگیرکردنی ئاسایش، هەروەها گەیاندنی پێداویستی و داواکارییەکانی هاووڵاتیان وئەو دامودەزگافیدراڵیانەی کەسەربەوەزارەتی ناوخۆی عێراقن. |
| 29. | 2020/7/12 | کۆبوونەوە لەگەڵ خاتوو (جنین پلاسخارت) نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و سەرۆکی نێردەی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراق بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بەڕەوشی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان و بارودۆخی ئەمنی لە شاری کەرکوک و یاسای هەڵبژاردن لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وە ڕۆڵ و پێگەو کاریگەرییەکانی ژن لەعێراق و توانای بڕیاردان لەکایەی سیاسی وئیداری. |
| 30. | 2020/7/13 | کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی (الامناء) لەتۆڕی میدیای عێراق بە سەرکردنەوەی بۆ باسکردن لەڕەوشی ڕاگەیاندن لە ئەمڕۆی عێراق وەچۆنییەتی کارکردن لەسەر پێشکەشکردنی ڕاگەیاندنێکی ئامانجدار. |
| 31. | | سەردانیکردنی (تۆڕی میدیای عێراقی -شبکة الاعلام العراقي) بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە |

| | | |
|---|---|---|
| کاروچالاکییەکانی ئەم وۆرەکەو چۆنیەتی رومالْکردنی رووداوەکان و رێکخستنی بەرنامەکانیان و...هتد | | |
| سەردانیکردنی هەریەك لە (پارێزگاری هەولێر، وەزیری پلاندانان، وەزیری خوێندنی بالا، وەزیری کشتوکالْ، وەزیری رۆشنبیری و لاوان، وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا) بۆ خستنە رووی سەردانی وەزارەتەکانی حکومەتی فیدالْی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. | 2020/7/19 | .32 |
| بەمەبەستی دروستکردنی هەماهەنگی و پتەوکردنی پەیوەندیەکان وچارەسەرکردنی کێشەکانی و یەکخستنەوەی کارەکان، سەردانیکردنی هەریەک لە: (سەرۆکی پەرلەمان، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، فراکسیۆنی (ی.ن.ک) لە پەرلەمانی کوردستان، وهەروەها سەردانیکردنی هەریەکە لە (وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی پەروەردە). | 2020/7/20 | .33 |
| سەردانیکردنی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خستنە رووی سەردانی وەزارەتەکانی حکومەتی فیدالْی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. | 2020/7/21 | .34 |
| سەردانیکردنی وەزارەتی بازرگانی و | | .35 |

| | | |
|---|---|---|
| پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خستنە ڕووی سەردانی وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. | | |
| سەردانیکردنی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خستنەڕووی سەردانی وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. | | .36 |
| سەردانیکردنی بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خستنەڕووی سەردانی وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. | | .37 |
| بەدواداچوونی فراکسیۆنی (ی.ن.ک) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە هەماهەنگی و پشتیوانی لەگەڵ سەرۆکایەتی کۆمار، پاش ئاراستەکردنی نووسراو بۆ لایەنی پەیوەندیدار، سەرۆك وەزیرانی عێراق بڕیاری دەستبەجێ خەرجکردنی مووچەی کارمەندانی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ مانگەکانی (نیسان و ئایار و حوزەیران) و مانگەکانی داهاتووی ئاراستەی وەزارەتی دارایی کرد. | 2020/8/6 | 38 |

| | | |
|---|---|---|
| .39 | 2020/8/10 | له بارەگای نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشوازیکردن له (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە هەماهەنگی و کاری هاوبەش بۆ ڕێکخستنی چەند سەردانێك لەداهاتوودا بۆ فەرمانگە فیدراڵیەکان بەمەبەستی بیرورا گۆڕینەوەو پیشکەشکردنی پێشنیاری پێویست بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ کێشەو گرفتی هاووڵاتیان. |
| 40 | 2020/8/12 | سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای سلێمانی. بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەو گرفتەکانیان. |
| .41 | 2020/8/12 | سەردانیکردنی کۆمەڵگەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی بازرگانی سلێمانی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەو گرفتەکانیان. |
| .42 | 2020/8/12 | سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەو باری شارستانی پارێزگای سلێمانی، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەو گرفتەکانیان. |

| | | |
|---|---|---|
| .43 | 2020/8/19 | سەردانیکردنی سەرۆك کۆماری عێراق بەمەبەستی تاوتوێکردنی دۆخی ناوچە دابڕێندراوەکان بەیاوەری ژمارەیەك لەنوێنەری ناوچە دابڕاوەکان(کرکوك، دوز، داقوق، سەلاحەدین). |
| .44 | 2020/8/19 | سەردانیکردنی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق بەمەبەستی تاوتوێکردنی چەند پرسێکی تایبەت بە پارێزگاکانی هەرێم و ناوچە کێشە لەسەرەکان |
| .45 | 2020/8/20 | سەردانیکردنی سەرۆکی ڕەوتی حیکمەو گفتوگۆکردن لەسەر دۆخی عێراق وپەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. |
| .46 | 2020/8/26 | سەردانیکردنی نەخۆشخانەی هیوا بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە گیروگرفتەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان و گەیاندنی داواکارییەکانیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار. |
| .47 | 2020/8/26 | سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگی سلێمانی، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەو گرفتەکانیان. |
| .48 | 2020/9/10 | پێشوازیکردن لە (وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی فیدراڵ، بۆگفتوگۆکردن لەسەر دۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری عێراق و پلانی وەزارەت بۆ ئەم پرسە. |



**ناوی نوێنەر:** ئارەزوو مەحمود خدر محمود

**فراکسیۆن:** یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

**لیژنە:** لاوان و وەرزش

**کۆی چالاکی کە گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 41

| ژ | رێکەوت | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | 2019/10/1 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوە لەسەر هەمواری یاسای ئۆلۆمپی عێراق لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان لە هەولێر. |
| 2 | 2019/10/3 | بەشداریکردن لە خولێکی (موازنەو چاودێری پەرلەمانی) لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەهەولێر، کەلەلایەن رێکخراوی(NDI) ئەمریکیەوە سەرپەرشتی دەکرا. |
| 3 | 2019/11/14 | لە وەزارەتی وەرزش و لاوان لە بەغدا، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری وەزش و لاوان وەک لیژنەی وەرزش و لاوانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوونەوە لە گەڵ نوێنەرانی پەرلەمانی گەنجانی عێراق. |

| | | |
|---|---|---|
| 4 | 2020/1/12 | سەردانیکردنی هەریەک لەجێگری یەکەم و دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دانانی یاسای یەکتێییە وەرزشییەکان و یانەوەرزشییەکانی عێراق هەروەها میوانداری بەشێک لە سەرۆکی یەکتێییە وەرزشییەکان و بەرپرسی مەکتەبی تەنفیزی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق بۆ گفتوگۆو دانانی ڕێگەچارە بۆ کێشەکانیان لەگەڵ وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراق. |
| 5 | 2020/1/14 | سەردانیکردنی هەریەک لە لیژنەی ئۆڵۆمپی و لیژنەی پارائۆڵۆمپی نیشتمانی عێراقی، بەمەبەستی بەدواداچوونی کەموکورییەکانیان و چاودێری ئیشوکارەکانیان. |
| 6 | 2020/1/29 | سەردانیکردنی ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان لە سلێمانی بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگادار بوون پرۆژەکانی ئەو ڕێکخراوە و کاروچالاکیەکانی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی). |

| | | |
|---|---|---|
| کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوی (الشركاء الدوليين) بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کاری لیژنە وەزش و لاوان لە ڕابردوو بەرنامەی کاری داهاتووی لیژنەکە. | 2020/2/3 | 7 |
| لە پەراوێزی کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی لە لۆزان، بە ئامادەبوونی سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسی پەیوەندییەکانی لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی، بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی وەرزشی عێراق و کێشەکانی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی و دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ یاسای بەرەوپێشبردنی وەرزش لە عێراقدا. | 2020/2/5 | 8 |
| کۆبوونەوە لەگەڵ (سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی) بۆقسەکردن لەسەر دۆخی وەرزشی عێراق و کێشەکانی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی و دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ یاسای بەرەوپێش بردنی وەرزش لەعێراقدا. | 2020/2/10 | 9 |

| | | |
|---|---|---|
| 10 | 2020/4/13 | بەهاوبەشی لەگەڵ (د. جوان ئیحسان، حەسان ئاڵی، شیروان میراز، بڵێسە جەبار) سەردانیکردنی هەریەك لە (پارێزگاری سلێمانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، قائیمقامی سلێمانی، بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی) بەمەبەستی دەربڕینی سوپاس و پێزانین لەبەرامبەر هەوڵەکانیان بۆبەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا |
| 11 | 2020/4/14 | سەردانیکردنی ئیدارەی گەرمیان بەمەبەستی دەربڕینی سوپاس و پێزانین لەبەرامبەر هەوڵەکانیان بۆبەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا. |
| 12 | 2020/4/14 | سەردانیکردنی سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە لە نێوان شاری خانەقین و کوڵەجۆ وخاڵە گەرمەکانی شەڕ، بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەدۆخی ناوچەکەو ئامادەباشیەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و گفتوگۆکردن سەبارەت بەچۆنییەتی بەڕێوەچوونی ئەرک و چالاکیەکانیان. |

| | | |
|---|---|---|
| 13 | 2020/4/16 | سەردانیکردنی سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین، سوپاس و پێزانین لەبەرامبەر هەوڵەکانیان بۆبەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا |
| 14 | 2020/4/16 | سەردانیکردنی بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان بەڵێنی هاوکاری و پاڵپشتی تەواومان پێدان بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی کۆمەڵێک کێشەوگرفی ئیداری ناوچەکە کە لە حکومەتی فیدراڵی بەهەڵواسراوی ماونەتەوە.. |
| 15 | 2020/4/17 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی هاوبەشی وەفدێکی باڵای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کەپێکهاتبوو لە ( جێگری یەکەم و جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرۆکی فراکسیۆنە جیاجیاکانی لە ئەنجومەنی نوێنەران) و هاوسەرۆکی ((ی.ن.ک). |

| | | |
|---|---|---|
| 16 | 2020/7/15 | سەردانیکردنی (ناحیەی ژاراوە) بەمەبەستی بەدواداچوون و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە وەرزشیەکانی ژاراوە، کۆبوونەوە لەگەڵ (بەرپرسی ناوەندی وەرزش و لاوانی قەڵادزێ) و (بەڕێوەبەری ناحیە) (سەرۆکی شارەوانی) و( لیژنەی تیپەمیللیەکان) بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی چارەسەر کردنی کێشە وەرزشیەکان. |
| 17 | 2020/7/16 | سەردان و بەسەرکردنەوەی یانەی وەرزشی قەڵادزێ و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی یانەو سەرۆکی لیژنەی تیپەمیللیەکانی قەڵادزێ و گفتوگۆکردن لەسەر کێشەو کەموکورییەکانی یانەکەو هەردوو یاریگاکەیان بۆ بەدواداچوون و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان |

| | | |
|---|---|---|
| 18 | 2020/7/19 | سەردانیکردنی هەریەك لە (پارێزگاری هەولێر، وەزیری پلاندانان، وەزیری خوێندنی باڵا، وەزیری کشتوکاڵ، وەزیری رۆشنبیری و لاوان وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا). بۆ خستنە رووی سەردانی وەزارەتەکانی حکومەتی فیداڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. |
| 19 | 2020/7/20 | بەمەبەستی دروستکردنی هەماهەنگی و پتەوکردنی پەیوەندیەکان وچارەسەرکردنی کێشەکانی و یەکخستنەوەی کارەکان، سەردانیکردنی هەریەک لە: (سەرۆکی پەرلەمان، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، فراکسیۆنی (ی.ن.ک)) لە پەرلەمانی کوردستان، وهەروەها سەردانیکردنی هەریەکە لە (وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی پەروەردە). |
| 20 | 2020/7/21 | سەردانیکردنی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خستنە رووی سەردانی وەزارەتەکانی حکومەتی فیداڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. |

| | | |
|---|---|---|
| 21 | 2020/7/21 | سەردانیکردنی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خستنە ڕووی سەردانی وەزارەتەکانی حکومەتی فیداڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. |
| 22 | 2020/7/21 | سەردانی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خستنە ڕووی سەردانی وەزارەتەکانی حکومەتی فیداڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. |
| 23 | 202/7/21 | سەردانیکردنی بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خستنە ڕووی سەردانی وەزارەتەکانی حکومەتی فیداڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. |
| 24 | 2020/8/6 | بەدواداچوونی فراکسیۆنی (ی.ن.ک) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی کۆمار و پاش ئاڕاستەکردنی نووسراو بۆ لایەنی پەیوەندیدار، سەرۆك وەزیرانی عێراق بڕیاری دەستبەجێ خەرجکردنی مووچەی کارمەندانی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان بۆ مانگەکانی (نیسان و ئایار و حوزەیران) و مانگەکانی داهاتووی ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی کرد. |

| | | |
|---|---|---|
| 25 | 2020/8/12 | سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای سلێمانی، بۆ گفوتەگۆکردن لە سەر داواکاری و کێشەو گرفتەکانیان . |
| 26 | 2020/8/13 | فراکسیۆنی (ی.ن.ک) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەو باری شارستانی پارێزگای سلێمانی دەکات . |
| 27 | 2020/8/19 | سەردانیکردنی سەرۆك کۆماری عێراق بەمەبەستی تاوتوێکردنی دۆخی ناوچە دابڕێندراوەکان بەیاوەری ژمارەیەك لە نوێنەری ناوچە دابڕاوەکان (کرکوك و دوز، داقوق، سەلاحەدین). |
| 28 | 2020/8/19 | سەردانیکردنی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق بەمەبەستی تاوتوێکردنی چەند پرسێکی تایبەت بە پارێزگاکانی هەرێم و ناوچە کێشە لەسەرەکان. |
| 29 | 2020/8/15 | سەردانیکردن بۆ بنکەی هەڵشۆی پاسەوانی سنور و گفتوگۆکردنی کێشەو گرفتەکانیان و بەدواداچوون و گەیاندنی کێشەکانیان بەلایەنی پەیوەندیدار |

| | | |
|---|---|---|
| بەمەبەستی بەدواداچوون و چارەسەری کێشەی هاوڵاتیان سەردانیکردنی هەر یەک لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی پشدەرو سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزێ و بەڕێوەبەرایەتی گومرگی راپەرین. | 2020/8/17 | 30 |
| سەردانیکردنی نەخۆشخانەی هیوا بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە گیروگرفتەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان و گەیاندنی داواکارییەکانیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار. | 2020/8/26 | 31 |
| سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگی سلێمانی، بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە گیروگرفتەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان و گەیاندنی داواکارییەکانیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار. | 2020/8/27 | 32 |
| وەک لیژنەی وەرزش ولاوان پێشوازیکردن لە نوێنەری رواد و پاڵەوانانی ئەستێرەی وەرزشی لە عێراق لەسەرجەم یارییە جیاوازەکان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێشنیازو هەمواری هەندێک برگەی یاسای رواد و پاڵەوانان . | 2020/9/9 | 33 |
| بۆ گفتوگۆو دیراسەی بەرنامەو کاری داهاتوی وەزارەت و یاسای یانە وەرزشیەکان کۆبوونەوە لەگەڵ (وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق) بۆ تاوتویی کێشەو گرفتەکان. | 2020/9/10 | 34 |

| | | |
|---|---|---|
| 35 | 2020/9/20 | کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەی وەرزش و لاوان بەمەبەستی گفتوگۆو دانانی بەرنامەی کاری لیژنە بۆ وەرزی نوێی یاسادانان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. |
| 36 | 2020/9/21 | کۆبوونەوە لەگەڵ سەرجەم سەرۆک و نوێنەری یەکێتیە وەرزشیەکانی عێراق بەمەبەستی گفتوگۆو وەرگرتنی راو بۆچوونەکان لەسەر میزانیەو یاسای (یەکێتیە وەرزشیەکان). |
| 37 | 2020/9/24 | کۆبوونەوە لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسانی وەرزشی عێراق، بەمەبەستی گفتوگۆ و راوێژ لەسەر یاسای یانەو یەکێتیە وەرزشیەکان و تاوتوێکردنی کێشەو گرفتەکان. |
| 38 | 2020/9/26 | بەشداریکردن لە کۆنگرەی یانە وەرزشیەکانی عێراق، سەبارەت بە گفتوگۆکردن لەسەر یاسای وەبەرهێنانی وەرزشی لە عێراق. |
| 39 | 2020/9/23 | میوانداریکردنی بەرێوەبەرانی گشتی لە بەرێوەبەرایەتی زانستی و بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی جەستەیی لە وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراق، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەرنامەو کاری بەرێوەبەراتیەکانیان بۆ لاوان و وەرزشەوانان و دۆزینەوەی میکانیزمی چارەسەری گرفتەکانی بەردەمیان. |

| | | |
|---|---|---|
| 40 | 2020/9/25 | میوانداریکردنی بەرێوەبەری گشتی بەرێوەبەرایەتی (طب الرياضي) لە وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراق بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە چۆنیەتی ئیشکردنیان و گرفتەکانی بەردەمیان. |
| 41 | 2020/9/26 | کۆبوونەوە لەگەڵ جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان بەمەبەستی گفتوگۆ لەسەر بەرەوپێشچوونی هەردوو یاسای یانە و یاریگا وەرزشیەکان و گرنگی ئەو یاسایانە بۆ بنیاتنانەوەو بەرەوپێشبردنی رەوتی وەرزش لە عێراق. |



**ناوی نوێنەر:** ڕێزان دلێر مستەفا

**فراکسیۆن:** یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

**لیژنە:** ژنان و منداڵان وخێزان

**کۆی چالاکی کە گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 32

**تێبینی/** (ڕێزان شێخ دلێر) لە ڕێکەوتی (2020/5/7) وەک ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران سوێندی یاسایی خوارد و دەستبەکاربوو.

| ز | ڕێکەوت | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | 2020/5/11 | لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشوازیکردن لە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی). |
| 2 | 2020/5/18 | لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پێشوازکردن لە (ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان و بەشێک لە ستافی کارگێری ڕێکخراوەکە) بەمەبەستی گفتوگۆ لەسەر کۆمەڵێک پرس وکێشەی یاسایی ژنان. |
| 3 | 2020/5/19 | سەردانیکردنی شاری (خانەقین کۆبوونەوە لەگەڵ قائیمقامی قەزای (خانەقین) وتاوتوێی ڕەوشی ئەمنی و ئیداری وخزمەتگوزاری شارەکە. |

| | | |
|---|---|---|
| 4 | 2020/5/20 | سەردانیکردنی پارێزگای هەڵەبجەو کۆبوونەوە لەگەڵ (پارێزگارو جێگری پارێزگار و قائیمقامی هەڵەبجە و بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ بەمەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت پرسی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە و چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم بەپارێزگابوونی هەڵەبجە.<br>سەردانیکردنی سەرۆکایەتی زانکۆی هەڵەبجە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشە و گرفتەکانی زانکۆکە. |
| 5 | 2020/5/31 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (د. موسەنا ئەمین، د.بەهار مەحمود، د.ڕێبوار کریم) لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشوازیکردن کردن لە (فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی) سەبارەت بە دانانی ئەندامانی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەمیکانیزمێکی ڕوون و دوور لە پشکێنەی حیزبایەتی و نەتەوەیی. |
| 6 | 2020/6/15 | لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشوازیکردن لە ژمارەیەك میدیاکارو سەبارەت بە ڕۆڵی دەزگا جیاوازەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکاران لە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان . |

| | | |
|---|---|---|
| 7 | 2020/6/18 | لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشوازیکردن لە گروپی ئاشتی، سەبارەت بە پرۆسە سەربازیەکانی تورکیاو ئێران لەسەر سنوری عێراق. |
| 8 | 2020/7/7 | سەردانیکردنی وەزارەتی خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی فیدرالْ بۆ باسکردنی ئەو گرفت و ئاستەنگانەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە هاتووەتە بەردەم پرۆسەی خوێندنی بالا. |
| 9 | 2020/7/8 | سەردانیکردنی (وەزارەتی تەندروستی) حکومەتی فیدرالْ بۆ تاوتوێکردنی سێکتەری تەندروستی وچۆنیەتی ڕێگریکردن لەزیاتر بلاونەبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوهەروەها گیاندنی داواکاری وپێداویستییە تەندروستییەکانی هاوولاتیان لە ناوچەکانی عێراق و بەتایبەتیش کەرکوک و سەلاحەدین و خورماتوو و پارێزگای دیالە و خانەقین. |

| | | |
|---|---|---|
| 10 | 2020/7/12 | کۆبوونەوە لەگەڵ خاتوو (جنین پلاسخارت) نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و سەرۆکی نێردەی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق لە بارەگای سەرەکی یۆنامی، بەمەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بەرەوشی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان و بارودۆخی ئەمنی لە شاری کەرکوک و باسکردنی یاسای هەڵبژاردن لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وە ڕۆڵ و پێگەو کاریگەرییەکانی ژن لە عێراق و توانای بڕیاردان لەکایەی سیاسی و ئیداری. |
| 11 | 2020/7/13 | سەردانیکردنی (تۆڕی میدیای عێراقی) بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە کاروچالاکییەکانی ئەم تۆڕەکەو چۆنیەتی ڕوماڵکردنی ڕووداوەکان و ڕێکخستنی بەرنامەکانیان و...هتد |
| 12 | 2020/7/15 | لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشوازیکردن لە ڕێکخراوی ژیانەوەی گەنجان، سەبارەت بە کردنی کەمپین دژی هێرشەکانی تورکیا. |


| | | |
|---|---|---|
| 13 | 2020/7/19 | سەردانیکردنی هەریەك لە (پارێزگاری هەولێر، وەزیری پلاندانان، وەزیری خوێندنی باڵا، وەزیری کشتوکاڵ، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان، وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا) بۆ خستنە ڕووی سەردانەکانی فراکسیۆنی (ی.ن.ک) بۆ وەزارەتەکانی حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. |
| 14 | 2020/7/20 | بەمەبەستی دروستکردنی هەماهەنگی و پتەوکردنی پەیوەندیەکان وچارەسەرکردنی کێشەکانی و یەکخستنەوەی کارەکان، سەردانیکردنی هەریەک لە: (سەرۆک و جێگری سەرۆک)ی پەرلەمانی کوردستان، (فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان و سەردانیکردنی هەریەکە لە (وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی پەروەردە). |
| 15 | 2020/7/21 | سەردانیکردنی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خستنە ڕووی سەردانەکانی فراکسیۆنی (ی.ن.ک) بۆ وەزارەتەکانی حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. |

| | | |
|---|---|---|
| 16 | | سەردانیکردنی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خستنە رووی سەردانەکانی فراکسیۆنی (ی.ن.ک) بۆ وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. |
| 17 | | سەردانیکردنی بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خستنە رووی سەردانەکانی فراکسیۆنی (ی.ن.ک) بۆ وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. |
| 18 | 2020/7/21 | سەردانیکردنی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خستنە رووی سەردانەکانی فراکسیۆنی (ی.ن.ک) بۆ وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. |
| 19 | 2020/7/26 | بەهاوبەشی لەگەڵ (د. بەهار محمود) لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشوازیکردن لە چەند رێکخراوێکی تایبەت بە ژنان. |

| | | |
|---|---|---|
| 20 | 2020/7/29 | وەک ئەندامی لیژنەی ژنان و خێزان و منداڵان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی (NDI). تایبەت بە پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی. |
| 21 | 2020/8/3 | بەشێوەی ئۆنلایەن بەشداریکردن لە کۆنگرەیەکی جیهانی تایبەت بە یادی جینۆسایدی ئێزیدیەکان کە لەلایەن ڕێکخراوی یەزدا بەچاودێری و بەشداری سەرۆک کۆمار ڕێکخرابوو. |
| 22 | 2020/8/9 | وەک لیژنەی ژنان و خێزان و منداڵان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشێوەی ئۆنلاین بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ ڕێکخراوەکان و چالاکوانانی بواری ژنان. |
| 23 | 2020/8/11 | بەشێوەی ئۆنلاین لیژنەی خێزان و ژنان و منداڵان بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی لیژنەکە کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان لە ڕێگەی ئۆنلاینەو سازکرد بۆ تاوتوێکردنی پرۆژە یاسایی توندوتیژی خێزانی. |
| 24 | 2020/8/12 | سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەو باری شارستانی پارێزگای سلێمانی، بۆگفتوگۆکردن لەسەر کێشەو گرفتەکانیان. |

| | | |
|---|---|---|
| 25 | 2020/8/13 | بەهاویبەشی لەگەڵ جەند ئەندامێکە دیکەدا، بەشداریکردن لە پانێڵێکی تایبەت بە (پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە شاری سلێمانی. |
| 26 | 2020/8/16 | سەردانیکردنی کەمپی ئاوارەکانی ئاشتی لە سلێمانی بەمەبەستی گفتوگۆکردن لە سەر کێشەو گرفتەکانیان وگەیاندنی بە لایەن پەیوەندیدارەکان. |
| 27 | 2020/8/17 | بەیاوەری بەڕێوەبەری نووسینگەی سلێمانی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی فیدراڵ و بەڕێوەبەری ئیدارەی کەمپی ئاشتی، سەردانیکردنی پارێزگاری سلێمانی، بۆ بەدواداچوون بۆ کێشەو گرفتەکانی ئاوارەکانی کەمپی ئاشتی. |
| 28 | 2020/8/20 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی نێوان سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و بەشێک لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. |
| 29 | 2020/9/5 | بەشێوەی ئۆنلاین بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی (پەیمانگای عێراقی بە هەماهەنگی نەتەوەیەکگرتووەکان) تایبەت بە بڕیاری ژمارە (1325)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دۆزینەوەی پلانی جێگرەوەی نیشتیمانی بۆ ئەو پرسە. |

| | | |
|---|---|---|
| بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کەیسی کوژرانی دووخوشکەکەی (چەمچەماڵ) بەیاوەری بەرپرسی ڕێکخراوی (Wola) لەگەڵ هەریەک لە قائیمقام و دادوەری لێکۆڵینەوە و داواکاری گشتی چەمچەماڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ و بەڕێوەبەری بنکەی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی و بنکەی پۆلیسی چەرموو کۆبونەوە سەبارەت بە دۆزینەوەی بکوژی ئەو دووخوشکە. | 2020/9/16 | 30 |
| بەشداریکردن لە چالاکییەکی تایبەت بە ئامادەکاری پرۆژە یاسایی کا لەلایەن چەن ڕێکخراوەکەوە ئاماداکراوە بەناوی ناوی من ناوی دایکمە. | 2020/9/17 | 31 |
| بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بە ئامادەبوونی سەرۆک کۆمار بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چارەنووسی ئەو ژنانەی کە لە دەستی داعش ڕزگاریان بووە. | 2020/9/19 | 32 |



**ناوی نوێنەر:** موسەنا ئەمین نادر حسێن

**فراکسیۆن:** یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان

**لیژنە:** پەیوەندییەکانی دەرەوە

**کۆی چالاکی لە گەیشتنەتە تیمی پرۆژە:** 29

| ز | ڕێکەوت | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | 2019/10/9 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی عێراق سەبارەت بەر هێرشی تورکیا بۆ سەر سوریا کەحاڵەتێکی مەترسیدارەو کاریگەری خراپی دەبێت هەم بۆ سوریا هەم بۆ کوردستانیش. |
| 2 | 2019/10/10 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەك لە نێوان سەرۆك کۆمارو وەزیرە کوردەکان و سەرۆکی فراکسیۆنە کوردستانیەکان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و چەند لایەنێکیتر، تایبەت بە بەهەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای عێراق و هەڵوێستی پێویستی کوردستان سەبارەت بە دۆخی عێراق. |
| 3 | 2019/11/5 | بەشداریکردن لە دیداری میری سەبارەت بە ڕەوشی ئەمرۆی عێراق و هەرێمی کوردستان |

| | | |
|---|---|---|
| 4 | 2019/11/21 | ئامادەكردنی پرۆژە یاسایەك بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان سەبارەت بە پارێزگا بوونی هەڵبجە لە نێوان یاسایی و نایاسایی بوونی یاخود پەراوێزخستنی. |
| 5 | 2019/11/26 | وەك سەرۆكی لیژنەی دۆستایەتی نێوان (عێراق - ئەندەنوسیا) لە پەرلەمانی عێراق، پێشوازیكردن لە باڵوێزی ئەندەنوسیا لە بەغدا بۆ گفتوگۆكردن لەسەر بوارەكانی سیاسی و زانستی و بازرگانی وپیشەسازی و هۆكاری هەڵگرتنی فیزا و كاراكردنی پەیوەندییەكان و گۆرینەوەی ئەزموون. |
| 6 | 2019/11/30 | بەشداریكردن لە وۆركشۆپێك بۆ زانینی را و سەرنج و پێشنیاری خەڵكی ئەكادیمی و پسپۆرانی بوارەكانی دەستور و سیستەمە سیاسییەكان و ئابوری، لە سلێمانی وەك ئەندامانی كوردی لیژنەی هەمواری دەستوری عێراق، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەلاتەكانی هەرێم. |
| 7 | 2019/12/19 | بەهاوبەشی لە گەڵ بەشێك لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دەستەی سەرۆكایەتی و ئەندامانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، بەشداریكردن لە مەراسیمێكی تایبەت بە بلاو كردنەوەی راپۆرتی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) كە لەلایەن (رێكخراوی كوردستان بۆ هەمووان )ەوە ئامادەكرابوو. |

| | | |
|---|---|---|
| 8 | 2019/12/27 | ئەنجامدانی دانیشتنێک لەگەڵ (محمد تۆفیق عەللاوی) کاندیدی پێشوو بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق تایبەت بە ئەرکی نوێ و مافەکانی کورد و پرسی چاکسازی لە عێراق و دژایەتی گەندەڵی و ڕێگەگرتن لە ساختەکاری و .... هتد . |
| 9 | 2019/12/31 | بەهاوبەشی لە گەڵ (15) نوێنەری کورد لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەرکردنی بەیاننامەیەك لەدژی دانانی کۆمیسیۆنی نوێی هەڵبژاردن کە (بەشێوەیەکی ناڕوون و نادەستوری). |
| 10 | 2020/1/8 | بە هاوبەشی لە گەڵ هەریەک لە (د.بەهار مەحموود، ئەحمەدی حاجی ڕەشید) لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشوازیکردن لە ژمارەیەك لە جووتیارانی پارێزگای سلێمانی بەمەبەستی بەدواداچوون و کۆتا زانیاری لەسەر پارەی گەنمی ساڵی (2014). |
| 11 | 2020/1/13 | کۆکردنەوەی (150) واژۆ لە نێو پەرلەمانتارانی عێراقی بۆ ناچارکردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەدانانەوەی سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ ئەژمارکردنی نیصاب و دەنگدان تاکو ڕێگری لەوە بکرێت سەرۆکایەتی بە میزاجی تاکەکەسی و لایەنگری بڕیار بدات و شەفافییەت و نەزاهەت لەکارو بڕیاردا دروست بکرێتەوە. |
| 12 | 2020/1/28 | لە نووسینگەی سلێمانی پێشوازیکردن لە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) بە مەبەستی هەماهەنگی زیاتر لەسەر چالاکییەکانی پڕۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی). |

| | | |
|---|---|---|
| 13 | 2020/1/30 | بە هاوبەشی لە گەڵ (د.بەهار مەحموود) لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی ژمارەیەک فەرمانبەری گرێبەستی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی سلێمانی دەکەوێت. |
| 14 | 2020/2/10 | بە هاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (ئەحمەدی حاجی ڕەشید و د.بەهار مەحمودو یسری رجب) سەردانیکردنی {کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی نوێی عێراق) تایبەت بە کاری نوێی کۆمیسیۆن و کێشەی دەیان هاولاتی خاوەن گرێبەستی کۆمیسیۆن کە خەڵکیتر لەجێگەیان دانراوە وهەروەها چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسای نوێی کۆمیسیۆن و دروستکردنەوەی ئۆفیسەکان و پڕکردنەوەی پۆستەکان. |
| 15 | 2020/2/10 | کۆبوونەوە لە گەڵ ئەمینداری گشتی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)و گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروباری ئەنجومەنی نوێنەران و چەند پرسێکی دیکەی تایبەت بە ئەنجومەنی نوێنەران. |
| 16 | 2020/2/11 | لە سەرداوای هاووڵاتیان و لە دوایین بەدواداچووندا لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراق توانرا نووسینگەی (مكتب التصديقات القنصلية) لە هەولێرو سلێمانی بکرێنەوە. |
| 17 | 2020/3/7 | سەردانیکردنی نەخۆشخانەی تایبەت بە کۆرۆنا ڤایرۆس چاوپێکەوتن لەگەڵ هەریەکە لە قائیمقامی سلێمانی و دوو لەو خێرخوازانەی لە دروستکردنی نەخۆشخانەکەدا بەشداربوون. |

| | | |
|---|---|---|
| 18 | 2020/4/17 | بەشداریکردن کۆبوونەوەیەک لەنێوان هەردوو جێگری سەرۆکی پەرلەمان و لیژنەی تەندروستی و بەشێک لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکان و جێگری وەزیری تەندرووستی عێراق و وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لە پارێزگای سلێمانی. |
| 19 | 2020/5/4 | بە هاوبەشی لە گەڵ (د. رێبوار کریم، د.یوسف محمد،) کۆبوونەوە لەگەڵ (مصطفی کاظمی) راسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەت، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر (ماف و شایستەداراییەکانی هەرێم و موچە و بودجە، مافی جوتیاران، ناوچەکانی مادەی (140)، هەڵبژاردنی ئایندە، بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە.) |
| 20 | 2020/5/7 | بەدەمەوەچوونی (36) قوتابی کورد کە لە وڵاتی میسر گەڕابوونەوە بۆ بەغداد و بەهاوکاری شانەی قەیرانەکان لە عێراق و نوێنەرایەتی هەرێم لە بەغداد. |
| 21 | 2020/5/14 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە(د.غالب محمد و سەرکەوت شمس الدین و د. رێبوار کریم) پێشوازیکردن لە نوێنەرانی مامۆستایانی ناڕازی سلێمانی، بەمەستی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ دواکەوتنی موچەو چۆنیەتی گەیاندنی داخوازیەکانیان بە ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا. |

| | | |
|---|---|---|
| 22 | 2020/5/31 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (ریزان شێخ دلێر، د.بەهار مەحمود، د.ڕێبوار کریم) لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشوازیکردن لە فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی سەبارەت بە دانانی ئەندامانی کۆمسیارانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەمیکانیزمێکی ڕوون و ئاشکرا بەرپرسی ئۆفیس و هۆبەو بەشەکانی کۆمیسیۆنی لە شارەکان دابنێت دوور لە پشك پشکێنەی حیزبایەتی و نەتەوەیی. |
| 23 | 2020/8/12 | بەشداریکردن لە [سەکۆی بەشداری گشتی / سلێمانی] تایبەت بە (پرۆژە یاسای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق). |
| 24 | 2020/8/20 | بەهاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سلێمانی. |
| 25 | 2020/8/21 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (ئەحمەد حاجی رەشید، سەرکەوت شەمسەدین، د.ڕێبوار کریم، د. غالب محەمەد) ئاراستەکردنی یاداشتێک بە نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، سەبارەت بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە کوردستان |

| | | |
|---|---|---|
| بەهاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ سلێمانی بەشداریکردن لەوەرگرتنی یاداشتێك لەپارێزگاری هەڵەبجە و کەسایەتی و پیاو ماقوڵان و ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە بۆ حکومەتی ناوەندی و پەرلەمانی عێراق تایبەت بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە. | 2020/9/17 | 26 |
| کۆبوونەوەی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ وەزیر و وەزارەتی دەرەوەی عێراق سەبارەت بە هێرشەکانی هەریەك لە تورکیا و ئێران بۆ سەر عێراق. | 2020/9/23 | 27 |
| بەشداریکردن لە کۆتا دانیشتنی لیژنەی هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی تازەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە مەبەستی کاراکردنی ڕۆڵی چاودێری پەرلەمانی و ژێربارکردنی دەسەلاتی جێبەجێکردن بۆ یاسا و چاودێری و لێپێچینەوە. | 2020/9/24 | 28 |
| بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەکە لە (ئەحمەد حاجی ڕەشید، د. غالب محمد، یسرا ڕەجەب، ڕێبوار کەریم، سەرکەوت شەمسەدین، هۆشیار عەبدوڵا، د.یوسف محمد، د. بەهار مەحمود) ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ سلێمانی، پشتیوانیکردن لە داخوازی مامۆستایان و فەرمانبەران سەبارەت بە برینی موچەکانیان و دابەشکردنی مووچە لە کاتی خۆیدا. | 2020/9/26 | 29 |



**ناوی نوێنەر:** غالب محەمەد عەلی

**فراکسیۆن:** گۆڕان

**لیژنە:** نەوتو گاز

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 28

| ژ | ڕێکەوت | جۆری چالاکی |
| --- | --- | --- |
| 1 | 2019/11/1 | بە دواداچوون بۆ دابەشکردنی سوتەمەنی لەهەموو عێراق ناردنی بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕێی سەردانیکردن و پەیوەندیکردن بە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە |
| 2 | 2019/12/14 | ئاراستەکردنی نووسراوێک بە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەمەبەستی بەدواداچوون و ڕێگریکردن لە بەتالانبردنی نەوتی هەرێم کوردستان و کەرکوك و موصل بە تەنکەر لە ولاتی تورکیا.<br>وەلامی نووسینگەی سەرۆك وەزیران بە نووسراوێکی نهێنی ژمارە ( م .ر .و/س/2د) کە بەدواداچوون دەکەن بۆ ئەم کەیسە و بابەتەکەیان ئاراستەی ئاسایش نەتەوەیی کردوە. |

| | | |
|---|---|---|
| 3 | 2019/12/19 | بەداواداچوون بۆ ئەو داوا یاساییەی کە لە (2019/7/15)دا لە دادگای فیدراڵی عێراق لەبری ژمارەیەک مووچەخۆری زیانلێکەوتووی هەرێم پێشتر تۆمارکرابوو و تایبەت بە مووچەی دیار نەماوی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، بەهاوبەشی لەگەڵ ئەندامێکی دیکەی (فراکسیۆنی گۆڕان)دا سەردانیکردنی سەرۆکی دادگای فیدراڵی گفتوگۆکردن لەبارەی کۆمەڵێ پرسی یاسایی و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێم و نێوانی دامەزراوەکان و بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و یاسای بودجە و کەیسی نەوتەوە هەیە. |
| 4 | 2020/1/13 | ئاڕاستەکردنی نووسراوێک بۆ وەزیری دارایی عێراق خاڵی سنوری سمێلکای نێوان هەرێمی کوردستان و سوریا (ڕۆژئاوای کوردستان) لەلایەن دوو کۆمپانیای حزبی بەڕێوەدەبرێن و داهاتەکەی تاکو ئێستا نادیارە. |

| | | |
|---|---|---|
| 5 | 2020/1/22 | پاش ئەوەی کۆمەڵێک بەڵگە دراوەتە دەستەی نەزاهەی هەولێر، جارێکیتر لەسەر ئەو کەیسە ئامادەبوون لە دادگای تاوانی هەولێر وەک شاهێد لەو کە یسە کەبازرگانێکی نەوت و ڕاوێژکارێکی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و بەڕێوەبەرێکی گشتی لەوەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەسەر ئەوبابەتە دەست بەسەر کران، لەسەر هێنانی سوتەمەنی کوالێتی خراپ. |
| 6 | 2020/1/27 | بەدواداچون بۆ کێشەی (292) کارمەندی وەزارەتی کۆچ وکۆچبەران کە پێشتر مووچەیان لە ڕێکخراوی (UNHCR) وەردەگرت، کە بەشێکی زۆریان لە هەرێمی کوردستان بوون، بکرێن بە گرێبەستی حکومی و مانگانە مووچەکانیان لەحکومەت وەرگرن، پاش پەیوەندیکردن بە وەزیرانی کۆچبەران و دارایی عێراق، دواجار بڕیاردرا بکرێن بە گرێبەستی حکومی و مانگانە مووچەکانیان لەحکومەت وەربگرن. |

| | | |
|---|---|---|
| 7 | 2020/2/9 | ئاراستەکردنی نووسراوی ژمارە (74) لە (2020/1/5)دا بۆ وەزارتی دادی عێراق، سەبارەت بە کێشەو گرفتەکانو دۆخی گرتوخانەی سوسێ. |
| 8 | 2020/3/27 | بەهاوبەشی لەگەڵ پەرلەمانتار( سەرکەوت شەمسەدین) بە نووسراوی فەرمی داوا لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق کرا کە دەستبەلێکۆڵینەوە و کاری یاسایی بکات بۆ گێڕانەوەی بری یەک ملیار دۆلار کە داهاتی نەوتی هەرێمە و لە یەکێک لە بانکەکانی لوبنان دەستیبەسەردا گیراوە. |
| 9 | 2020/4/1 | دابینکردنی بڕی (36000)هەزار لیتر نەوتی سپی نەوت بۆ (1000) خێزانی خاوەن پێداویستی تایبەت، پاش ئاراستەکردنی چەندین نووسراو بۆ وەزارەتی نەوتی عێراق دواجار توانرا ڕەزامەندی جێگری وەزیری نەوتی عێراق وەربگیرێت و دابەشکردنی بڕی (36) لیتر بۆ هەر خێزانێکی خاوەن پێداویستی تایبەت |

| | | |
|---|---|---|
| بەهاوبەشی لەگەڵ ( سەرکەوت شەمسەدین) بە نووسراوی فەرمی داوا لە وەزارەتی پلاندانان و تەندروستی عێراق کرا، پێداچوونەوە بە شێوازی گەیاندنی هاوکاری بۆ هەرێمی کوردستان وهەروەها چاودێریکردنی لەلایەن نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق). | 2020/4/16 | 10 |
| بەهاوبەشی لەگەڵ ( سەرکەوت شەمسەدین) نووسراوێک ئاراستەی وەزیری کشتوکاڵی هەرێم کرا، سەبارەت بە هاوردەکردنی بڕی (110) هەزار تەن جۆ لە ڕێگەی کۆپانیایەکەوە لە سنوری نێوان عێراق و سوریا. | 2020/5/10 | 11 |
| بەهاوبەشی لەگەڵ (د. مثنى امين و سەرکەوت شەمسەدین و د. ڕێبوار کریم) لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەران پێشوازیکردن لە ژمارەیەک نوێنەرانی مامۆستایانی ناڕازی و گفتوگۆکردن بەمەستی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ دواکەوتنی موچەو چۆنیەتی گەیاندنی داخوازیەکانیان بە ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا. | 2020/5/13 | 12 |

| | | |
|---|---|---|
| 13 | 2020/5/16 | بەهاوبەشی لەگەڵ (سەرکەوت شەمسەدین) سەبارەت بە دەستگیرکردنی ژمارەیەک مامۆستا و چالاکوان لە پارێزگای دهۆک، ئاراستەکردنی یاداشتێک بۆ هەریەکە لە (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان). |
| 14 | 2020/6/10 | پاش ناردنی بڕی (400) ملیار دینار لە لایەن حکومەتی عێراق بۆ مووچەخۆرانی هەرێم، بەڵام لە هەرێم بڕی (12) ملیاری دایەوە بە قەرزی کۆپانیاکان، بەهاوبەشی لەگەڵ (سەرکەوت شەمسەدین) ئاراستەکردنی نووسراوێکی فەرمی بۆ دەستەی دەستپاکی عێراق، سەبارەت بەچۆنیەتی سەرفکردنی ئەو بڕە پارەیە. |

| | | |
|---|---|---|
| جـــارێکیتر کـــۆکردنەوەی واژۆی (37) ئەنـدام ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق بـۆ داواکردنـــی کۆبـــونەوەی تـــایبەت لە ئەنجـــومەنی نـــوێنەرانی عێـــراق لە ســـەر هێرشـــەکانی تورکیـــا بـــۆ ســـەر خـــاکی کوردســـتان بە میوانـــداری ســـەرۆك وەزیرانـــی عێراق و وەزیری پیوەندیدار. | 2020/6/24 | 15 |
| بەهاوبەشـی لەگـەڵ (سـەرکەوت شـەمسـەدین) نووسـراوێـک ئاڕاسـتەی سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق کـرا سـەبارەت بە خۆپیشـاندانەکانی (شیلادزێ). | 2020/7/6 | 16 |
| بەهاوبەشـی لەگـەڵ ( سەرکەوت شـەمسەدین) نووسـراوێـک ئاڕاسـتەی ئاڕاسـتەی سـەرۆک وەزیرانـــی عێـــراق کـــرا ســـەبارەت بە کـۆنترۆڵکردنی دەروازە سـنوریەکانی نێـوان (هەرێـــم و ســـوریا) و (هەرێـــم و ئێـــران) لە پارێزگاکـــانی دهـــۆک و ســـلێمانی و هەڵەبجە. | 2020/7/16 | 17 |
| بەهاوبەشـی لەگـەڵ ( سەرکەوت شـەمسەدین) نووسـراوێـک ئاڕاسـتەی ئاڕاسـتەی سـەرۆک وەزیرانی عێراق کـرا سـەبارەت بە دواکەوتنـی مـووچەی فەرمـانبەرانی هەرێم و بڕینـی ڕێژەی (21٪). | 2020/8/28 | 18 |

| | | |
|---|---|---|
| 19 | 2020/9/8 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (ئەحمەد حاجی رەشید، سەرکەوت شەمسەدین) سەردانیکردنی وەزارەتی ناوخۆی فیدراڵی تایبەت بە پرسی موچەی فەرمانبەرانی فیدراڵی (رەگەزنامە، پاسپۆرت، نشینگە) توانرا پرسی موچەی مانگەکانی (2020/4،5،6،7،8)ی فەرمانبەرانی فیدراڵی یەکلای بکرێتەوەوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ناوخۆی فیدراڵی |
| 20 | 2020/8/21 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (ئەحمەد حاجی رەشید، سەرکەوت شەمسەدین، د.رێبوار کریم، د. موسەنا ئەمین) ئاراستەکردنی یاداشتێک بە نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، سەبارەت بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان. |

| | | |
|---|---|---|
| بەهاوبەشی لەگەڵ (سەرکەوت شەمسەدین) بەسەرکردنەوەی دەرچوانی بەشی ئەندازیاری نەوت کە زۆربەیان لە پێکهاتەی کوردی کەرکوک و دوز خورماتوو، خانەقین، شەنگال و دەشتی موسڵ وە ژمارەیەک گەنجی دیکەی پارێزگاکان ناوەراست و باشوری عێراق کە لە بەردەم وەزارەتی نەوتی عێراق ماوەی (45) رۆژە خێمەیان هەڵدابوو. | 2020/9/9 | 21 |
| ئاراستەکردنی نووسراوێک لە (2020/8/12) بۆ دابینکردنی نەوتی سپی بۆ هەرێم و سەردانیکردنی بریکاری وەزیری نەوت (دابەشکردنی بەرهەمەنەوتیەکان)، لە عێراق بریاردرا بە هەناردەکردنی (50) ملیۆن لتر نەوتی سپی بۆ شەش ناوچە لە هەرێمی کوردستان بە نرخی حکومی کە دەکاتە (150) دینار عێراقی بۆ هەر لترێك. | 2020/9/21 | 22 |
| ئاراستەکردنی نووسراوێک وەزارەتی پەروەردەی عێراق، سەبارەت بە کێشەی مامۆستایانی خانەقین. | 2020/9/22 | 23 |

| | | |
|---|---|---|
| 24 | 2020/9/22 | لەسەر سکاڵاو و داوکاری ژمارەیەک هاوڵاتی لە ناوچەکانی (خانەقین و جەلەولا و سەعدییە و دوز) بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (ئەحمەد حاجی رەشید، سەرکەوت شەمسەدین) کۆبوونەوە لەگەڵ راوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی عێراق بۆ بەدوداچون و چارەسەر گرفتی هاووڵاتیانی کورد لە ناوچە جێناکۆکەکان، کێشەی شەنگال و گەڕانەوەی یەزیدییەکان بۆ زێدی خۆیان، راگرتنی زیادەڕۆیی بۆسەر موڵک و ماڵی ناوچە کوردنشینەکان و...هتد). |
| 25 | 2020/9/26 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەکە لە (ئەحمەد حاجی رەشید، د. موسەنا ئەمین، یسرا رەجەب، رێبوار، سەرکەوت شەمسەدین، هۆشیار عەبدولا، د.یوسف محمد، د. بەهار مەحمود) ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ سلێمانی، پشتیوانیکردن لە داخوازی مامۆستایان و فەرمانبەران سەبارەت بە بڕینی موچەکانیان و دابەشکردنی مووچە لە کاتی خۆیدا. |

| | | |
|---|---|---|
| بەهاوبەشی لەگەڵ (سەرکەوت شەمسەدین) لەسەر داواکاری ژمارەیەک هاوڵاتی دانیشتوی (خانەقین، دوز، سەعدییە، گوندەکانی دەوروبەری جەلەولا) کە هەرەشەی ژمارەیەک چەکداری لە سەر هاووڵاتیانە، کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری بەرگری عێراق . | 2020/9/27 | 26 |
| بەهاوبەشی لەگەڵ (سەکەوت شەمسەدین) گفتوگۆکردن لە گەڵ دابینکردنی بڕێک پارە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ چەند خیزانێکی کەمدەرامەت لە پارێزگای سلێمانی کە هەر خێزانەی بڕی (30.000) هەزار دیناری پێدرابوو. | | 27 |
| پەیوەندیکردن بە (جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) سەبارەت بە دروستکردنی نەخۆشخانەیەک ئەڵمانی لە سلێمانی. | | 28 |



**ناوی نوێنەر:** شیروان میرزا قادر حەملان

**فراکسیۆن:** یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

**لیژنە:** دارایی

**کۆی چالاکی لە گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 24

| ز | ڕێکەوت | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | 2019/10/2 – 9/30 | بەشداریکردن لە خولێکی تایبەت بە بوودجە و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی بودجەی گشتی کە لە لایەن ڕێکخراوی(NDI) ڕێکخرابوو لە هەولیر بۆ ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان. |
| 2 | 2019/10/13 | سەردانیکردنی بەڕێوەبەری ناحیە خدران و بەڕێوەبەری ئاسایش و بەڕێوەبەری شارەوانی و بەڕێوەبەری پۆلیس و بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان و ژینگە و بەڕێوەبەری کشتوکاڵ گفتوگۆکردن لەسەر کیشەو گرفتەکانیان. |
| 3 | 2019/11/26 | وەک لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق میوانداریکردنی (پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق) پەیوەست بە چەند گرفت و کێشەیەک لە سیاسەتی نەختینەی عێراق و کردنەوەی لقی سلێمانی بانکی ناوەندی عێراقی خرایەڕوو. |

| | | |
|---|---|---|
| بەشـــــداریکردن لە کـــــۆنگرەی فراوانـــــی لیـژنەی دارایــی و لیـژنەی وەبەرهێنـان سـەبارەت بە یاســـای هاوبەشـــی پێکردنـــی کەرتـــی گشـــتی و کەرتـــی تـــایبەت بە ئامـــادە بـــوونی ئەنـــدامانی پەرلەمـــان و نـــوێنەرانی حکـــومەت و پسپۆرانی ئابووری. | 2020/11/27 | 4 |
| بەشـــــداریکردن لە کۆبـــــوونەوەی ئەنـــــدامانی کـــورد لە لیـــژنەی دارایـــی پەرلەمـــانی عێـــراق بەمەبەســـتی دانـــانی ســـتراتیژێک بـــۆ چـــۆنێتی مـــــامەلەکردن لەگەڵ رەشنوســــــی یاســـــای مـــــوازەنە و بەدورگرتنـــــــی لە ململانـــــێ سیاسییەکان. | 2020/12/1 | 5 |
| کۆبـــوونەوە لەگەڵ فەرمـــانبەرانی گرێبەســـت لە کۆمســــــیۆنی بـــــالای هەڵبژاردنەکـــــانی عێـــراق کە نـــوێنەری پارێزگاکـــانی هەولێـــر و ســـــلێمانی و دهـــــۆک بـــــوون چەنــــــد کێشـــەیەکیان هەیە لە بەغـــدا بەدواداچـــوون بۆ داواکاریەکانیان. | 2019/12/22 | 6 |
| ســـەردانیکردنی بەرێـــوەبەرایەتـــی بەرگـــری شارســـتانی ڕاپەڕیـــن، بـــۆ گفتوگـــۆکردن لەسەر کێشەکانیان. | 2020/1/28 | 7 |

| | | |
|---|---|---|
| بەهاوبەشی لە گەڵ (د. جوان ئیحسان) لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەران، پێشوازیکردن لە ژمارەیەک کارمەندی گرێبەستی نووسینگەی سلێمانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق و گوێگرتن بۆ سکاڵاو داواکاریەکانیان. | 2020/2/13 | 8 |
| بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (د. جوان ئیحسان، حەسەن ئالی) سەردانیکردنی (بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی) و بەدواداچوون بۆ کێشە و گرفتەکان و بۆ جۆر و بڕی ئەو دەرمانانەی کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان دابیندەکرێن. | 2020/2/16 | 9 |
| بەشداریکردن لە دووەمین کۆنفرانسی ساڵانەی کاروچالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەرین لەژێر ناونیشانی(پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاترو کۆکردنەوەی تواناکان و جێبەجیکردنی پلانەکان). | 2020/2/17 | 10 |

| | | |
|---|---|---|
| 11 | 2020/4/13 | بەهاوبەشی لەگەڵ (د. جوان ئیحسان، حاسان ئالی، ئارەزوو مەحمود، بلێسە جەبار) سەردانیکردنی هەریەك لە (پارێزگاری سلێمانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، قائیمقامی سلێمانی، بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی) بەمەبەستی دەربڕینی سوپاس و پێزانین لەبەرامبەر هەوڵەکانیان بۆبەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا |
| 12 | 2020/4/16 | بەهاوبەشی لەگەڵ (د. جوان ئیحسان، حەسەن ئالی، ئارەزوو مەحمود) ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانیکردنی ئیدارەی ڕاپەڕین، بەهاوبەشی لەگەڵ (د. جوان ئیحسان، حەسەن ئالی، ئارەزوو مەحمود، بلێسە جەبار) ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانیکردنی |
| 13 | 2020/4/17 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ شانەی قەیرانەکانی پەرلەمانی عێراق بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و سەرۆکی شانەی قەیرانەکانی پەرلەمانی عێراق بەهاوڕێیەتی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و بریاردەری شانەی قیرانەکانی پەرلەمانی عێراق و ژمارەیەک لە ئەندامانی شانەو بریکاری وەزیری تەندروستی عێراقی و وەزیری تەندروستی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان |

| | | |
|---|---|---|
| 14 | 2020/5/19 | کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆك کۆماری عێراق بۆ تاوتوێکردنی دۆخی ئەمنی خانەقین و دەوروبەری وسەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعشە لە ناوچەکەداو گفتوگۆکردن لەبارەی دۆخی ناوچەدابڕێندراوەکان و پڕکردنەوەی بۆشاییە ئەمنییەکان. |
| 15 | 2020/5/20 | سەردانیکردنی پارێزگای هەڵەبجەو کۆبوونەوە لەگەڵ (پارێزگارو جێگری پارێزگاری هەڵەبجەو قائیمقامی هەڵەبجەوبەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ بەمەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت پرسی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە و چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم بەپارێزگابوونی هەڵەبجە.<br>سەردانیکردنی سەرۆکایەتی زانکۆی هەڵەبجە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشە و گرفتەکانی زانکۆکە. |

| | | |
|---|---|---|
| 16 | 2020/6/9 | سەردانیکردنی (وەزیری داد) لە بەغداد بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی پرۆسەی چاکسازی لەدامەزراوە سزاییەکانداو تاوتوێکردنی ئەورێکارە خۆپارێزیانەی وەزارەتی تەندروستی بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدارئەنجامیان ئەدات بۆپاراستنی ژیانی زیندانییەکانی ناودامەزراوە سزاییەکان لەڤایرۆسی کۆرۆنا ورووبەڕووبونەوەو پێشگیریکردن لەتەشەنەکردنی |
| 17 | 2020/6/16 | بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە کێشە و گرفتەکانی هێزەکانی پاسەوانی سنوور، سەردانیکردنی لیوای سێی پاسەوانی بەمەبەستی گەیاندنی ئەو کێشە و گرفتانەی کە هەیانە لە سنورەکان بە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بەغداد. |
| 18 | 2020/7/19 | سەردانیکردنی هەریەك لە (پارێزگاری هەولێر، وەزیری پلاندانان، وەزیرانی (خوێندنی باڵا، کشتوکاڵ، ڕۆشنبیری و لاوان، هەرێم بۆکاروباری پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا)، بۆ خستنە ڕووی سەردانی وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. |

| | | |
|---|---|---|
| 19 | 2020/7/20 | بەمەبەستی دروستکردنی هەماهەنگی و پتەوکردنی پەیوەندیەکان وچارەسەرکردنی کێشەکانی و یەکخستنەوەی کارەکان، سەردانیکردنی هەریەک لە:(سەرۆک و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان) و (فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان).<br>هەروەها سەردانیکردنی هەریەکە لە (وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی پەروەردە). |
| 20 | 2020/7/21 | سەردانیکردنی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خستنە رووی سەردانی وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. |
| 21 | | سەردانیکردنی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خستنە رووی سەردانی وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. |
| 22 | | سەردانیکردنی بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خستنە رووی سەردانی وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق و تاوتوێکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. |

| | | |
|---|---|---|
| بەدواداچوونی فراکسیۆنی (ی.ن.ک)لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی کۆمار و پاش ئاراستەکردنی نووسراو بۆ لایەنی پەیوەندیدار، سەرۆك وەزیرانی عێراق بڕیاری دەستبەجێ خەرجکردنی مووچەی کارمەندانی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان بۆ مانگەکانی (نیسان و ئایار و حوزەیران) و مانگەکانی داهاتووی ئاراستەی وەزارەتی دارایی کرد. | 2020/8/6 | 23 |
| فراکسیۆنی (ی.ن.ک) لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگی سلێمانی، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەو گرفتەکانیان و گەیاندنیان بە لایەنی پەیوەندیدار. | 2020/8/27 | 24 |



**ناوی نوێنەر:** سەرکەوت شەمسەدین

**فراکسیۆن:** ئایندە

**لیژنە:** کاروباری ئەندامانو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 24

| ژ | رێکەوت | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | 2019/11/27 | ئەنجامدانی گفتوگۆیەک لەگەڵ (جێگری باڵیۆزی ئەڵمانیا) دەربارەی هەمواری یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و پشتیوانی ئەڵمانیا بۆ هەرێم و عێراق. |
| 2 | 2020/1/14 | وەک نوێنەرانی گروپی (15) لە بەغداد کۆبوونەوە لەگەڵ باڵیۆزی کەنەدا بۆ پشتیوانیکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیای ئازاد و کردنەوەی خولی پێویست بۆ گەنجان بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی کار، لە هەرێمی کوردستان بەگشتی. |
| 3 | 2020/1/27 | بەسەرکردنەوەی سێ قوتابخانەی سەر بە دەڤەری ڕاپەرین بە ناوەکانی (چنارنە، ئاوەژێ، نۆڵچکە)و دابینکردنی کۆمەڵێک پێداویستی وەک (مۆلیدەی کارەبا، زۆپا، بۆرد و چەند پێداویستییەکی دیکەی پەراوگە بۆ قوتابیان) |

| | | |
|---|---|---|
| لە واشـــنتۆن کۆبـــونەوە لەگەڵ بەرپرســـانی ئەمریکـــا، کۆشـــکی ســـپی، وەزارەتـــی دەرەوە و کۆنگرێس و ناوەندەکانی بیرکردنەوە،سەبارەت بە دۆخی عێراق، خۆپیشاندانەکان، چاکسازی لە هەرێم و بەغداد، حکومەتی نوێ و رۆڵی گروپی (15)، پشـتیوانی گەنجـان و دەرفەتـی باشـتر بـۆ ئایندەی هەرێـم و عێـراق رزگـاربون لە دەسـتی میلیشیا و بنەماڵە گەندەڵەکان. | 2020/2/12 | 4 |
| لە واشنتۆن بەشداریکردن لە سمینارێکی تایبەت بـۆ ژمـارەیەک ئەکادیمیسـت تـوێژەر و شـارەزای بـواری رۆژهەڵاتـی نـاوین بە بانگهێشـتی فەرمـی زانکۆی ئیندیانا، سەنتەری توێژینەوەی رۆژهەڵاتی ناوەراست. | 2020/2/28 | 5 |
| بەهاوبەشی لەگەڵ پەرلەمانتار(د. غالب محمد) بە نووسـراوی فەرمـی داوا لە وەزارەتـی دەرەوەی عێـراق کـرا کە دەسـت بە لێکـۆڵینەوە و کـاری یاسـایی بکـات بـۆ گێـڕانەوەی بـری یەک ملیـار دۆلار کە داهـــاتی نەوتـــی هەرێـــمە و لە یەکێـــک لە بانکەکانی لوبنان دەستیبەسەردا گیراوە. | 2020/3/27 | 6 |
| بەهاوبەشی لە گەڵ (د. غالب محمد) ئەنجامدانی کـــۆنگرەیەکی رۆژنـــامەوانی لە نووســـینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە پرســـی بڕینـــی مـــوچەی کارمەنـــدانی هەرێـــم ونەنـاردنی نەوتـی هەرێم بـۆ کۆمپانیـای سـۆمۆ و لێکەوتەکانی. | 2020/4/30 | 7 |

| | | |
|---|---|---|
| 8 | 2020/4/16 | بەهاوبەشی لەگەڵ پەرلەمانتار(د. غالب محمد) بە نووسراوی فەرمی داوا لە وەزارەتی پلاندانان و تەندروستی عێراق کرا، پێداچوونەوە بە شێوازی گەیاندنی هاوکاری بۆ هەرێمی کوردستان وەهەروەها چاودێریکردنی لەلایەن نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق). |
| 9 | 2020/4/17 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی نێوان شانەی قەیرانی پەرلەمانی بەسەرۆکایەتی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و بەشێک لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکان و جێگری وەزیری تەندروستی عێراق و وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان لیژنەی باڵای ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ بەرەنگاربونەوەی کۆرۆنا بەرێوەچوو. |
| 10 | 2020/5/10 | بەهاوبەشی لەگەڵ (سەرکەوت شەمسەدین) نووسراوێک ئاڕاستەی وەزیری کشتوکاڵی هەرێم کرا، سەبارەت بە هاوردەکردنی بڕی (110) هەزار تەن جۆ لە رێگەی کۆپانیایەکەوە لە سنوری نێوان عێراق و سوریا. |

| | | |
|---|---|---|
| 11 | 2020/5/13 | بەهاوبەشی لەگەڵ (د. موسەنا ئەمین، د. غالب محمد، د. ڕێبوار کریم) لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەران پێشوازیکردن لە ژمارەیەک نوێنەرانی مامۆستایانی ناڕازی و گفتوگۆکردن بەمەستی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ دواکەوتنی موچەو چۆنیەتی گەیاندنی داخوازیەکانیان بە ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا. |
| 12 | 2020/6/10 | پاش ناردنی بڕی (400) ملیار دینار لەلایەن حکومەتی عێراق بۆ مووچەخۆرانی هەرێم، بەڵام لە هەرێم بڕی (12) ملیاری دایەوە بە قەرزی کۆپانیاکان، بەهاوبەشی لەگەڵ (د.غالب محەمەد) ئاڕاستەکردنی نوسراێکی فەرمی بۆ دەستەی دەستپاکی عێراق، سەبارەت بەچۆنیەتی سەرفکردنی ئەو بڕە پارەیە. |
| 13 | 2020/5/16 | بەهاوبەشی لەگەڵ پەرلەمانتار (د.غالب محەمەد) سەبارەت بە دەستگیرکردنی ژمارەیەک مامۆستا و چالاکوان لە پارێزگای دهۆک بۆ دەربڕینی نارەزایی و داواکردنی مافی خۆیان بەشێوەیەکی ئاشتیانە خۆپیشاندانیان ئەنجامەدا، ئاڕاستەکردنیی یاساشتێک بۆ هەریەکە لە (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان) |

| | | |
|---|---|---|
| 14 | 2020/7/6 | بەهاوبەشی لەگەڵ (د.غالب محەمەد) نووسراوێک ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق کرا بە سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی (شیلادزێ) |
| 15 | 2020/7/16 | بەهاوبەشی لەگەڵ (د.غالب محەمەد) نووسراوێک ئاراستەی ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق کرا سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوریەکانی نێوان (هەرێم و سوریا) و (هەرێم و ئێران) لە پارێزگاکانی دهۆک و سلێمانی و هەڵەبجە. |
| 16 | 2020/8/21 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (ئەحمەد حاجی رەشید، د.رێبوار کەریم ، د. موسەنا ئەمین) ئاراستەکردنی یاداشتێک بە نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، سەبارەت بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە کوردستان |
| 17 | 2020/8/28 | بەهاوبەشی لەگەڵ (د.غالب محەمەد) نووسراوێک ئاراستەی ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق کرا سەبارەت بە دواکەوتینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و بڕینی رێژەی (21٪). |

| | | |
|---|---|---|
| 18 | 2020/9/8 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (ئەحمەد حاجی رەشید، د. غالب محمد) سەردانیکردنی وەزارەتی ناوخۆی فیدراڵی تایبەت بە پرسی موچەی فەرمانبەرانی فیدراڵی (رەگەزنامە، پاسپۆرت، نشینگە) توانرا پرسی موچەی مانگەکانی (2020/4،5،6،7،8)ی فەرمانبەرانی فیدراڵی یەکلای بکرێتەوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ناوخۆی فیدراڵی . |
| 19 | 2020/9/9 | بەهاوبەشی لەگەڵ (د.غالب محەمەد) بەسەرکردبەوەی دەرچوانی بەشی ئەندازیاری نەوت کە زۆربەیان لە پێکهاتەی کوردی کەرکوک و دوز خورماتوو، خانەقین، شەنگال و دەشتی موسڵ وە ژمارەیەک گەنجی تری پارێزگاکان ناوەراست و باشوری عێراقن کە لە بەردەم وەزارەتی نەوتی عێراق ماوەی (45) رۆژە خێمەیان هەڵدابوو. |

| | | |
|---|---|---|
| 20 | 2020/9/22 | لەسەر سکاڵاو و داوکاری ژمارەیەک هاوڵاتی لە ناوچەکانی (خانەقین و جەلەولا و سەعدییە و دوز) بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (د.غالب محمد، ئەحمەد حاجی رەشید) کۆبوونەوە لەگەڵ راوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی عێراق بۆ بەدواداچون و چارەسەر گرفتی هاووڵاتیانی کورد لە ناوچە جێناکۆکەکان، کێشەی شەنگال و گەڕانەوەی یەزیدییەکان بۆ زێدی خۆیان، راگرتنی زیادەڕۆیی بۆسەر موڵک و ماڵی ناوچە کوردنشینەکان و...هتد). |
| 21 | 2020/9/24 | بەشداریکردن لە کۆتا دانیشتنی لیژنەی هەموارکردنی پەیرەوی ناوخۆی تازەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە مەبەستی کاراکردنی رۆڵی چاودێری پەرلەمانی و ژێربارکردنی دەسەلاتی جێبەجێکردن بۆ یاسا و چاودێری و لێپێچینەوە. |
| 22 | 2020/9/26 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەکە لە (ئەحمەد حاجی رەشید، د. موسەنا ئەمین، یسرا رەجەب، رێبوار کەریم، هۆشیار عەبدولا، د.یوسف محمد، د. بەهار مەحمود) ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ سلێمانی، پشتیوانیکردن لە داخوازی مامۆستایان و فەرمانبەران سەبارەت بە بڕینی موچەکانیان و دابەشکردنی مووچە لە کاتی خۆیدا. |

| | | |
|---|---|---|
| 23 | 2020/9/27 | بەهاوبەشـــی لەگەڵ (د.غالـــب مـــحەمەد) لەســـەر داواکاری ژمارەیەک هاوڵاتی دانیشتوی (خانەقین، دوز، ســـەعدییە، گونـــدەکانی دەوروبەری جەلەولا) کە هەرەشـــەی ژمـــارەیەک چەکـــداری لە ســـەر هاووڵاتیـانە، کۆبـوونەوە لەگەڵ وەزیـری بەرگـری عێراق . |
| 24 | | بەهاوبەشـــــی لەگەڵ (د. غالـــــب مـــــــحەمەد) گفتوگۆکردن لە گەڵ دابینکردنی بڕێک پارە لەلایەن حکـــومەتی عێـــراقەوە بـــۆ چەنـــد خیزانێکـی کەمدەرامەت لە پارێزگـای سـلێمانی کە هەر خێـزانەی بـڕی (30.000) هەزار دینـاری پێدرابوو. |



**ناوی نوێنەر:** ئەحمەد حەمەڕەشید ئەحمەد

**فراکسیۆن:** کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

**لیژنە:** دارایی

**کۆی چالاکی لە گەیشتونەتە تیمی پڕۆژە:** 23

| ز | ڕێکەوت | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | 2019/11/9 | ئاراستەکردنی نووسراوێک بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق سەبارەت بە مووچەی پێشمەرگە. |
| 2 | 2019/11/10 | کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری ڕێکخراوی (نەتەوە یەکگرتووەکان) بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی عێراق. |
| 3 | 2019/11/11 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەراندا، بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. |

| | | |
|---|---|---|
| 4 | 2019/11/21 | وەک فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی پێشوازیکردن لە (جێگری ڕاوێژکار بۆ کاروباری ئابوری لە سەفارەتی ئەمریکا) لە بەغداد بەمەبەستی رۆڵی چاکسازیەکانی حکومەت و پەرلەمان و کاریگەریەکانیان لەسەر کۆتاهێنان بە خۆ پیشاندانەکان و بابەتی بوجەی ساڵی (2020) |
| 5 | 2019/11/23 | بەشداریکردن لە مێزگردێکی ئەنجومەنی ئابوری عێراقی سەبارەت بە هاوبەشی لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت. |
| 6 | 2019/11/24 | بەسداریکردن لە کۆبوونەوەی کوتلەکانی پەرلەمان لەگەڵ چەند کەسایەتیەک سەبارەت بە دیاریکردنی کەسێک نوێنەرایەتیان بکات لەلای دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق |
| 7 | 2019/11/26 | وەک لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق میوانداریکردنی (پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق) پەیوەست بە چەند گرفت و کێشەیەک لە سیاسەتی نەختینەی عێراق و کردنەوەی لقی سلێمانی بانکی ناوەندی عێراقی. |

| | | |
|---|---|---|
| 8 | 2020/12/1 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئەندامانی کورد لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بەمەبەستی دانانی ستراتیژێک بۆ چۆنێتی مامەلەکردن لەگەڵ رەشنوسی یاسای موازەنە و بەدورگرتنی ئەو بابەتە لە هەمو جۆرە ململانێیەکی سیاسیی. |
| 9 | 2019/12/2 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی نێوان فراکسیۆنەکانی ((ی.ن.ک)، گۆڕان، نەوەی نوێ، ئاییندە) |
| 10 | 2019/12/11 | پێشوازیکردن لە شاندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بەمەبەستی تاوتوێکردنی بابەتەکانی بارودۆخی عێراق وخۆپیشاندانەکان و بابەتی بودجەو و دیاری کردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق یاساکانی کۆمیسیۆن هەڵبژاردنەکان. |
| 11 | 2019/12/19 | بەهاوبەشی لە گەڵ بەشێك لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)،<br>بەشداریکردن لە مەراسیمێکی تایبەت بە بڵاو کردنەوەی راپۆرتی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) کە لەلایەن (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)ەوە ئامادەکرابوو. |

| | | |
|---|---|---|
| 12 | 2020/1/8 | بەهاوبەشی لەگەڵ ( د. بەهار و د. موسەننا ئەمین) لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشوازیکردن لە ژمارەیەك لە جووتیارانی پارێزگای سلێمانی بەمەبەستی بەدواداچوون و كۆتا زانیاری لەسەر پارەی گەنمی ساڵی 2014 |
| 13 | 9/1/2020 | كۆبوونەوەی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەگەڵ هەریەك لە (پارێزگاری بانكی ناوەندی) و (بەرپرسی سندوقی گەڕانەوەی پارەكانی عێراق)و (بریكاری وەزارەتی دارایی) (جێگری بەرپرسی بانكی بازرگانی عێراق) بۆ تاوتوێكردنی گەمارۆی سەر حكومەتی عێراق. |
| 14 | 11/1/2020 | وەك لیژنەی دارایی پێشوازیكردن لە باڵوێزی ئەڵمانیا سەبارەت بە توندوتۆڵكردنی پەیوەندییە ئابوریەكان، بەتایبەت گرێبەستەكانی كۆمپانیای سیمنس. |

| | | |
|---|---|---|
| 15 | 12/1/2020 | سەردانیکردنی د. حەیدەرعەبادی و گفتوگۆکردن لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدادو دۆخی ئێستای عێراق. |
| 16 | 10/2/2020 | بەشداریکردن لە دانیشتنێکی تایبەت بە بارودۆخی پێکهێنانی حکومەت و هەڵوێستی گروپی (15) و لەگەڵ بەرپرسی سیاسی باڵوێزی بەریتانیا تایبەت بە باکوری عێراق و کوردستان. |
| 17 | 11/12/2019 | پێشوازیکردن لە شاندێکی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە تاوتۆێکردنی بارودۆخی عێراق و خۆپیشاندانەکان و بابەتی بودجەو دیاریکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و یاساکانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان. |
| 18 | 2020/8/21 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (سەرکەوت شەمسەدین، د.رێبوار کریم، د. موسەنا ئەمین) ئاراستەکردنی یاداشتێک بە نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، سەبارەت بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە کوردستان |

| | | |
|---|---|---|
| 19 | 2020/8/25 | بەهاوبەشی لەگەڵ (حەسەن ئالی) بەشداریکردن لە ئەنجامدانی یەکەم گفتوگۆیکراوە تایبەت لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیە فیدراڵییەکانی پارێزگای سلێمانیدا، کە تایبەت بوو بە (کۆمەڵگەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی بازرگانی سلێمانی) کە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED) ئەمریکی سازیکردبوو. |
| 20 | 2020/9/8 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (سەرکەوت شەمسەدین، د. غالب محمد) سەردانیکردنی وەزارەتی ناوخۆی فیدراڵی تایبەت بە پرسی موچەی فەرمانبەرانی فیدراڵی (ڕەگەزنامە ، پاسپۆرت، نشینگە) توانرا پرسی موچەی مانگەکانی (2020/4،5،6،7،8)ی فەرمانبەرانی فیدراڵی یەکلای بکرێتەوەوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ناوخۆی فیدراڵی . |
| 21 | 2020/9/17 | بەهاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ سلێمانی بەشداریکردن لەوەرگرتنی یاداشتێک لەپارێزگاری هەڵەبجە و کەسایەتی و پیاو ماقوڵان و ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە بۆ حکومەتی ناوەندی و پەرلەمانی عێراق تایبەت بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە. |

| | | |
|---|---|---|
| لەسەر سکاڵاو و داوکاری ژمارەیەک هاوڵاتی لە ناوچەکانی (خانەقین و جەلەولا و سەعدییە و دوز) بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (د.غالب محمد، سەرکەوت شەمسەدین) کۆبوونەوە لەگەڵ راوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی عێراق بۆ بەدواداچون و چارەسەر گرفتی هاووڵاتیانی کورد لە ناوچە جێناکۆکەکان، کێشەی شەنگال و گەڕانەوەی یەزیدییەکان بۆ زێدی خۆیان، راگرتنی زیادەڕۆیی بۆسەر موڵک و ماڵی ناوچە کوردنشینەکان و...هتد). | 2020/9/22 | 22 |
| بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەکە لە (د. بەهار مەحمود، د. غالب محمد ، یسرا رەجەب، رێبوار کەریم، سەرکەوت شەمسەدین، د.موسەنا ئەمین، هۆشیار عەبدوڵا، د.یوسف محمد) ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ سلێمانی، پشتیوانیکردن لە داخوازی مامۆستایان و فەرمانبەران سەبارەت بە بڕینی موچەکانیان و دابەشکردنی مووچە لە کاتی خۆیدا. | 2020/9/26 | 23 |



**ناوی نوێنەر:** یوسف محەمەد سادق

**فراکسیۆن:** گۆڕان

**لیژنە:** کاروباری ئەندامانو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 20

| ژ | ڕێکەوت | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | 2019/10/18 | بەشداریکردن لە نۆزدەهەمین جڤاتی گشتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان. |
| 2 | 2019/10/20 | کۆبونەوەی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ گفتوگۆکردنی دژایەتیکردنی گەندەڵی و کارکردن بۆ هێنانەکایەی دادی کۆمەڵایەتی، تەزویری هەڵبژاردنەکان بەتایبەت دواهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. |
| 3 | 2019/10/30 | پێشوازیکردن لە (سەرۆکی فەرمانگەی سیاسیی یۆنامی لە عێراق) و(ڕاوێژکاری سیاسیی یۆنامی) سەبارەت بە داواکاریی ڕەوای خۆپیشاندەرانی عێراق و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی, دارشتنی ڕێوشوێنە یاساییەکان بۆ گەڕاندنەوەی پارەی بەتاڵانبراوی هاووڵاتیان لەلایەن بەشێك لە دەسەڵاتدارانی عێراق و هەرێمەوە |

| | | |
|---|---|---|
| 4 | 2019/11/4 | بەخشینی ڕێزلێنان لەلایەن راوێژکاری نێودەوڵەتی و سەرۆکی کۆمەڵەی ئاشتی و مافی مرۆڤی ئوردونی و هەروەها جێگری سەرۆکی تەیاری میانەڕەویی ئوردونی و سەرۆکی سەفیرانی ئاشتی عەرەبی. |
| 5 | 2019/11/30 | بۆ زانینی ڕا و سەرنج و پێشنیاری خەڵکی ئەکادیمی و پسپۆڕانی بوارەکانی دەستور و سیستەمە سیاسییەکان و ئابوری، لە سلێمانی وەك ئەندامانی کوردی لیژنەی هەمواری دەستوری عێراق، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی هەرێم، بەشداریکردن لە وۆرکشۆپێکی . |
| 6 | 2020/1/9 | لە نووسینگەی سلێمانی پێشوازیکردن لە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) بەمەبەستی هەماهەنگی زیاتر لەسەر چالاکییەکانی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)و گفتوگۆکردن لەسەر گرنگی کاری ڕێکخراوەیی. |
| 7 | | لە نووسینگەی سلێمانی پێشوازیکردن لە (ڕێکخراوی ناوەندی نیشتیمانی بۆ مافەکانی مرۆڤ)، بە مەبەستی پێشکەشکردنی بەرنامە و چالاکیەکانی ڕێکخراوەکەیان و لەمپەرەکانی بەردەم کارو و چالاکیەکانیان لە هەرێم و کێشەی بە ئەندام بونیان لەڕێکخراوەکانی حکومەتی ناوەند. |

| | | |
|---|---|---|
| بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا بەشداریکردن لە کۆبونەوەی نێوان شانەی قەیرانی پەرلەمانی بەسەرۆکایەتی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و بەشێک لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکان و جێگری وەزیری تەندروستی عێراق و وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان لیژنەی باڵای ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ بەرەنگاربونەوەی کۆرۆنا بەڕێوەچوو. | 2020/4/17 | 8 |
| بە هاوبەشی لە گەڵ (د. ڕێبوار کریم، د. موسەنا ئەمین)، کۆبوونەوە لەگەڵ (مصطفى کاظمی) راسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەت، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەند پرسێک لەوانە: -ماف و شایستەداراییەکانی هەرێم و موچە و بودجە، مافی جوتیاران، ناوچەکانی مادەی (140)، هەڵبژاردنی ئایندە، بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە. | 2020/5/4 | 9 |
| کۆبوونەوەی فراکسیۆنی گۆڕان سەبارەت بە دۆخی ناوچە جێناکۆکەکان, بەتایبەت دۆخی ئەمنی و خۆرێکخستنەوە و جموجوڵی گرویی تیرۆریستیی داعش, کێشەی جوتیارانی کورد و سوتاندنی بەروبومەکانیان, بەردەوام بونی سیاسەتی تەعریب, ئاراستەکردنی نامەیەك بە (سەرۆك وەزیرانی عێراق.) | 2020/5/17 | 10 |

| | | |
|---|---|---|
| 11 | 2020/5/29 | وەک فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەران گفتوگۆکردن لە بارەی دژوەستانەوەی گەندەڵی و کارکردن بۆ هێنانەکایەی دادی کۆمەڵایەتی. |
| 12 | 2020/2/17 | لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشوازیکردن لە (رێکخراوی هەورامان نیوز). |
| 13 | 2020/7/15 | لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشوازیکردن لە رێکخراوی هیوای کەمئەندامان.گفتوگۆکردن لەسەر رەوشی ژیان و خەم و کێشەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان و، چۆنییەتیی چارەسەر کردنیان خەمی بەردەواممان بووە و دەبێ. |
| 14 | 2020/7/15 | بەهاوبەشی لەگەڵ (د. بەهار مەحمود، هۆشیار عەبدوڵا) لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی پێشوازیکردن لە کۆمەڵەی هیوای کەمئەندامان سەبارەت بە کارکردن بۆ واژۆ کردنی پاشکۆی ئەو رێکەوتننامەیەی کە لە 122 خاڵ پێک هاتووە تایبەتە بە مافی کەم ئەندامان لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراقیەوە، هەروەها گواستنەوەی ئەزمونی ئەو وڵاتانی دی بۆ عێراق. |

| | | |
|---|---|---|
| 15 | 27/8/2020 | پێشوازیکردن لە ژمارەیەك پزیشك و کارمەندانی تەندروستی لە نەخۆشخانەی هیوا بۆ چارەسەری ژێرپەنجە لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، گفتوگۆکرا لەبارەی چۆنیەتی دابینکردنی دەرمان و ئەوپێداویستیانەی نەخۆشخانە و شێوازی دابینکردنی دەرمان و پێداویستی و هەندێک کاروباری کارگێری نەخۆشخانەکان |
| 16 | 2020/9/10 | پێشوازیکردن لە (وەزیری رۆشنبیریی عێراق) گفتوگۆکردن لەسەر گەراندنەوەی بەڵگەنامە و دەستنوسە کوردییەکان بۆ هەرێم، ئاڵوگۆری پەیوەندیی رۆشنبیری لە نێوان نوسەران و رۆشنبیرانی هەرێم و ناوچەکانی تری عێراق، پرۆژە یاسای دیاری کردنی رۆژی نیشتیمانیی عێراق |
| 17 | /9/10 2020 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی کارەکانی لیژنەی هەمواری دەستوری عێراق. |
| 18 | 2020/9/17 | بەهاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ سلێمانی بەشداریکردن لەوەرگرتنی یاداشتێک لەپارێزگاری هەڵەبجە و کەسایەتی و پیاو ماقوڵان و رێکخراوەکانی هەڵەبجە بۆ حکومەتی ناوەندی و پەرلەمانی عێراق تایبەت بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە |

| | | |
|---|---|---|
| 19 | 2020/9/21 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتییەکان و سەرکردەی کوتلە سیاسییەکانی عێراق و جەختکردنەوە لە پێدانی شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێم و، پرسەکانی پڕۆژە یاسای هەڵبژاردن، نەبوونی نیسابی یاسایی دادگای فیدراڵی، پڕۆژە یاسای بودجەی فیدراڵی بۆ مانگەکانی کۆتایی ساڵی 2020 و، هێرشە موشەکییەکان بۆسەر بارەگا دیبلۆماسییەکان |
| 20 | 2020/9/26 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەکە لە (ئەحمەد حاجی ڕەشید، د. غالب محمد، یسرا ڕەجەب، ڕێبوار کەریم، سەرکەوت شەمسەدین، هۆشیار عەبدولا، د. بەهار مەحمود) پشتیوانیکردن لە داخوازی مامۆستایان و فەرمانبەران سەبارەت بە بڕینی موچەکانیان و دابەشکردنی مووچە لە کاتی خۆیدا. |



**ناوی نوێنەر:** دانا محەمەد جەزا عەلی

**فراکسیۆن:** پارتی دیموکراتی کوردستان

**لیژنە:** پەیوەندییەکانی دەرەوە

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 20

| ز | ڕێکەوت | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | 2019/10/2 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (د جوان احسان فوزی، د.بەهار محمود) و نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەردانیکردنی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی گفتوگۆکردن لەسەر کێشە گرفتەکانیان. |
| 2 | 2019/11/24 | وەک لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق... ئەنجامدانی کۆبونەوەیەکی تایبەت بۆ گفتوگۆ لەسەر چەند یاسا و ڕێکەوتنێکی گرنگ و هەندێک بابەتی گرنگی هەنوکەیی.... |
| 3 | 2019/11/25 | وەک (فراکسیۆنی پارتی) ئەنجامدانی کۆبونەوەی تایبەتی دەستەی سەرۆکایەتی و فراکسیۆنی پارتی بۆ ئامادەسازی فراکسیۆن سەبارەت بەو یاسایانەی لە بەرنامەی کاردان. |

| | | |
|---|---|---|
| 4 | 2019/12/1 | وەک (فراکسیۆنی پارتی) ئەنجامدانی کۆبونەوەیەک لە نێوان شاندی باڵای مەکتەبی سیاسی پارتی، سەبارەت بە دوا پێشهاتەکان لە عێراق. |
| 5 | 2019/12/4 | بەشداریکردن لە کۆبونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی فراکسیۆنی پارتی و (ی.ن.ک) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە تاوتوێی چەند یاسایەک و یەکخستنی بریار و هەڵوێستەکان. |
| 6 | 2019/12/18 | بەشداریکردن لە مەراسیمی راگەیاندن و بڵاو کردنەوەی( راپۆرتی پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) کە لەلایەن رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان ) ساڵانە ئامادە دەکرێت. |
| 7 | 2020/1/12 | کۆبونەوەی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقسەبارەت بە دوا پێشهاتەکانی گۆڕەپانی سیاسی لە عێراق. |
| 8 | 2020/1/13 | وەک سەرۆکی لیژنەی پەیوەندی پەرلەمانی (عێراقی-ئەڵمانی) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامدانی کۆبونەوەیەک لەگەڵ باڵوێزی ئەڵمانیا لە بەغدا سەبارەت بە بارودۆخی عێراق و دوا پێشهاتەکان. |

| | | |
|---|---|---|
| 9 | 2020/1/19 | لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشوازیکردن لە دوو هاوڵاتی، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان. |
| 10 | 2020/3/29 | بەخشینی موچەی مانگی (ئازار/2020) بۆ هاوکاریکردنی ئەو خێزانانەی کە پێویستیان بە هاوکاری هەیە. |
| 11 | 2020/4/17 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا بەشداریکردن لە کۆبونەوەی نێوان شانەی قەیرانی پەرلەمانی بەسەرۆکایەتی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و بەشێک لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکان و جێگری وەزیری تەندروستی عێراق و وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان لیژنەی باڵای ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ بەرەنگاربونەوەی کۆرۆنا بەرێوەچوو. |

| | | |
|---|---|---|
| 12 | 2020/5/5 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئەندامانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەگەڵ (سەرۆک کۆمارو وەزیری دارایی عێراق و شاندی حکومەتی هەرێم) بۆ تاوتوێی دوا پێشهاتی پێکهێنانی حکومەتی مصطفی الکاظمی و پرسی مووچە و بودجەی هەرێم. |
| 13 | 2020/5/13 | ئاڕاستەکردنی نووسراوێک بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق، سەبارەت بە تێکەڵنەکردنی گرفتە سیاسیەکان و مافە هاووڵاتیان و هەروەها ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم. |
| 14 | 2020/5/31 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ( فراکسیۆنەکانی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لەگەڵ وەزیرەکان و تیمی پارتی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان. |
| 15 | 2020/8/20 | بەهاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ سلێمانی بەشداریکردن لەکۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سلێمانی. |

| | | |
|---|---|---|
| 16 | 2020/8/24 | **لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق** پێشوازیکردن لە ژمارەیەک نوێنەرانی دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکانی دانەمەزراو لە هەرێمی کوردستان. |
| 17 | 2020/9/8 | وەک سەرۆکی لیژنەی پەیوەندی پەرلەمانی (عێراقی-ئەڵمانی) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ (باڵویزی ئەڵمانیا) لە عێراق سە بارەت بە چالاککردنی ڕۆڵی لیژنەی پەیوەندی و هاوڕێیەتی لە نیوان هەردوو وڵات لە سەرجەم بوارەکان، بەتایبەت بواری ئابوری، کشتوکاڵی و تەندروستی. |
| 18 | 2020/9/17 | بەهاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ سلێمانی بەشداریکردن لەوەرگرتنی یاداشتێک لەپارێزگاری هەڵەبجە و کەسایەتی و پیاو ماقوڵان و ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە بۆ حکومەتی ناوەندی و پەرلەمانی عێراق تایبەت بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە |

| | | |
|---|---|---|
| 19 | 2020/9/23 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق. |
| 20 | 2020/9/26 | کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا لەگەڵ بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، لەسەر پرسی هەڵبژاردنەکانی عێراق.. |



**ناوی نوێنەر:** ڕێبوار کەریم مەحمود حسین

**فراکسیۆن:** سەربەخۆ

**لیژنە:** پەیوەندییەکانی دەرەوە

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 20

| ز | ڕێکەوت | جۆری چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | 2019/10/16 | لە پارێزگای هەڵەبجە بەشداریکردن لە سیمپۆزیەمی نێودەوڵەتی (بەیاساییکردنی ئاشتی، چەند هەنگاوێك بەرەو ئاشتییەکی کاراى بەردەوام لەعێراقدا) کە لەلایەن (زانکۆی هەڵەبجە)و ڕێکخراوی (HWPL)ی کۆریای باشور ڕێکخرابو. |
| 2 | 2020/1/28 | لە نووسینگەی سلێمانی پێشوازیکردن لە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) هەماهەنگی زیاتر لەسەر چالاکییەکانی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی). |
| 3 | 2020/3/24 | ئاراستەکردنی نووسراوێک بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە ڕێژەی تووشبوانی کۆرۆنا لە هەرێم و جیاوازیکردن لە نێوان پارێزگاکان |

| | | |
|---|---|---|
| 4 | 2020/4/14 | بە بەخشینی مووچەی چەند مانگێك کۆی ئەم پێداویستیانەی دابینکردووە، کە سەرجەم (263) خێزان سوودمەند بوون لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی (94) خێزان لە سەنتەری شارو (169)خێزانیش لە دەرەوەی شار سوودمەندبوون. هاوکاریەکانیش پێکهاتوون لە پاکێجی خواردنو پێداویستی پزیشکی و خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆناو هەروەها کارکردن بۆ گەڕانەوەی ئەو هاووڵاتیە کوردانەی کە لەدەرەوەی وڵات نەیان دەتوانی بگەڕێنەوە هەرێم.... |
| 5 | 2020/4/17 | بەهاوبەشی لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی نێوان شانەی قەیرانی پەرلەمانی بەسەرۆکایەتی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و بەشێك لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکان و جێگری وەزیری تەندروستی عێراق و وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان لیژنەی باڵای ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ بەرەنگاربونەوەی کۆرۆنا بەڕێوەچوو. |

| | | |
|---|---|---|
| ئاراستەکردنی نووسراوێک بۆ (وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی) حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاوشێوەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، بڕیارێک بدرێت کە ئەو ماوەیەی کە لەکوردستانەوە بە ئۆنلاین دەخوێنن وەک ئیقامەی وڵاتە بیانیەکە بۆیان ئەژمار بکرێت و لەکاتی یەکسانکردنی بڕوانامەکەیاندا هیچ گرفتێکیان بۆ دروست نەبێت.<br>لە 2020/8/13 وەزارەتی خوێندنی باڵا وەڵامی پێشنیارەکەی دایەوە. | 2020/5/11 | 6 |


| | | |
|---|---|---|
| 7 | 2020/5/31 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە (رێزان شێخ دلێر، د.بەهار مەحمود، د.موسەنا ئەمین) لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشوازیکردن کرد لە فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی سەبارەت بە دانانی ئەندامانی کۆمسیارانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەمیکانیزمێکی روون و ئاشکرا بەرپرسی ئۆفیس و هۆبەو بەشەکانی کۆمیسیۆنی لە شارەکان دابنێت دوور لە پشك پشكێنەی حیزبایەتی و نەتەوەیی. |
| 8 | 2020/6/10 | ئاراستەکردنی نووسراو بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، سەبارەت بە کێشەو گرفتی چەند هاووڵاتیەک. |
| 9 | 2020/6/14 | راگەیاندنی پرۆژەی (هەنگاوەکانی گواستنەوەی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بۆ سەر حکومەتی فیدراڵی عێراق). |
| 10 | 2020/6/10 | ئاراستکردنی نووسراوی فەرمی بۆ وەزیری تەندروستی عێراق کرد بەدابینکردنی ئامێرو پێداویستی بۆ بانکی خوێن لە پارێزگای هەڵەبجە |

| | | |
|---|---|---|
| 11 | 2020/5/10 | پاش پەیوەندیکردن لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی عێراق و بەهاوکاری وەزارەتی دەرەوە، هەروەها بەدواداچونی لیژنەی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق بە فەرمی بڕیاریدا بە: (ئەو خوێندکارانەی لە دەرەوەی وڵات ماستەرو دکتۆرا دەخوێنن و ئێستا بەهۆی کۆرۆناوە گەڕاونەتەوەو لە عێراقەوە بە ئۆنلاین دەخوێنن، ماوەیەی ئێرەیان وەک ئیقامەی وڵاتە بیانیەکە بۆ ئەژمار دەکرێت و لەکاتی یەکسانکردنی بڕوانامەکەیاندا هیچ کێشەیەکیان نابێت، ئەو زانکۆیانەی خوێندنیان نەکردۆتە ئۆنلاین، هیچ کێشەیەک نیە و هەرکات خوێندن ئاسایی بووەوە خوێندکاران دەتوانن بگەڕێنەوە و دەستبەخوێندن بکەنەوە لە زانکۆکانی دەرەوەدا، ئەوخوێندکارانەشی بەردەوامن لە خوێندن لەوڵاتان هیچ گرفتێکیان نیە. |
| 12 | 2020/5/4 | بە هاوبەشی لە گەڵ (د. ڕێبوار کریم، د.یوسف محمد، د.موسەنا ئەمین)، کۆبوونەوە لەگەڵ (مصطفی کاظمی) راسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەت، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەند پرسێک لەوانە: -ماف و شایستەداراییەکانی هەرێم و موچە و بودجە، مافی جوتیاران، ناوچەکانی مادەی (140)، هەڵبژاردنی ئاییندە، بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە. |

| | | |
|---|---|---|
| 13 | 2020/5/5 | بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی نێوان سەرۆککۆماری عێراق لەگەڵ ژمارەیەک لەپەرلەمانتارانی کوردو شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستان لەگەڵ بەغدا. |
| 14 | | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە سەرۆکی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەنجامدانی کۆبونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ شاندی دانوستانکاری هەرێم. |
| 15 | 2020/5/6 | بەشداریکردن لە کۆنەوەیەکەی نێوان جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و سەرۆکی بەشێک لەفراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق و چەند ئەندامێکی کوردی لیژنەکانی دارایی و نەوت و یاسایی و وەفدی دانوستانکاری هەرێم لەبەغدا. |
| 16 | 2020/8/11 | لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشوازیکردن لە پێشوازیکردن لە هاووڵاتیان بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر کێشەیەکەیان لەگەڵ یەکێک لە کۆمپانیاکانی خانوبەرە لە شاری سلێمانی. |

| | | |
|---|---|---|
| بەهاوبەشـــــــــــــــــــــی لەگەڵ هەریەک لە (ئەحـــــمەد حـــــاجی رەشـــــید، ســـــەرکەوت شەمســـــەدین، د.رێبـــــوار کـــــریم، د. موســـــەنا ئەمـــــین) ئاراســـــتەکردنی یاداشـــــتێک بە نێـــــــــــــــــــردەی تـــــــــــــــــایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکـــــان لە عێـــــراق، ســـــەبارەت بە پێشـــــێلکاری مـــــافی مـــــرۆڤ لە هەرێمـــــی کوردستان. | 2020/8/21 | 17 |
| لە نووســـــینگەی ســـــلێمانی ئەنجـــــومەنی نـــــوێنەرانی عێـــــراق پێشـــــوازیکردن لە ژمـــــارەیەک نـــــوێنەرانی دەرچـــــووانی زانکـــــۆو پەیمانگاکـــــــانی دانەمەزراو لە هەرێمـــــــی کوردســـــــتان و گفتۆگـــــــۆو بیـــــــرورا ئـــــــاڵوگۆڕکرا لەبـــــــارەی میکـــــــانیزمی یاســـــــایی و رێوشـــــــوێنی کـــــــارگێڕی پێویســـــــت بـــــــۆ دامەزرانـــــــدنی دەرچـــــــووانی زانکـــــــۆو پەیمانگاکـــــــان لەرێـــــــگەی دامودەزگا حکومیە فیدراڵیەکان. | 2020/8/24 | 18 |

| | | |
|---|---|---|
| 19 | 2020/8/26 | لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشوازیکردن لە ژمارەیەك دەرچووی کۆلێژی پزیشکی ددان<br>لەبارەی دامەزراندنی دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی ددان و گفتوگۆو بیرورا ئاڵوگۆڕکرا لەبارەی میکانیزمی یاسایی و ڕێوشوێنی کارگێڕی پێویست بۆ دامەزراندنیان لەڕێگەی دامودەزگا حکومیە فیدراڵیەکان. |
| 20 | 2020/9/26 | بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەکە لە (ئەحمەد حاجی رەشید، د. موسەنا ئەمین، یسرا رەجەب،سەرکەوت شەمسەدین، هۆشیار عەبدولا، د.یوسف محمد سادق، د. بەهار مەحمود) ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ سلێمانی، پشتیوانیکردن لە داخوازی مامۆستایان و فەرمانبەران سەبارەت بە برینی موچەکانیان و دابەشکردنی مووچە لە کاتی خۆیدا. |



**ناوی نوێنەر:** بەهار محمود

**فراکسیۆن:** گۆڕان

**لیژنە:** یاسا

**کۆی ئەو چالاکیانەی گەیشتونەتە تیمی پرۆژە:** 18

| ز | ڕێکەوت | چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | 219/10/2 | لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گوێگرتن لە کێشەو سکالای هاووڵاتیان. |
٢) ئەگەر کەیسەکە تاوان بوو و دادگای کارگێری بڕیاری لادانی پەسەند نەکرد؟

**بڕگەی چوارەم:** کێ بڕیار لەسەر ئەم هۆیانە دەدات؟ واتە کێ لێکۆڵینەوە دەکات؟

**بڕگەی پێنجەم:** لە ساڵی (2014)ەوە بودجەی پارێزگاکان لە وەزارەتی دارایی وئەنجومەنی وەزیرانەوە دێت و ئەنجومەن هیچ رۆڵێکی تێدا نابینێت. یان یاساکە هەموار بکرێت یان ئەنجومەن هەڵوێستی هەبێت.

**بڕگەی حەوتەم:** پەیڕەو هەیە، بەڵام پێویستی بەهەموارکردن هەیە، هەروەها یاساکە پێویستە هێڵی گشتی پەیڕەو بکرێت تیایدا بۆ دانانی پەیڕەو.

**بڕگەی هەشتەم:** جارێکیتر جەخت لە دەسەڵاتی ئەنجومەن دەکاتەوە بۆ دەرکردنی بڕیار و ڕێنمایی، بەڵام یاسای وەزارەتی ناخۆ ڕێگرە بەتایبەتی بەیانی ژمارە (1)ی ساڵی (2018).

**بڕگەی نۆیەم:** ئەم دەسەڵاتە جێبەجێنەکراوە بەتایبەتی لە بواری (داهات، خەرجی)دا.

**بڕگەی دەیەم:** ئەو پرۆژانەی جێبەجێدەکرێن بەدەنگدان لەناو ئەنجومەن ناکرێت.

**بڕگەی یازدەم:** یەکە سەربازییەکان لە سەنتەری شارەکان دان، باشتر وایە لە پارێزبەندی دەربکرێن.

**بڕگەی دوانزدە/ ٣:** لێکۆڵینەوە دەبێت بکرێت و حکومەت ئەنجامی دەدات و دەبێت لەسەر پێشنیاری پارێزگار بێت، ئەمەش دژ بەیاسای وەزارەتی ناوخۆیە.

**بڕگەی سیانزەهەم:** ئەم بابەتە گەورەترین کێشەی نێوان ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی شارەوانییەکانە.

**بڕگەی شانزەهەم:** بودجەی کتوپڕ دەبێت لەسەر پێشنیاری ئەنجومەن خەرج بکرێت، بەڵام ئێستا پێچەوانە بووەتەوە وپارێزگارەکان خەرجی دەکەن بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنەکان.

**ماددەکانی (هەشتەم، نۆیەم، دەیەم، یانزەهەم، دوانزەهەم، سیانزەهەم)** کاری پێ ناکرێت.

**مادەی چواردەهەم:** یەکەم: ٢) بڕوانامە هەموار بکرێت.

٤) بابەتی نشینگە هەموار بکرێت چونکە نەتەوە هەیە لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا داوای کورسی دەکەن.

٥) باشترە دەست لەکارکێشانەوە پێش (3) مانگ بکرێت.

**بڕگەی سێهەم:** پشتگیری باجی دەرامەت بەدروستکردنی کۆد.

**مادەی پازدەهەم:** ٤) دەنگدانی سادە یان ڕەها؟ پێویستە ڕوونبکرێتەوە.

**مادەی حەڤدەم:** مەبەست چییە لەدەستەی جێبەجێکار؟ ئایا بوونی هەیە؟

**بڕگەی شەشەم:** ڕوون نییە مەبەست کێیە؟

**مادەی هەژدەهەم: بڕگەی یەکەم:** مەبەست چییە بەستراوەتەوە بەوەزارەتی ناوخۆ لە ڕووی کارگێرییەوە؟

**مادەی نۆزدە: بڕگەی یەکەم:** باشترە بڵێن دەستەی جێبەجێکار.

**بڕگەی سێهەم:** دژ بەبەیانی ژمارە (1) ساڵی (2018)ی وەزارەتی ناوخۆیە.

**بڕگەی پێنجەم:** باشتر وایە هێزە سەربازییەکان سەرپەرشتی بکرێن یان بچنە دەرەوەی شارەکان.

**بڕگەکانی** (6،7،8،9) دژ بەیاسای وەزارەتی ناخۆو بەیانی ژ (1) ساڵی (2018)ەیە.

**برگەی** ٥: لە واقیعدا جێبەجێ نەکراوە و نمونەش زۆرن.

**مادەی بیست:** ١) باشتر وایە جێگری یەکەم بێت.

**مادەی بیست ویەك: برگەی یەکەم:** لەواقیعدا کەم کراوەتەوە.

**برگەی دووەم:** پرسکردن شتێکی تیۆرییە، بەڵام لە راستیدا دەیان رێنمایی دەرکراوە و هیچ پرسێك نەکراوە.

**مادەی بیست وحەوت: برگەی چوارەم:** کێشە هەیە لەنێوان شارەوانی و پارێزگاکان لەسەر داهاتی شارەوانی بۆ خۆی.

**مادەی سیی:** لەگەڵ یاسای چاکسازی یەك ناگرێتەوە پێویستە هەموار بکرێتەوە.

**مادەی سیی ویەك وسیی و دوو** دووبارەی تێدایە.

**مادەی سیی وسێ:** برگەی یەکەم/ ٤: وگەڕانەوەیان بۆ کاری پێشوو.

**مادەی سی وچوار:** .....لەسەر داوای شارەوانی.

**مادەی سیی وپێنج:** ئەم خاڵە گەورەترین کێشەی نێوان ئەنجومەن و شارەوانییە چونکە هەردوولا دەسەڵات پەیڕەو دەکەن.

**مادەی سیی وحەوت:** باشتر وایە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی شارەوانییەکان بدرێت.

**مادەی سیی وهەشت:** تاوەکو ئێستا جێبەجێ نەکراوە.

پاشانیش (د. مستەفا رەسول) بەم شێوەیە راو سەرنجەکانی لە سەر یاساکە خستەڕوو:

**ماددەی یەکەم:** رێکنەخستن و ناوزەند نەکردنی ئیدارە سەربەخۆکان

**ماددەی دووەم:** باشترو پەسەندترە بنچینەی ناسەنتەری لامەرکەزی ئیداری لە دەستوردا دەقی لەبارەوە بێت، لەیاساکانی دیکەشدا پتەوتر بکرێت تەنها یاسای پارێزگا نەبێت.

**ماددەی سێیەم:** پەسەندە، بەڵام دەق بهێنرێت لەسەر ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگا کەسێتی مەعنەوی هەیە و سەرۆکەکەی نمایندەی دەکات.

**ماددەی چوارەم:** باشترە ژمارەیان کەم بکرێتەوە بۆ(25) ئەندام بنەمای یەکسانی پەیڕەو کردووە لە دیاریکردنی نوێنەرەکان لەگەڵ ڕەچاو کردنی ژمارەی دانیشتوان بە زیادکردنی کورسیەك بۆ (200000) دووسەد هەزار لەوانەی زیاد دەبن لە (500000) پێنج سەد هەزار و کۆتایی ژنان بەڕێژەی (30%) وەك تمیز الاجابی.

**ماددەی پێنجەم:** (بڕیارو پەیڕەو ڕێنمایی) (التشريعات الفرعيه) پەیوەست بەکاروباری کارگێڕی و دارایی.

**ماددەی شەشەم:** تایبەتمەندێتی (اختصاصەکان)بە شێوەی حصری هاتوون نەك بە شێوەی نمونە، بەم جۆرە تەنها ئەنجومەنی پارێزگا تایبەتمەند دەبێت بەوانەی لە یاساکەو لە ماددەی (6) بۆی دیاریکراوە.

ماددەی حەوتەم: پەیوەندی نێوان پارێزگاو ئەنجومەن پەیوەندیەکی ڕێکخستن (تنظيمي) و چاودێرییە، سەرکەوتنی ئەو پەیوەندیە دەوەستێتە سەر هەماهەنگی و هاوکاری نێوانیان بەڵام ئەوەی ڕچاو دەکرێت و دەردەکەوێت دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاو تایبەت لەبەرامبەر پارێزگا زیاترە.

**ماددەی هەشتەم:** ئەم ماددەیە ئەچێتە بواری جێبەجێکردن، کارپێکراو نیە لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی قەزاکان نەکراو.

**ماددەی نۆیەم:** کارپێکراو نیە لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی قەزاکان نەکراو نەچۆتە بواری جێبەجێکردن.

مـــاددەی دەیەم: نەچـــۆتە بـــواری جێبەجێکـــردن، چـــونکە هەڵبـــژاردن بۆئەنجومەنی پارێزگاکان نەکراوە.

**مـــاددەی یـــانزەیەم:** نەچـــۆتە بـــواری جێبەجێکـــردن، هەڵبـــژاردن بـــۆ ئەنجومەنی خۆجێیی (ناحیە) نەکراوە، عێراق ئەنجومەنی ناحیەکانی بە هەمواری سێیەم لە ساڵی (2018) هەڵوەشاندەوە.

**ماددەی دوانزەیەم:** نەخراوەتە بواری جێبەجێکردن.

**ماددەی سیانزەیەم**: نەخراوەتە بواری جێبەجێکردن.

**مـاددەی چـواردەیەم:** بـڕگەی (2) هەمـوار بکـرێتەوە، بـۆ ئەنـدامێتی مەرجـی بڕوانـامە / (تفـرغ تـام) بـۆ بکـرێتە بەدەسـتهێنانی بڕوانـامەی (بکالوریوس) کاروباری ئەنجومەن.

**ماددەی پانزەیەم:** بڕگەی (4)ماددەی (25) باشترە دەنگدانی نهێنی بە گـوێرەی داوای ئەنـدامان نەبێـت، بەڵکـو پەیوەسـت بێـت بە سروشـتی بـــابەتەکە تاچەنـــد پێویســـت دەکـــات نهێنـــی بێـــت و هەروەهـــا کۆبوونەوەکان دیاری بکرێن هەفتانەو دانیشتنەکان بکرێت.

**ماددەی شانزەیەم:** سوێند خواردنی لەبەردەم دادگادا بێت.

**مـاددەی حەڤـدەیەم**: پەسـەندترە، بەڵام ڕوون نـیە بـڕگەی (3) کەباسـی بابەتە هاوبەشەکان دەکات.

**ماددەی هەژدەیەم:** دیاریکـردنی پارێزگـار، هەمـوار کـراوەتەوە دەکرێت لە دەرەوەی ئەنجومەنەکە بێت، سوێندخواردن لەبەردەم دادگـادا بێـت و پێویستی بە مەرسومی سەرۆکایەتی هەرێم نەبێت.

**ماددەی نۆزدەیەم:** تایبەتمەندیەکانی پارێزگار:

1-لەبواری خزمەتگوزاری گشتی و ئامادەکردنی بوودجە.

2 -لە بواری ڕێکسازی ئیداری.

3 -تایبەتمەندی چاودێری.

4-تایبەتمەندی تشریعات ئیداری.

**ماددەی بیست:** نارەزایی بوونی پارێزگا لەبریاری ئەنجومەن دەسەڵات بدرێتە پارێزگار لە هەڵبژاردنی جێگرەکەی یان یاساکە دیاری بکات.

**مـــاددەی بیســـــت و یەك:** هاوکارەکـــان لەیاســـای پارێزگـــا رێکنەخراوەکان لە هەرێم وەك لەسەر تیمی هاوکاری پارێزگا هاتووە لە کـارگێڕی و هـونەری کە لە (5) کەس زیـاتر نەبێـت، بەڕێـوەبەری گـشتی (10) سـاڵ خـزمەت، هەروەها دەسـتەی ڕاوێژکـار (7) یاسـایی و دارایی و هونەری

**ماددەی بیست و دووەم:** راسپاردن (تفویض) و هەماهەنگی (تنیسق) لە نێوان وەزیرەکان و پارێزگا.

**ماددەکانی بیست و سێیەم و ماددەی بیست و چوارەم و ماددەی بیست و پێنجەم و ماددەی بیست و شەشەم)** جێبەجێ ناکرێن.

**ماددەی سی و یەکەم:** ئەم بڕگەیە بە ڕەهایی هاتووە پێویستە قەبارەی سەرپێچییەکە دیاری بکرێت.

لە کۆتاییشدا بەشداربووان (56) تێبینییان لە سەر ماددەکانی یاساکە خستەڕوو.

# بەشی دووەم/

## دۆسێی
## لامەرکەزی کارگێڕی و دارایی

## یەکەم/ ناساندنی سیستمی نامەڵبەندیەتی کارگێڕی [1]

{نامەڵبەندیەتی کارگێڕی، شێوازێکی ڕێکخستنی کارگێڕیە، لەکاتی ئێستاشدا جێبەجێکردنی لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان بڵاوە، بە شێوازە جۆراو جۆرەکانیەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو لایەنە باش و سوودمەندیانەی ئەم سیستمە هەیەتی، جێبەجێکردنی ئەم سیستمەش پێویستی بە بوونی چەند ڕەگەزێکە، هۆکاری پیادەکردن ومێژووی سەرهەڵدانیشی لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەت وهەرێمێکی دیکە دەگۆڕێت.

مەبەست لە نامەڵبەندێتی (لامەرکەزی) بەشێوەیەکی گشتی دابەشکردنی دەسەڵاتە بەسەر چەند ناوەندێکدا، جۆریشی زۆرە وەك (نامەڵبەندێتی سیاسی (فیدراڵی) و نامەڵبەندێتی کارگێڕی و نامەڵبەندێتی دارایی) ئێمە لەم باسەدا تەنها لە نامەڵبەندێتی کارگێڕی دەکۆڵینەوە چونکە ئەو لەناو بازنەی خوێندنی یاسای کارگێڕیدایە.

نامەڵبەندێتی کارگێڕی لە سادەترین پێناسەیدا بریتیە لە دابەشبوونی اختصاصات و دەسەڵاتە کارگێڕیەکان لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و ئەنجومەنە (خۆجێی) یان (خزمەتگوزاری)یەکان

لە نامەڵبەندێتی کارگێڕی پیادەکردنی اختصاصاتی کارگێڕی و دەرکردنی بڕیار لەلایەن زیاد لە ناوەندێکەوە دەبێت، ئەم ناوەندانە بە شێوەی پلە بەندی کارگێڕی پێکەوە نەبەستراونەتەوە، بەڵکو

---

1. ئەمەی ئاماژەمان پێکرد بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی بەڕێز (د. موستەفا رەسول)مامۆستای زانکۆی سلێمانی و ئەندامی بۆردی ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان کە ساڵی لە (2017)دا بە شێوەی سیمینار بە (ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) وتەوە.

شخصيەی قانونی و مەعنەوی خۆیان هەیە، ئەو ناوەندانەش یان لەسەر ئاستی جوگرافی (ناوچەیی) دەبن وەك (ئەنجومەنی پارێزگا) یان لەسەر ئاست و جۆری خزمەتگوزارین (مرفقی) دەبن وەك (خزمەتگوزاری بازرگانی و پیشەسازی).

## دووەم/ جۆرەکانی سیستمی نامەڵبەندێتی کارگێڕی

***یەکەم- نامەڵبەندێتی کارگێڕی خۆجێی (بەڕێوبردنی خۆجێی- (Territoriale Decentralisation***

لەم جۆرەی نامەڵبەندێتی بەڕێوەبردنی شار و ناوچەکان دەدرێت بە ئەنجومەنی خۆجێی کە دانیشتوانی ناوچەکە بە هەڵبژاردن دەستنیشانیان دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هەستی سەربەستی و دیموکراتی لای دانیشتوان و هاووڵاتیانیش بەشداردەکات لە پڕۆسەی بەڕێوەبردندا پراکتیزەکردنی سیستمی دیموکراسیشە چونکە ماف دەداتە خەڵك خۆیان خۆیان بەڕێوەببەن.

***دووەم: نامەڵبەندێتی کارگێڕی خزمەتگوزاری Decentralisation (par service***

شێوازێکە لە شێوازەکانی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان، لەم جۆرەدا بەڕێوەبردنی (خزمەتگوزاریەك یان ژمارەیەك خزمەتگوزاری کە یەك ئامانجیان هەبێت) لەلایەن دەستەیەکی کارگێڕی دەبێت، قانون شخصیەی معنوی پێدەبەخشێت، بەمجۆرە سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی و هونەرییان دەبێت لە حکومەتی مەرکەزی.

## سێیەم/ هەڵسەنگاندنی سیستمی نامەڵبەندێتی کارگێڕی

نامەڵبەندیەتی کارگێڕی وەك سیستەمێکی کارگێڕی هاوچەرخ، پیادەکردنی کۆمەڵێك دەرەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە، بەڵام بەدووریش نیە لە هەندێك کەموکوڕی، ئەوەش دەوەستێتە سەر ئاستی هۆشیاری دانیشتوان و رادەی پێشکەوتنی سیاسی و باوەڕبوونی فەرمانڕەوایان بە دیموکراتی و پیادەکردنی و گەشەی ئابووری و شێوەی دەستوری دەوڵەتەکەو کۆمەڵێك هۆکاری کاریگەری دیکە .ئێمە لەم باسەماندا گرنگترین لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو سیتمە دەخەینە ڕوو:

***__لقی یەکەم: لایەنە ئەرێنییەکان ( ئیجابیات)ی سیستمی نامەڵبەندێتی کارگێڕی__***

1.بە پیادەکردنی دیموکراتی دادەنرێت لە بواری کارگێڕی چونکە دەرفەت دەدات بە هاووڵاتیان بە خۆبەڕێوەبەری لە رێگەی هەڵبژاردن لەلایەن دانیشتوانی یەکەیەکی کارگێڕی .

2. ئاسانکاری بۆ حکومەتی مەرکەزی دەکات و ئەرکی سەرشانی کەم دەکاتەوە چونکە لەرێگەی ئەنجومەنە خۆجێیەکانەوە سەرپەرشتی وچاودێری خزمەتگوزاریە ناوچەییەکان دەکرێت و حکومەتی مەرکەزی یەکلادەبێتەوە جێبەجێکردنی خزمەتگوزاریە نیشتمانیەکان.

3. دەبێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ باش بەڕێوەچونی خزمەتگوزاریەکان بە هۆی ئەو پەیوەندیە راستەوخۆیەی کە

هەیە لەنێــوان بەڕێــوەبەرانــی خزمەتگوزاریەکــان و دانیشــتوانی یەکە کارگێڕیەکان.

4. ڕۆتینــی کــارگێڕی کەم دەکــاتەوە دەبێــتە هــۆی ئەوەی هاووڵاتیــان بە خێرایــی کارەکانیــان بەڕێــوە بچێــت لەبەر نزیکــی ناوەندی بڕیاردان لە شوێنی نیشتەجێبونیان.

5. پیــادەکردنی نامەڵبەنــدێتی کــارگێڕی هۆکــارێکی باشــە بــۆ پێگەیانــدنی ژمــارەیەکی زۆر کارمەنــد و ســەرۆکی کــارگێڕی، ئەمەش یــارمەتی پێشــکەوتن و گەشــەپێدانی کــارگێڕی لە وڵات دەدات.

6. پیــادەکردنی نامەڵبەنــدێتی کــارگێڕی دەرەنجــامی باشــی لێــدەکەوێتەوە بــۆ پێشــکەش کردنــی خزمەتگــوزاریە گشــتیەکان چــونکە ئەنــدامانی ئەنجومەنەخۆجێیەکــان باشــتر ئاشنان بە خواست و پێداویستیەکانی ناوچەکەیان.

***<u>لقی دووەم: نەنگیەکان (سلبیات)ی سیستمی نامەڵبەندێتی کارگێڕی.</u>***

ســەرەڕای ئەو باشــیانەی کەباســمان کــرد بەڵام نامەڵبەنــدێتی کــارگێڕی چەنــد نەنگــیەك و کەم وکــوڕیەکی هەیە بەتــایبەت لەو وڵاتــانەی کە زەمیــنەی پیــادەکردنی لەبــارو گونجــاو نــیە دەکرێت ئاماژە بەهەندێك لەوانە بدەین:

1. نامەڵبەنــدێتی کــارگێڕی بەیەکــداچون و نــاکۆکی نێــوان حکــومەتی مەرکەزی و ئەنجــومەنە خۆجێیەکــان دروســت دەکــات لە ســەر اختصاصــەکان، بەتــایبەت ئەگەر لەیاســادا

سنوری کارو اختصاصاتی هەریەکەیان بە ڕوونی دیاری نەکرابوو.

2. هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەنە خۆجێیەکان شارەزایی زۆر و وردیان لە بواری کارگێڕی و زانست و هونەری پلانسازی شارو پەرەپێدانی کەمە، چونکە لە کاتی دەنگداندا، دەنگدەران بەرژەوەندی حیزبایەتی و ناوچەیی و عەشیرەتگەرایی بالأدەست دەکەن بەسەر لیهاتووی وشارەزایی پالێوراوان بۆ ئەنجومەنەکان.

3. بەڕای هەندێکی کەم لە نووسەران نامەڵبەندێتی کارگێڕی مەترسی دروست دەکات بۆ سەر یەکپارچەیی دەوڵەتەکە لە ڕووی سیاسی و قانونیەوە ، ولەتوانا و بەهێزی حکومەتی مەرکەزی کەم دەکاتەوە.

4. ئەنجومەنە خۆجێیەکان خەرجییان زۆرە و بەرژەوەندیە ناوچەییەکانی خۆیان بالأدەستردەکەن و پێش بەرژەوەندیە گشتیەکانی وولأتەکەی دەخەن.}

## چوارەم/ پرۆژەی لامەرکەزیەتی کارگێڕی و دارایی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی):

ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی پشت بە مادەی (2) و (5)ی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەبەستێت بۆ داواکردنی لامەرکەزی، ئەوەش بەمەبەستی دابەزاندنی دەسەڵاتەکان لەناوەندەوە بۆ خوارەوە. لەو دوو ماددەیەی یاساکەشدا بەمشێوەیە باسکراوە: لە ماددەی دووەمی یاساکەدا هاتووە: (ئەم یاسایە دەسەڵات و بەرپرسیاری ئەنجوومەنەکان و سەرۆکەکانیان و ئەندامەکانی دەستنیشاندەکات بۆ پتەوکردنی پرەنسیپی ناسەنتەری لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و چاککردنی گەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی بۆ هاووڵاتیان و پاراستنی مافەکان و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە و پەرەپێدانی یەکە کارگێڕییەکان لە هەرێمی کوردستاندا). هەروەها لە ماددەی پێنجەمیشدا هاتووە: (ئەنجوومەنی پارێزگا دەسەڵاتی چاودێرییە لەناو سنووری کارگێڕیی پارێزگادا، مافی ئەوەی هەیە بڕیار و پێڕەو و ڕێنماییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەناو سنووری پارێزگادا دەربچوێنێت، تاوەکو بتوانێ سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بەپێی پرەنسیپی ناسەنتەری بەڕێوەبردنی کارگێڕیی بکات، بەجۆرێکی وا کە ناکۆک نەبێ).

لەمـــاوەی رابـــردوودا بـــۆ جـــاری دووەم ئەم خـــولەی (ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی) بـــابەتی لامەرکەزی و روژانـــد، بەڵام ئەمجـــارە بەشێوەیەکی جیاوازترو فراوانتر لە جاری یەکەم.

پـــاش ئەوەی لە (2020/4/23)دا (14) ئەنـــدامی ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی، یاداشـــتێکیان ئاڕاســـتەی ســـەرۆکایەتی ئەنجـــومەن کـــرد ســـەبارەت بە ئامـــادەکردنی پـــڕۆژەیەک تـــایبەت بە (لامەرکەزی کـــارگێڕی و دارایـــی و دابەزانـــدنی دەســـەڵاتی کـــارگێڕی و دارایـــی)و لە بەرواری (2020/4/26)دا ئەنجـــومەنی پارێزگـــا بە فەرمـــانی کـــارگێڕی ژمـــارە (290) لیژنەیەکـــی کـــاتی پێکهێنـــا بـــۆ ئامـــادەکردنی (پـــڕۆژەی لامەرکەزیـــیەت) کە پێکهاتبوون لە نوێنەری سەرجەم فراکسیۆنەکان.

### خشتەی ژمارە (6)

ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردنی (پڕۆژەی لامەرکەزییەت)

| ژ | ناوی سیانی | ناونیشان | پلە | فراکسیۆن |
|---|---|---|---|---|
| .1 | بەرزان محەمەد | جێگری سەرۆکی ئەنجومەن | سەرۆکی لیژنە | گۆڕان |
| .2 | مهدی مەحمود | سکرتێری ئەنجومەن | ئەندام | یەکگرتووی ئیسلامی |
| .3 | میدیا ئەحمەد | ئەندامی ئەنجومەن | ئەندام | کۆمەڵی ئیسلامی |
| .4 | سەباح فەتاح | ئەندامی ئەنجومەن | ئەندام | یەکێتی |
| .5 | رێکەوت محەمەد | ئەندامی ئەنجومەن | ئەندام | یەکێتی |
| .6 | مینا سامی | ئەندامی ئەنجومەن | ئەندام | پارتی |
| .7 | ئامانج نەجیب | ئەندامی ئەنجومەن | ئەندام | رافیدەین |
| .8 | کاسترۆ مەعروف | ئەندامی ئەنجومەن | ئەندام | هاوپەیمانی |
| .9 | هاوسەر هۆشیار | ئەندامی ئەنجومەن | ئەندام | گۆڕان |
| 10 | دیمەن رەزا | ئەندامی ئەنجومەن | ئەندام | یەکێتی |
| .11 | ئیسماعیل عەلی | ئەندامی ئەنجومەن | ئەندام | گۆڕان |

## پێنجەم/ دەقی یاداشتی ئامادەکردنی پرۆژەی لامەرکەزی

لە (2020/4/23)دا (14) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، یاداشتێکیان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کرد سەبارەت بە ئامادەکردنی پرۆژەی (لامەرکەزی کارگێڕی و دارایی و دابەزاندنی دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی).

ئەمەی خوارەوەش دەقی یاداشتەکەیە کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کرا:

بەڕێز/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

بابەت/ یاداشت

بەڕێزان ساڵی (2017) وەک (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) پرۆژەی لامەرکەزی کارگێڕی و دارایی و دابەزاندنی دابەزاندنی دەسەڵاتی کارگێڕی و داراییمان دوای پەسەندکردنی لە هۆڵی ئەنجومەن، ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد. بەڵام بێ وەڵام بوو، ئێستا دوای دووبارە سەرهەڵدانەوەی قەیرانی مووچە، قەیرانی خزمەتگوزاریش چاوەڕوان کراوە، بەمەبەستی ئیدارەدانی باشترو پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری، پێشنیار دەکەین لیژنەیەکی کاتی لە نوێنەرانی سەرجەم فراکسیۆنەکان پێکبهێنرێت بە تایبەت ئەو بەڕێزانەی پسپۆڕییەکانیان یاساو دارایی و ئابورییە، بەمەبەستی دووبارە دارشتنەوەو ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ مەبەستی لامەرکەزی و کارگێڕی و دارایی و دابەزاندنی دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی و ئاڕاستەکردنی بۆ بەردەم ئەنجومەنی پارێزگا، بەوپێیەی ئەم بابەتە خاڵێکی

رێککەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە نێوان (پ. د.ک) و (ی. ن.ک)و (بزووتنەوەی گۆڕان)یشەو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێویستی بە جەختکردنەوەو داوای جێبەجێکردنی ئەو خاڵەیە.

## شەشەم/ چەند تێبینیەک لەسەر یاداشتەکە:

***یەکەم/*** لە سەرەتای یاداشتەکەدا هاتووە (بەرێزان سالّی (2017) وەک (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) پرۆژەی لامەرکەزی کارگێڕی و دارایی و دابەزاندنی دەسەڵاتی کارگێڕی و داراییمان دوای پەسەندکردنی لە هۆڵی ئەنجومەن، ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد. بەڵام بێ وەڵام بوو)، لە کاتێکدا ئەنجومەنی وەزیران وەڵامی ئەو پرۆژەیەی ساڵی (2017) ی بە نووسراوی (2413) لە (2017/12/13)دا وەڵامی (ئەنجومەنی پارێزگا) داوەتەوە. بەم شێوەیەی لایخوارەوە:

(بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

بابەت/ پێشنیاری پرۆژەی لامەرکەزی

1. ئەو مادەو برگانەی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (3)ی ساڵی 2009، کە لە پێشنیازەکانی پرۆژەی هاوپێچی نووسراوتاندا هاتووە، هیچیان پەیوەندیان بەو بابەتەوەنین کە ئاماژەی پێدراوە، بۆیە نابنە پاڵپشتی یاسایی.
2. لە هەندێك برگەی دیکە، پشت بەستراوە بە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2013، ئەمەش ناکرێت چونکە ئەم یاسایە تایبەت بوو بە ساڵێکی دارایی کە کۆتایی پێهاتووە.

3. سەر باری نەگونجانی هەندێك لەو یاسایانەی لە پڕۆژەی ئاماژە پێکراودا هاتوون، بەڵام بەرجەستەکردنی پڕۆژەکە تەنها لەرێگەی هەمواركردنی یاسای پارێزگاكانی هەرێمی کوردستان ژمارە (3)ی ساڵی 2009 دەبێت، بۆیە دەکرا ئەو هەموارانەی مەبەستانە پاڵپشت بەبڕگەی (نۆیەم)ی مادەی (شەشەم)ی یاسای پارێزگاکان لەشێوەی (پڕۆژەی یاسای هەمواركردنی یاسای پارێزگاكان) لە رێگەی وەزارەتی ناوخۆ بەرزی بکەنەوە بۆ ئەم سەرۆکایەتیە).

***دووەم/*** لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن تەنها واژۆی (14) ئەندام لەسەر یاداشتەکە کراوە، بە بۆچوونی ئێمە گرنگ بوو بۆ پرۆژەیەکی گەورەی وەک (لامەرکەزی) جگە لە دەستەی سەرۆکایەتی لانیکەم واژۆی زۆرینەی رەهای ئەندامانی لەسەر بوایە، چونکە جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە لە بەرژەوەندی هاووڵاتیان کۆتایی دێت و لەیاداشتەکەشدا جەخت لە گرنگی پرۆژەکە کراوەتەوە.

***سێیەم/*** لە کۆتایی یاداشتەکەدا هاتووە: (بەو پێیەی ئەم بابەتە خاڵێکی رێککەوتنی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە نێوان (پ. د.ک) و (ی. ن.ک)و (بزووتنەوەی گۆڕان)یشەو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێویستی بە جەختکردنەوەو داوای جێبەجێکردنی ئەو خاڵەیە)

بۆیە لەلایەک لە سەر ئەنجومەنی پارێزگا پێویست بوو، زووتر کاری لەسەر ئەم بابەتە بکردایە، لە لایەکی دیکەشەوە پێویستبوو هەرسێ لایەنە سەرەکییەکەی پێکهێنەری کابینەی نۆیەم، بە تایبەت (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و

بزووتنەوەی گۆڕان) سەقفیکی زەمەنیان بۆ جێبەجێکردنی (لامەرکەزی) دیاری بکردایە.

***چوارەم/*** باشتر بوو هەردوو لایەنی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان) لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم راو بۆچوون و پێشنیاری خۆیان لە سەر پرسی (لامەرکەزی) بناردایە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەتایبەتیش بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تا لە رێگەی فراکسیۆنەکانیانەوە کاری جدی لەسەر بکرایە

## حەوتەم/ پووختەی پرۆژەی (لامەرکەزی کارگێڕی و دارایی) ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ئەوەی لە پرۆژەکەدا ئامادەکراوە بریتییە لە:

**1.پێشەکی**

**2. پاڵنەرە واقعییەکان**

**3. لیستی سەردان و کۆبوونەوەکان**

**4. خستنەڕووی ئەو پێشنیارانەی دراونەتە لیژنەکە**

لە پێشەکییەکەدا هاتووە "لە کاتێکدا پێشتر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیارەکانی ژمارە (11231)و(11232) لە بەرواری (2012\10\17) و بڕیارەکانی ژمارە (40) لە (2013/18/16)و هەردوو بڕیاری ژمارە (44) و (45) لە (2013\6\19) دەرکرد کەتایبەت بوون بەدابەزاندنی دەسەڵاتە کارگێری و داراییەکان بۆپارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان بەڕێوەبەرە

گشـتیەکان، دواتـریش بە بڕیـاری ژمـارە (1700)لە (2016/4/17) هەردوو بڕیـاری ژمـارە (11231و11232) هەڵوەشـێنرانەوەو هەروەهـا هەرسـێ بڕیـاری ژمـارە(40و44 و45) لە (2016\5\10) بە نووسـراوی ژمـارە (2062)هەڵوەشـێنرانەوە، هەرچەنـدە لەسـاڵی (2014)ەوە یاسـای پارێزگاکـانی هەرێمـی کوردسـتان بەرکـاربووەو دەبـوو بەهـۆی دەسـتبەکاربونی ئەنجـومەنی پارێزگاکـانەوە ئەو بڕیـارانەی سـەرەوە هەڵوەشـێنرایەتەوەو کـار بەیاسـای ژمـارە (3) بکـرایە بـۆ چەسـپاندن و پیـادەکردنی لامەرکەزی کـارگێڕی و دارایـی، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بڕیارەکـان هەڵوەشێنرانەوەو ئەنجومەنی پارێزگاکـان دەسبەکاربوون و حکـومەتی خۆجێیەکـان پێکهـاتن بەڵام هێشـتا سیسـتەمی بەڕێوەبردن و بڕیاردان مەرکەزییە.

دواتـر بـاس لە سـودەکانی لامەرکەزی کـارگێڕی ودارایـی کـراوە لە حەوت خاڵـدا، سـەبارەت بە هۆکارەکـانی ئامـادەکردنی پـرۆژەکەش هـاتووە: (سیسـتەمی بەڕێـوەبردن لە هەرێمـی کوردسـتان بە جـۆرێکە کە دوای نـزیکەی سـێ دەیە لە خـۆ بەڕێـوەبەری و تـاقیکردنەوەی سیسـتەمی مەرکەزی، قەیرانـی بەڕێـوەبردن و دارایـی و زیـادبونی ڕۆتـین و گەنـدەڵی لێکەوتـۆتەوە، بەهـۆی قەیـرانە بەردەوام و یەك لە دوای یەکەکـانەوەو بە لەبەرچـاوگرتنی ئەزمـونی سـەرکەوتویی وڵاتـان، کـاتی ئەوە هـاتووە کە بەجـۆرێکی دیـکە لە سیسـتەمی بەڕێـوەبردن تـاقی بکەیـنەوە کە گونجـاوترین و باشـترینیان لامەرکەزی کارگێڕی و داراییە.

پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجەو ئیدارەکانی گەرمیان وراپەڕین خاوەنی ڕێژەیەکی زۆرن لە نەوت و غاز وسامانی سروشتی و قەبارەیەکی گەورەی پیشەسازی و ناوچەیەکی بە پیت و بەرفراوانی کشتوکاڵی و سەرچاوەی گرنگی گەشتوگوزاری و دەروازەی سنوری نێودەوڵەتی و فرۆکەخانەو خاڵی گومرگی و داهاتە ناوخۆییەکان و مقەوەماتی گەشەپێدانی وەك کار و زەوی و سەرمایە و ڕێکخستن و هەبونی چەندین بەنداوی گرنگ و ستراتیژی. هەموو ئەمانە پاڵنەرمان بووە بۆ پێداگیری لە سیستەمی لامەرکەزی کارگێڕی و دارایی و ئامادەکردنی ئەم پڕۆژەیە بۆتێپەڕاندنی ئەم دۆخە). پاشان ئامادەکە بە پاڵپشتییە یاساییەکان کراوە بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەکە کە (12) پاڵپشتی یاسایی خراونەتە ڕوو، دواتریش پاڵنەرە واقعییەکان بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەکە لە (6) خاڵدا خراونەتەڕوو.... لەدوای دەستبەکاربوونی لیژنەکەو گرێدانی یەکەم کۆبوونەوە لە (2020/5/4) هێڵە گشتیەکانی کارکردنی لیژنەکە دانراو بەم شێوەیە جێبەجێکرا.

## خشتەی ژمارە (7)

### سەردان و کۆبوونەوەکانی لیژنەکە

| ژ | بەروار | شوێن |
|---|---|---|
| 1 | 2020\5\6 | ئیـــدارەی ڕاپەڕیـــن و کۆبـــوونەوە لەگەڵ سەرپەرشتیاری ئیدارەو بەرپرسانی ئیداری. |
| 2 | 2020\5\7 | پارێزگـــای ســـلێمانی و کۆبـــوونەوە لەگەڵ پارێزگـــاری ســـلێمانی، جێگرەکـــان، قائیمقامی قەزای ناوەند. |
| 3 | 2017\5\10 | ئیـــدارەی گەرمیـــان و کۆبـــوونەوە لەگەڵ سەرپەرشتیاری ئیدارەو بەرپرسانی ئیداری. |
| 4 | 2020\5\12 | پارێزگـــای هەڵەبـــجەو کۆبـــوونەوە لەگەڵ پارێزگـــارو جێگـــرو قائیمقـــامی قەزای ناوەند. |
| 5 | 2020\5\14 | کۆبـــــــوونەوە لەگەڵ بەڕێـــــــــوەبەرە گشتیەکانی سلێمانیز |
| 6 | 2020\5\17 | کۆبـــــــوونەوە لەگەڵ بەڕێـــــــــوەبەری فرۆکەخـــانەی ســـلێمانی و دەروازەی ســـنوری باشماخ. |
| 7 | 2020\5\18 | کۆبـــوونەوە لەگەڵ بەڕێـــوەبەرانی ئـــاو و باجەکان سەرۆکی شارەوانی سلێمانی. |
| 8 | 2020\5\19 | کۆبـــوونەوە لەگەڵ بەڕێـــوەبەرانی پۆلیســـی ســـلێمانی و پۆلیســـی دارســـتان و بەرگـــری شارستانی و هاتوچۆ. |
| 9 | 2020\5\20 | کۆبـــــــوونەوە لەگەڵ بەڕێـــــــــوەبەری گەنجینەکـــانی ســـلێمانی و هەڵەبـــجەو |

| | | |
|---|---|---|
| | | گەرمیان و ڕاپەڕین و بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی هەرێم لە سلێمانی. |
| 10 | 2020\6\3 | کۆبوونەوە لەگەڵ شارەزاو پسپۆڕانی بواری کارگێڕی. |
| 11 | 2020\6\4 | کۆبوونەوە لەگەڵ شارەزایانی دارایی و ئابوری. |
| 12 | 2020\6\7 | ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ شارەزاو پسپۆرانی بواری یاسایی. |
| 13 | 2020\6\15 | ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ شارەزاو پسپۆرانی بواری یاسایی. |

لە دەرئەنجامی ئەم سەردان و کۆبوونەووانەدا نزیکەی (70) بەرپرسی ئیداری بینراون و ڕاوێژ بە (15) پسپۆڕو شارەزایانی بوارە پەیوەندیدارەکان کراوە...

لە ڕەشنووسی پرۆژەکەدا یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و زۆرێك لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەتایبەت یاساو ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ و دارایی وەك ڕێگر لە جێبەجێکردنی یاسای پارێزگاکان باسکراون، بە جۆرێك حکومەتە خۆجێیەکان لە نێوان ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان کە متمانەیان پێبەخشیون و وەزارەتەکانیان کە لەڕووی کارگێڕیەوە پێوەی بەستراون گرفتی زۆری بۆ دروستکردون.

## خشتەی ژمارە (8)

### ئەو پێشنیارانەی پێشکەش بە لیژنەکە کراون

| ز | پێشنیاز | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | پێدانی دەسەڵات بە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان | 18 |
| 2 | پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیس | 20 |
| 3 | پێدانی دەسەڵات بە سێکتەرە جیاواز و فەرمانگە خزمەتگوزاریەکان | 15 |
| 4 | پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان | 61 |
| | کۆی گشتی | 114 |

سەبارەت بەو ئەو سێکتەرانەشی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتیان لە ئاستی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکاندا نیيە (2) پێشنیار خراوەتەڕوو.... ئەمەی خرایەڕوو پوختەی ڕەشنووسی پڕۆژەی لامەرکەزیەتەکەیە تا بەرواری (2020/9/30).

## هەشتەم/ تێبینی و سەرنجی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە ڕەشنووسی پڕۆژەکە:

سەبارەت بە ڕەشنوسی (پڕۆژەی لامەرکەزیەت)ی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)ی وەک (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) ئەم سەرنجانە دەخەینە ڕوو:

**یەکەم/** ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە تایبەت (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) کە لە (2014/4/30) هەڵبژاردنیان بۆکرا، دەبوایە سیستمی لامەرکەزی جێبەجێبکرایە، چونکە یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009) بۆ ئەو مەبەستە دەرچووە... گرنگبوو ئەنجومەنی پارێزگاکان لە سەرەتای دەستبەکاربوونیاندا لە هەوڵی جێبەجیکردنی (لامەرکەزی)دا بوونایە، بەڵام شەش مانگی یەکەمی تەمەنی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) تەرخانکرا بۆ دیاریکردنی (پارێزگاری سلێمانی) لە کاتێکدا ئەمە بابەتێکی هێندە قورس نەبوو.

**دووەم/** بۆ سوود وەرگرتن لە کات باشتربوو (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) لانیکەم لە دوای پڕۆژەکەی لەسەر لامەرکەزیەت کە لە (2017/8/30)دا ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد، ئەنجومەنی وەزیرانیش پڕۆژەکەی پەسەند نەکرد، دەبوایە لەو بەرواره بەدواوە (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) کاری لەسەر فراونکردنی پڕۆژەکە بکردایەتەوەو ئەو کۆبوونەوەو سەردانانەی لە ساڵانی ڕابردوودا ئەنجام بدایەو پرۆژەیەکی گشتگیرو فراوانیان

ئامادەبکردایەو دواتریش لەگەڵ هەردوو ئەنجومەنی (پارێزگای هەولێرو دهۆک)دا تاوتوێی پرۆژەکەیان بکردایە. ئەگەر ئەوانیش نەهاتنە پێشەوە، ئەوکات (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) خۆی پرۆژەکەی پێشکەش بە (پەرلەمانی کوردستان) بکردایە.

**سێیەم/** زۆر گرنگبوو لەم رەشنووسی پرۆژەیەدا بابەتی دارایی پارێزگاکان بەگشتی و (پارێزگای سلێمانی) بەتایبەت تیشکی بخرایاتە سەرو چۆنییەتی بەهێزکردن و فرە سەرچاوەیی دیاریبکرایە، هەروەها ئەم زانیاریانە ئاماژەیان پێبدرایە:

1. بڕی مووچە و داهاتی گشتی مانگانەی پارێزگای سلێمانی و هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین.
2. بڕی داهاتی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە دەتوانن مووچەی خۆیان دابینبکەن.
3. بڕی مووچەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە دەتوانن مووچەی خۆیان دابینبکەن.

ئەم خاڵانە پێشتر لە (2016/10/10)دا و بەفەرمانی ژمارە (446) ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لیژنەیەکی بۆ پێکهێنا، بەڵام ئەوکاتەش ئەم لیژنەیە هەڵوەشایەوەو کارەکانی ئەنجامنەدا، باشتر بوو لەم پرۆژەیەدا کاریان لەسەر کراباو پرۆژەکەی پێ دەوڵەمەند بکرایە.

**چوارەم/** لە ڕاپۆرتی سێیەمی ڕێکخراوماندا کە لە ساڵی (2017)دا بڵاوکرایەوە بە ناوی (ئەنجومەنی پارێزگای

سـلێمانی و هاووڵاتیـان) ئەنجـامی زنجیـرەیەک گفتوگـۆیکراوە کە بـۆ ئەنـدامانی ئەنجـومەن لە زۆرێـک لە قەزاو ناحیەکـانی سـنوری پارێزگـای سـلێمانی و هەردوو ئیـدارەی راپەڕیـن و گەرمیـان سـازدابوو، لەو گفتوگـۆکراوانەدا بەڕوونـی بـاس لە گرنگـی دابەزانـدنی دەسـەڵاتەکان و گرفتەکـانی بەردەم فەرمەنگەکـان خـرانە بەردەم ئەنـدامانی ئەنجـومەنی پارێزگـای سـلێمانی، دەکـرا هەر ئەو کـات ئەنجـومەنی پارێزگـا سـوودی لـێ ببینینایە بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکەیان.

***پێنجەم/*** دەبـوایە رەشنووسـی پـرۆژەکە ئاڕاسـتەی سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی پارێزگـا بکـرایەو دواتـر ئەنجـومەنی پارێزگـا بە فەرمـی ئاڕاسـتەی لایەنە سیاسـیەکانی بکـردایە و سـەقفێکی زەمەنیشی بۆ گێڕانەوەی وەڵامەکان دابنایە.

***شەشـەم/*** باشـتر بـوو پـرۆژەکە تەواوبکـرایە ئەوکـاتە هەڵمەتێکـی فراوانـی راگەیانـدن و کەمپینـی پشـتیوانی لە لایەن ڕێکخراوەکـانی کـۆمەڵگەی مەدەنـی و فەرمـانگە حکومیەکانەوە بۆ بکرایە.

***حەوتەم/*** ئەگەرچـی (بەرزان شـێخ محمـد/ سـەرۆکی لیـژنەی لامەرکەزی) لە بەرواری (2020/7/1)داڵە هەژمـاری تـایبەتی خـۆی لە تـۆڕی کـۆمەڵایەتی فەیسـبووک، رایگەیانـد کە: (لە هەفـتەی ئاینـدەدا ڕەشنوسـی پـرۆژەکە پێشـکەش بە سـەرۆکایەتی ئەنجـومەن دەکەیـن بـۆ خسـتنەناو کـاری ئەنجـومەن و دانـانی ڕۆژێـك بـۆ دەنگدان لەسـەری لە کۆبـونەوەی فەرمـی ئەنجـومەن) بەڵام (**تاکـاتی ئامـادەکردنی ئەم راپـۆرتە**) پـرۆژەکە نەخـراوەتە ئەجێنـدای دانیشـتنەکانی

ئەنجومەنەوەو تەنانەت ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنیش نەکراوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو دەقی پرۆژەکەمان بڵاونەکردەوە.

***__نموونە/__*** پاش تێپەڕبوونی (6) مانگ بەسەر پێکهێنانی لیژنەکەدا، هێشتا پڕۆژەکە نەچووەتە قۆناغی کۆتاییەوەو بەشێوەیەکی فەرمی ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نەکراوە.... بە گوتەی (بەرزان شێخ محەمەد) سەرۆکی لیژنەی لامەرکەزیەت لە ئێستادا پڕۆژەکە ئاڕاستەی لایەنە سیاسیەکان کراوە بۆ ئەوەی ئەوانیش رای خۆیانی لەسەر دەرببڕن. بەڵام تاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە هیچ لایەنێک وەڵامیان نەداوەتەوە.

*سەبارەت بە تەواوکردنی پڕۆژەکە، داخۆ کەی تەواودەبێت؟*

*(سەرۆکی لیژنەی لامەرکەزی)* بە تیمی پڕۆژەی راگەیاند کە:

(سیستەم گۆڕین شتێکی ئەوەندە ئاسان نیيە، لێرە سیستەمی سیاسی بە تەواوی مەرکەزییە، بابەتی لامەرکەزی بۆیە درێژەی خایاندووە، چونکە هەرچی یاسامان هەیە هەمووی مەرکەزین، لە بەرئەوە سەرەتا پێویستە یاسای ژمارە (3) ساڵی (2009) هەمواربکرێتەوە بە روحێکی لامەرکەزی، لە هەمان کاتدا تەریب یاساکانی دیکەی بەڕێوەبردن لە هەرێمدا بەهەمان شێوە هەموار بکرێنەوە، لەبەر ئەوە ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەک نییە بە بڕیارێک یان بە پڕۆژەیەک کۆتایی بێت، ئێمە پڕۆژەکەمان نووسیوە پڕۆژەیەکە مەیدانییە... زۆرێک لە دەسەڵاتەکان مەرکەزین و لەئەنجومەنی وەزیران و لەلای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کێشەکەش لێرەوە دروست بووە ئەمەش لە بەرژەوەندی هاووڵاتیا نییە....

ئەم پـرۆژەیە ئەبێـت ژێرخـانێکی سیاسـی بـۆ دروسـتبکەیت، دەبێـت قەنـاعەت پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بکرێـت وەک لایەنێکـی سیاسـی زۆریـــنە، پـــارتی دان بەلامەرکەزی ئیداریـــدا دەنێـــت، بەڵام بەشـــە دارایـــیەکەی مـــاوە...، لەبەرئەوە ئەم بـــابەتە دەچێـــتە پەرلەمـــان بـــۆ دەنگـــدان لە ســـەری، پـــارتیش وەک زۆریـــنە ئەگەر لە گەڵـــی نەبێـــت پـــرۆژەکە دەنـــگ ناهێنیـــت، دەمانەوێـــت ئەویـــش بەشـــێک بێـــت لە پرۆســـەکە بەڵام دژایەتـــی بـــۆ پـــرۆژەکەش دەرنەبڕیـــوە چـــونکە خـــاڵێکی رێکەوتنە سیاسیەکە ی ئەم کابینەی نۆیەم جێبەجکردنی لامەرکەزییە.

ســـەبارەت بە هەڵوێســـتی لایەنە سیاســـیەکانیش لە ســـەر پـــرۆژەکە (ســـەرۆکی لیـــژنەی لامەرکەزی) رایگـەیانـــد: (تائێســـتا تەنهـــا نـــوێنەری پـــارتی واژۆی پـــرۆژەکەی نەکـــردووە و چـــونکە ئەوانـــیش وەک پـــارتی پـــرۆژەی خۆیـــان هەیە بـــۆ لامەرکەزیەت)، هەروەهـــا وتـــی : (لەرێـــی فراکســـیۆنەکانی نـــاو ئەنجـــومەنەوە پرۆژەکەمـــان نـــاردووە بـــۆ لایەنە سیاســـیەکان، بەڵام تائێســـتا وەڵامیـــان نەنـــاردووەتەوە هەریەکە لە(یەکێتـــی نیشـــتمانی و بـــزووتنەوەی گـــۆڕان)یش لەســـەر ئاســـتی بـــاڵا لیژنەیـــان بـــۆ پێکهێنـــاوە ئەو لیـــژنەیەش پێیانراگەیاندووین کە ئەم پرۆژەیە زۆری پێدەچێت و کاتی دەوێت.)

# بەشی سێیەم

## دانیشتنەکانی
## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
## لە ماوەی
## (2020/9/30 -2019/10/1)

## دانیشتنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
## لە ماوەی (2019/10/1 -2020/9/30)

لە ماوەی (2019/10/1 -2020/9/30)دا (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) تەنها (5) دانیشتنی ئەنجامدا و (2) دانیشتنیش هەڵوەشێنرانەوە. ئەم خشتەیەی خوارەوە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی پارێزگا روونکردەکاتەوە:

**خشتەی ژمارە (9)**

**دانیشتنەکانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)**

| ز | بەروار | ژمارەی دانیشتن | تەواوی دانیشتنەکان | بڕیارەکان | ئامادەبوان | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2020/1/21 | 55 | 1 | 1 | 27 | 5 |
| 2 | 2020/2/4 | 56 | 4 | 3 | 28 | 4 |
| 3 | 2020/2/25 | 57 | 2 | 2 | 29 | 3 |
| 4 | 2020/3/3 | 58 | 1 | ئەم دانیشتنە ئەنجامنەدرا | | |
| 5 | 2020/4/23 | 58 | 2 | 2 | 27 | 5 |
| 6 | 2020/7/28 | 59 | 7 | 7 | 27 | 5 |
| 7 | 2020/9/30 | 60 | 1 | ئەم دانیشتنە ئەنجامنەدرا | | |
| کۆی گشتی | | | 17 | 15 | 138 | 22 |

## دانیشتنی ژمارە (55)

رۆژ: سێشەممە
ڕێکەوت: 2020/1/21
کات: (10:00 – 12:00)
ژمارەی ئامادەبووان: (27)
ئامادەنەبووان: (5)

### بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:

گفتوگۆ دەنگدان لەسەر پرۆژەی کشتوکاڵی لە پێناو ڕەخساندنی هەلی کار بۆدەرچوانی کۆلێژ و پەیمانگا کشتوکاڵیەکان.

## بڕیارەکان

### بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی (2020)

ئاماژە بەماددەی (10) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕێکەوتی (21-1-2020) لە کۆبوونەوەی ئاسایی (55) پەنجاو پێنجەمینی خۆیدا لە هۆڵی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (27) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن، بڕیاریدا بە:

1. بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان پێشنیار دەکەین ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی کە سوودی لێ نابینرێت یان وەك

پێویست سودمەند نەبوون لێیان بدرێت بە دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان و ئامادەیی یە پیشەییەکانی کشتوکاڵ.

2. وەزارەت بە ڕێنماییەك دابەشی بکات ڕەچاوی کێبڕکێ و دادپەروەری تێدا بێت واتە وەزارەت ڕێنمایی پێویستی بۆدەربکات.

3. بەکارهێنانەکە بۆمەبەستی ڕەخساندنی هەلی کارو زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆ بێت بە شێوەیەکی زانستی.

4. بازاڕی پێویستیان بۆ بدۆزێتەوە و هۆکاربێت بۆ کەمکردنەوەی هاوردەی هاوشێوە لە دەرەوە.

5. ئەنجومەنی پایزگای سلێمانی چاودێر بێت لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی.

ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە 21-1-2020 بە دەنگی (21) ئەندام پەسەند کرا.

ئازاد محەمەد ئەمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## دانیشتنی ژمارە (56)

ڕۆژ: سێشەممە
ڕێکەوت: 2020/2/4
کات: (10:00 - 12:00)
ژمارەی ئامادەبووان: (28)
ئامادەنەبووان: ( 4)

### کارنامەی دانیشتنەکە:

1- گفتوگۆو دەنگدان لەسەر کردنەوەی بنکەی ئاگر کوژێنەوە لەناحیەی بنگرد سەر بەقەزای دوکان.

2-دەنگدان لەسەر گۆڕینی ناوی گوندی( کانی مردوان) بۆ(کانی مەردان) سەربەناحیەی زەلان لەقەزای شارباژێر.

3-دەنگدان لەسەر فراوانکردنی گوندی (کەمالانی خواروو) سەربەناحیەی تانجەرۆی قەزای مەڵبەندی سلێمانی.

4- میوانداری بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی و ئەو بەڕێزانەی کە بە پەیوەندیداریان دەزانن بە بابەتەکەوە.

## بـڕیـارەکـان

## بڕیاری ژمارە (2)ی ساڵی (2020)

ئاماژە بەماددەی (10) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕێکەوتی (4-2-2020) لە کۆبوونەوەی ئاسایی (56) پەنجاو شەشەمی خۆیدا لە هۆڵی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی

ئەنجومەن ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (28) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن، بڕیاریدا بە:
پاڵپشت بە بڕگەی (9) لەماددەی (19) ی یاسای ژمارە (3) ی ساڵی (2009) ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وە بڕگەی (9) لەماددەی (58) ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (14890) لە 2019-11-11.

1-پێشنیازمان بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەکردنەوەی بنکەی ئاگر کوژێنەوە لە ناحیەی بنگرد سەر بە قەزای دوکان.

2- بە دەنگی (28)ئەندام پەسەند کرا.

3-ئەم بڕیارە لەسلێمانی نووسراو لە 4-2-2020.

4-لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێ دەکرێت.

ئازاد محەمەد ئەمین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## بڕیاری ژمارە (3)ی ساڵی (2020)

ئاماژە بەماددەی (10) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕێکەوتی (4-2-2020) لە کۆبوونەوەی ئاسایی (56) پەنجاو شەشەمی خۆیدا لە هۆڵی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی

ئەنجومەن ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (28) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن. بڕیاریدا بە:
پاڵپشت بە بڕگەی (13) لەماددەی (6) ی یاسای ژمارە (3) ی ساڵی (2009) ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە(16712) لە 11-12-2019

1-پێشنیازمان بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ گۆڕینی ناوی گوندی(کانی مردوان) بۆناوی (کانی مەردان)لە ناحیەی زەلان سەر بەقەزای شارباژێڕ.
2- بە دەنگی (27)ئەندام پەسەند کرا.
3-ئەم بڕیارە لەسلێمانی نووسراو لە 4-2-2020
4-لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێ دەکرێت.

ئازاد محەمەد ئەمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## بڕیاری ژمارە (4)ی ساڵی (2020)

ئاماژە بەماددەی (10) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕێکەوتی (4-2-2020) لە کۆبوونەوەی ئاسایی (56) پەنجاو شەشەمی خۆیدا لە هۆڵی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی

ئەنجـــومەن ئامـــادەبوونی دەســـتەی ســـەرۆکایەتی و ئامـــادەبوونی (28) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن، بڕیاریدا بە:
پاڵپشـــت بە بـــڕگەی (13) لەمـــاددەی (6) ی یاســـای ژمـــارە (3) ی ســـاڵی (2009) ی پارێزگاکـــانی هەرێمـــی کوردســـتان وە بڕیـــاری ژمـــارە (1) ی ســـاڵی (2015) ەی بەیـــانی ژمـــارە (8) ی ســـاڵی (2017) ی وەزارەتـــی نـــاوخۆ و نووســـراوی ژمـــارە (16712) لە ڕێکەوتی (2019-12-11 پارێزگای سلێمانی:
1-پێشـــنیازمان بـــۆ وەزارەتـــی نـــاوخۆی هەرێمـــی کوردســـتان بە فراوانکردنـــی ســـنوری گونـــدی کەمـــاڵانی خـــواروو لە نـــاحیەی تانجەرۆســـــەر بە قەزای مەڵبەنـــــدی ســـــلێمانی بە ڕووبەری (221) دوو دۆنـــم و بیســـت و یەك ئۆلـــك لەســـەر بەشـــێك لە پـــارچە زەوی 17-72 لەکەرتی 39 ی کەماڵان.
2- بە دەنگی (26)ئەندام پەسەند کرا.
3-ئەم بڕیارە لەسلێمانی نووسراو لە 4-2-2020
4-لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێ دەکرێت.

ئازاد محەمەد ئەمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

**دانیشتنی ژمارە (57)**

ڕۆژ: سێشەممە
ڕێکەوت: 2020/2/25
کات: (10:30 – 3:00)
ژمارەی ئامادەبووان: (29)

**ئامادەنەبووان: (3)**

**کارنامەی دانیشتنەکە:**

1- ڕێکخستنەوەی هەیکەلی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن.

2- بانگهێشتکردنی بەرپرسان (بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی) و (بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان) بۆگفتوگۆکردن لەسەر چەند پرسێکی گرنگ لەبابەتی تاقیکردنەوەکانی وەرزی, سیستەمی پرۆسەی هاتوچۆی خوێندکاران، زەمینەسازی بۆ پێشکەشکردنی سمینار، سەردانی وەزارەتی پەروەردە لە کۆڕبەندی پەروەردە لە وولاتی بەریتانیا، گرفتەکانی بەردەم پەروەردە و پێشنیاز بۆ چارەسەر.

## بڕیارەکان

## بڕیاری ژمارە (5)ی ساڵی (2020)

ئاماژە بەماددەی (10) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕێکەوتی (25-2-2020) لە کۆبوونەوەی ئاسایی (57) پەنجاو حەوتەمی خۆیدا لە هۆڵی

دانیشـــــتنەکانی ئەنجـــومەن بەسەرپەرشـــتی بەڕێـــز ســــەرۆکی ئەنجـــومەن وئامـــادەبوونی دەســـتەی ســــەرۆکایەتی و ئامـــادەبوونی (28) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن، بڕیاریدا بە:

1- ڕێکخســـــتنەوەی هەیکەلـــــی لیــــژنە هەمیشــــەییەکانی ئەنجـــومەن بە زۆریـــنەی دەنگـــی ئەنـــدامانی بـــۆ هەر (11) یـــانزە لیژنەکە.

2- بە دەنگی زۆرینە پەسەند کرا.

3-ئەم بڕیارە لەسلێمانی نووسراو لە 25-2-2020

4-لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێ دەکرێت.

ئازاد محەمەد ئەمین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## بڕیاری ژمارە (6)ی ساڵی (2020)

ئامـــاژە بەمـــــاددەی (10) لە پەیـــڕەوی نـــاوخۆی ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی ئامـــاژە بە مـــاددەی پێـــنجەم و بـــڕگەی هەشـــتەم لەمـــــاددەی شەشـــــەم لەیاســـــای ژمـــارە(3)ی ســـــاڵی (2009) ی پارێزگـــاکـــانی هەرێمـــی کوردســـتان- عێـــراق لە ڕێکەوتـــی (25-

2020-2) لە کۆبوونەوەی ئاسایی (57) پەنجاوحەوتەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (25) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن، بڕیارماندا بە:

1- بە پێشخستن و درێژ کردنەوەی ماوەی پشووی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی سنوری جوگرافی ئەنجومەنمان لە وەزارەتی پەروەردە پشووی بەهارە لە ڕێکەوتی 2020-2-26 تا 2020-3-24 لەبەرئەوەی سنورێکی زۆر فراوانمان هەیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بۆسەلامەتی و خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا وە بۆ بەرژەوەندی گشتی واتە 2020-3-23 کۆتایی پشووەکەیە .

2-ئەم بڕیارە بە دەنگی(14) ئەندام لەکۆی (25) ئەندامی ئامادەبوو پەسەند کرا.

3- لەسلێمانی نوسرا لە 2020-2-25

4-لە ڕۆژی دەرچونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

ئازاد محەمەد ئەمین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## دانیشتنی ژمارە (58)

ڕۆژ:
ڕێکەوت: 2020/3/3
کات: (11:00 – 12:00)
ژمارەی ئامادەبووان: (27)
ئامادەنەبووان: (5)

**کارنامەی دانیشتنەکە:**

گفتوگۆکردن لەسەر بەردەوامی ئامادەکارییەکان بۆخۆپاراستن لە نەخۆشی کۆرۆنا و گرتنەبەری ڕێکاری کارگێڕی و تەندروستی پێویست بۆسەلامەتی هاوولاتیان .بەمیوانداری بەڕێزان

1. بەڕێز د.هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی.
2. بەڕێز ئازاد تۆفیق ڕەحیم پارێزگاری هەڵەبجە.
3. بەڕێز سەلاح کوێخا سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان.
4. بەڕێز هیوا قەرەنی عەبدولا سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین.
5. بەڕێز د. صەباح نەسرەدین بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی.
6. بەڕێزد.ئازاد مستەفا بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە.

**ئەم دانیشتنە ئەنجامنەدرا بە هۆی ئامادەنەبوونی هە ریەکە لە:** (د.هەڤاڵ ئەبوبەکر/ پارێزگاری سلێمانی - ئازاد تۆفیق ڕەحیم/ پارێزگاری هەڵەبجە. - سەلاح کوێخا/ سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان - هیوا قەرەنی عەبدولا/ سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین.)

## دانیشتنی ژمارە (58)

ڕۆژ: پێنج شەممە
ڕێکەوت: 2020/4/23
کات: (11:00 – 12:00)
ژمارەی ئامادەبووان: (27)
ئامادەنەبووان: (5) ئەندام مۆڵەتی فەرمی بوون

**کارنامەی دانیشتنەکە:**

1- داواکـــاری و پێشـــنیار بـــۆ ئەنجـــومەنی وەزیرانـــی هەرێمـــی کوردســـــتان بەمەبەســـــتی دابەشـــــکردنی مـــــووچەی مانگـــانە لەکاتی خۆی دا کەلە(30) ڕۆژ تێپەڕنەکات.

2- داواکـــاری و پێشـــنیار بـــۆکردنەوەی مەرزەکـــانی (ســـەیراند بەنـــد- کێلـــێ - پشـــتە - شوشـــمێ-(تەوێـــڵە) لە ســـنوری پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵبجەو ئیدارەی ڕاپەڕین.

## بـــڕیـــارەکـــان

## بڕیاری ژمارە (7) ی ساڵی 2020

ئامـــازە بەمـــاددەی (10) لە پەیـــڕەوی نـــاوخۆی ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی لە ڕێکەوتـــی (2020\4\23) لە کۆبـــوونەوەی نـــا ئاســـایی (58) پەنجـــاو هەشـــتەمینی خۆیـــدا لە هـــۆڵی کۆبوونەوەکـــانی پارێزگـــای ســـلێمانی

بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (24) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن.

بڕیارماندا بە:

-لەبەرئەوەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە چوارساڵ خۆڕاگربوون بەرامبەر بەپاشەکەوتی مووچە,کەتائێستا چارەنووسی نادیارە، دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو پاشەکەوتە لە ئازاری (2019) حکومەت بڕیاریدا مانگانە(30) ڕۆژ جارێك مووچە دابەش بکات لەبەر ئەوە بڕیارماندا :

1- داواکاری پێشنیارمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەین بە مەبەستی دابەشکردنی مووچەی مانگانە بە (30) ڕۆژ جارێك کەپێشتر بڕیاری لەسەردراوە.

2- مووچە خۆران لەبەرامبەر ئەرکەکانیان پێویستە مافەکانیشیان پارێزارو بێت.

3-لە عێراق و دراوسێکان و وڵاتانی دنیادا دابەزینی نرخی نەوت و بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەبۆتە هۆی ڕاگرتن و دواکەوتنی مووچە کەلەهەرێم تا ئێستا مووچەی مانگەکانی (1,2,3,4)ی 2020 دابەشنەکراوە و لە عێراقەوە مووچەی مانگەکانی (1,2,3) ی (2020) گەشتۆتە هەرێم.

4- حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی شەفاف مووچە خۆران و هاووڵاتیان لە داهات و خەرجی ئاگادار بکاتەوەو ڕونکردنەوە بدات.
5- داهاتەکانی هەرێمی کوردستان بەسامانە سروشتەکانیشەوە مانگانە بە شەفافانە بدرێت بەوەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێم.
6-بە دەنگی(22)ئەندام پەسەند کرا.
7-ئەم بڕیارە لە سلێمانی نووسرا.

ئازاد محەمەد ئەمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## بڕیاری ژمارە (8) ی ساڵی 2020

ئاماژە بەماددەی (10) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕێکەوتی (2020-4-23) لە کۆبوونەوەی نا ئاسایی (58) پەنجاو هەشتەمینی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (24) ئەندام لە

کـۆی (32) ئەنـدامی ئەنجـومەن، بڕیارمانـدا بە: لەسـەرەتای مـانگی شـوباتی (2020) موە بەهـۆی بڵاوبـونەوەی مەترسـیەکانی ڤایرۆسـی کۆرۆنـاوە زۆربەی ناوەنـدەکانی بازرگـانی وبـازاڕو کـارو کەسـابەتی هاووڵاتیـان ڕاگیـرا,لەم چوارچێـوەیەدا دەروازەکـانی (سـەیران بەن,کێڵی,پشتە,شوشـمێ لە تەوێـڵە)بەرووی بازرگـانی و هـاتوچۆدا داخـران بەڵام جـێگەی خۆشـحاڵیە کەدەروازەکـانی (باشـماخ و پەروێزخـان) کە جـوڵەی بازرگـانی تێیـدا بەردەوام بـووە هـیچ هەڵگرێکـی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا تێیـدا تۆمـار نەکـراوە,لەبەرئەوە بڕیارمانـدا بە: 1-داواکـاری و پێشـنیارمان ئاراسـتەی ئەنجـومەنی وەزیرانـی هەرێمـی کوردسـتان بەکـردنەوەی دەروازەکـانی (سـەیران بەن,کێڵێ,پشتە,شوشـمێ) لە پارێزگاکـانی سـلێمانی و هەڵەبـجە و ئیـدارەی ڕاپەڕیـن بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی بە ڕەچـاوکردنی خۆپـارێزی و ڕێنمایی تەندروستی و ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابوری.

2-لەم کـاتەدا دەبێـتە سـەرچاوەیەکی زۆرباشـی داهـات بـۆهەرێمی کوردستان و وەکەم کردنەوەی قەرەبالغی لە دەروازەکانی تر.

3-بە دەنگی (20) ئەندام پەسەند کرا.

4-ئەم بڕیارە لەسلێمانی نووسرا.

ئازاد محەمەد ئەمین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## دانیشتنی ژمارە (59)

ڕۆژ: سێ شەممە

ڕێکەوت: 2020/7/28

کات: (11:00 – 12:00)

ژمارەی ئامادەبووان: (27)

ئامادەنەبووان: (5) ئەندام مۆڵەتی فەرمی بوون :

**تەوەری دانیشتنەکە:**

1. دەنگدان بە پاڵێوراوی پۆستی جێگری پارێزگاری سلێمانی بۆ کاروباری کارگێڕی.
2. دەنگدان بە چەسپاندنی پاڵێوراوی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی.
3. دەنگدان بە چەسپاندنی پاڵێوراوی بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی.
4. دەنگدان بە پاڵێوراوی پۆستی بەڕێوەبەری ناحیەی خەلەکان لە قەزای دوکان.
5. دەنگدان بە پاڵێوراوی پۆستی بەڕێوەبەری ناحیەی وارماوە لە قەزای شارەزوور.
6. دەنگدان لەسەر فراوانکردنی سنوری گوندی (تەرەمار) لە ناحیەی پیرەمەگرون سەر بە قەزای دوکان.
7. دەنگدان لەسەر گۆڕینی ناوی گوندی (بەگی) بۆ (دانای حاجی ساڵح) لەناحیەی بەکرەجۆ سەر بە قەزای مەڵبەندی سلێمانی.

سەبارەت بە بڕیارەکانی دانیشتنی ژمارە (59) لە (2020/7/28).

## بــڕیــارەکــان

**بڕیاری ژمارە (9) ی ساڵی 2020**

ئاماژە بەماددەی (10) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕێکەوتی (28-7-2020) لە کۆبوونەوەی ئاسایی (59) پەنجاو نۆهەمینی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن

بەسەرپەرشتی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (24) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن.

ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی نووسینگەی تایبەت ژمارە (215) لە(2020/7/22).

بە پێی ئەودەسەڵاتەی پێمان بەخشراوە، بڕیاریدا بە:

1- هەڵبژاردن و پالاوتنی ئەم پالێوراوانەی کە لەخوارەوە ناویان هاتووە بەرامبەر بەو دەنگانەی کەپێیان دراوە بۆ پۆستی جێگری پارێزگاری سلێمانی پاڵپشت بە خاڵی (1) بڕگەی (12) لە ماددەی (6)ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

1- لەیلا عمر علی/ پەسەندکرا بە دەنگی (27)

2-ئازاد عمر محمد امین/ پەسەندکرا بە دەنگی (9)

3-ئامانج لەتیف محمد/ پەسەندکرا بە دەنگی (7)

4- ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە 2020\7\28.

5- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت.

ئازاد محەمەد ئەمین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## بڕیاری ژمارە (10) ی ساڵی 2020

ئاماژە بەماددەی (10) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕێکەوتی (2020-7-28) لە کۆبوونەوەی ئاسایی (59) پەنجاو نۆهەمینی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی

سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (24) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن. ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی نووسینگەی تایبەت ژمارە 223 لە26\7\2020. بە پێی ئەودەسەڵاتەی پێمان بەخشراوە.

بڕیاریدا بە:

1-هەڵبژاردن وپاڵاوتنی ئەم پاڵێوراوانەی کە لەخوارەوە ناویان هاتووە بەرامبەر بەو دەنگانەی کەپێیان دراوە بۆچەسپاندنی بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی پاڵپشت بە خاڵی (2) بڕگەی (12) لەماددەی (6) ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

1-د.صباح نصرالدين أحمد/ پەسەندکرا بە دەنگی (27)

2- د.پێشرەو بورهان/ پەسەندکرا بە دەنگی (11)

3- د.سۆران عمر حمە/ پەسەندکرا بە دەنگی (10)

2- ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ڕێکەوتی 28\7\2020

3- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت.

ئازاد محەمەد ئەمین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## بڕیاری ژمارە (11) ی ساڵی 2020

ئاماژە بەماددەی (10) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕێکەوتی (28-7-2020) لە
کۆبوونەوەی ئاسایی (59) پەنجاو نۆهەمینی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و

ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (24) ئەندام لە کۆی (32) ئەنـــدامی ئەنجـــومەن.ئامـــاژە بەنووســـراوی پارێزگـــای سلێمانی/نووسینگەی تایبەت ژمارە (224) لە (2020\7\26) بە پێی ئەودەسەڵاتەی پێمان بەخشراوە. بڕیاریدا بە:

1- هەڵبژاردن و پاڵاوتنی ئەم پاڵێوراوانەی کەلە خوارەوە ناویان هاتووە بەرامــبەر بەو دەنگــانەی کە پێیــان دراوە بۆچەســپاندنی بــۆ پۆســتی بەڕێوەبەری گشتی گەشت و گوزاری سلێمانی پاڵپشت بە خاڵی (2) بــڕگەی (12) لەمـــاددەی (6) ی یاســای پارێزگاکــانی هەرێمـــی کوردستان – عێراق.

1- علی رەئوف غفور/ (27) دەنگ
2-دیدار قادر کریم/ (6) دەنگ
3-صباح رفیق محمد/ (7) دەنگ

2- ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە رێکەوتی 2020\7\28
3- ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت.

ئازاد محەمەد ئەمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## بڕیاری ژمارە (12) ی ساڵی 2020

ئامــاژە بەمــاددەی (10) لە پەیــڕەوی نــاوخۆی ئەنجــومەنی پارێزگــای سلێمانی لە رێکەوتی (2020-7-28) لە کۆبـوونەوەی ئاسـایی (59) پەنجــاو نــۆهەمینی خۆیــدا لە هــۆڵی کۆبوونەوەکــانی ئەنجــومەن بەسەرپەرشــتی بەڕێــز ســەرۆکی ئەنجــومەن و ئامــادەبوونی دەســتەی

سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (24) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن. ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی/ نووسینگەی تایبەت ژمارە (112) لە (2020\5\18)، بە پێی ئەودەسەڵاتەی پێمان بەخشراوە، بڕیاریدا بە:

1- هەڵبژاردن و پاڵاوتنی بەڕێز(دەرباز قادر محمد أمین)بۆ پۆستی (بەڕێوەبەری ناحیەی خەلەکان)سەر بە قەزای دوکان لە پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە خاڵی (1) بڕگەی (2) لەبڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی (2015) ەی پەرلەمانی کوردستان –عێراق.

ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ڕێکەوتی 2020\7\28

ئەم بڕیارە بە دەنگی (18) ئەندام پەسەند کرا.

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت.

ئازاد محەمەد ئەمین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## بڕیاری ژمارە (13) ی ساڵی 2020

ئاماژە بەماددەی (10) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕێکەوتی (2020-7-28) لە کۆبوونەوەی ئاسایی (59) پەنجاو نۆهەمینی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن

بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (24) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن.

ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی/نووسینگەی تایبەت ژمارە (111) لە (2020\5\18)

بە پێی ئەودەسەڵاتەی پێمان بەخشراوە.

بڕیاریدا بە:

1-هەڵبژاردن و پاڵاوتنی بەڕێز (ئاوارە حمە شریف کریم علی) بۆ پۆستی (بەڕێوەبەری ناحیەی وارماوا) سەر بە قەزای شارەزوور لە پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە خاڵی (1) بڕگەی (2) لە بڕیاری ژمارە (1) ی ساڵی (2015) ەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ڕێکەوتی 2020\7\28.

ئەم بڕیارە بە دەنگی (19) ئەندام پەسەند کرا.

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت.

ئازاد محەمەد ئەمین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## بڕیاری ژمارە (14) ی ساڵی 2020

ئاماژە بەماددەی (10) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕێکەوتی (2020-7-28) لە کۆبوونەوەی ئاسایی (59) پەنجاو نۆهەمینی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن

بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (24) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن.

پاڵپشت بە بڕگەی(13) لەماددەی (6) ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق وە بڕیاری ژمارە (1) ی ساڵی (2015) ی پەرلەمان و بەیانی ژمارە (8) ی ساڵی 2017 ی وەزارەتی ناوخۆ ونووسراوی پارێزگای سلێمانی نووسینگەی تایبەت ژمارە (2008) لە (2020\2\12) بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان بەخشراوە، بڕیاریدا بە:

1- دەنگدان و پەسەندکردنی پێشنیارمان بۆ فراوانکردنی سنوری گوندی (تەرەماری سەروو) سەربەناحیەی پیرەمەگروون لەقەزای دوکان بەرووبەری (7,21) دۆنم لەسەر زەوی ژمارە (77) کەرتی (20) تەرەماری سەروو.

2- بە دەنگی (25) ئەندام پەسەند کرا.

3- ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ڕێکەوتی (2020\7\28)

ئازاد محەمەد ئەمین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## بڕیاری ژمارە (15) ی ساڵی 2020

ئاماژە بەماددەی (10) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕێکەوتی (2020-7-28) لە کۆبوونەوەی ئاسایی (59) پەنجاو نۆهەمینی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن

بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (24) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسا ژمارە (392) لە ڕێکەوتی (2020\1\12) وە ئاماژە بە بڕگەی (13) لەماددەی (6) ی یاسای ژمارە(3)ی ساڵی (2009) ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق بە پێی ئەودەسەڵاتەی پێمان بەخشراوە، بڕیاریدا بە:

1-دەنگدان و پەسەندکردنی پێشنیازمان بۆگۆڕینی ناوی گوندی (بەگی) بۆ (دانای حاجی صالح) سەر بەناحیەی بەکرەجۆ لە قەزای مەڵبەندی سلێمانی .

ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ڕێکەوتی (2020\7\28)
ئەم بڕیارە بە دەنگی (20) ئەندام پەسەندکرا.

ئازاد محەمەد ئەمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## دانیشتنی ژمارە (60)
## دانیشتنی نا ئاسایی

ڕۆژ: چوار شەممە
ڕێکەوت: 2020/10/30
کات: (10:00)
ژمارەی ئامادەبووان: (-)

ئامادەنەبووان: (-)

**کارنامەی دانیشتنەکە:**

**گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتی لیژنەی کاتی ئەنجومەن و بەدواداچوونەکان و یاداشتی ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەن، سەبارەت بە سوتانی دارستانەکان و دارسنەوبەراەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی و ژینگەی ناوچەکە.**

ئەم دانیشتنە ئەنجامنەدرا بەهۆی ئەوەی بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەن لە (2020/9/20) یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کردبوو بۆ ئەنجامدانی دانیشتنێکی نائاسایی تایبەت بە سوتاندنی سەوزایی و تێکدانی ژینگەی سلێمانی، لە یاداشتەکەدا داوایان کردبوو بانگهێشتی لایەنی پەیوەندیدار بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی تەوەری دانیشتنەکە میوانداری تیادانەبوو، بۆیە زۆرینەی ئەندامان بایکۆتی دانیشتنەکەیان کردو دانیشتنەکە ئەنجامنەدرا روونکردنەوەیەکیان بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**روونکردنەوەیەک سەبارەت بە ئەجێندای کۆبوونەوەی ژمارە (60)ی نائاسایی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) تایبەت بە سوتاندنی سنەوبەرەکانی سەر رێگای (تاسڵوجە - سلێمانی) و (شاخی گۆیژە):**

ئێمە وەک بەشێک لە ئەندامانی سەرجەم فراکسیۆنەکانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) بڕیاری بایکۆتی کۆبوونەوەی ژمارە (60)ی ئەنجومەنمان داوەلە پێناو بەرژەوەندی گشتی و ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1. سوتانی سنەوبەرەکان زیانێکی گەورەی ژینگەیی و مادی بە پارێزگای سلێمانی گەیاندووە.

2. هەتا ئێستا وێڕای بە دواداچوون و دروستکردنی لیژنەیەکی کاتی ئەنجومەنی پارێزگا، بەڵام تاکو ئێستا لایەنی بەرپرس و کەمتەرخەم لە ڕووداوەکە دیارینەکراوە.
3. لە ڕۆژی (2020/9/20) بە واژۆی (20) ئەندامی ئەنجومەن یاداشتمان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگا کردووە بە مەبەستی ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەن بە ئامادەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکانی جێبەجێکردن، بەڵام کارنامەی کۆبوونەوەکە گوزارشت لە ناوەڕۆکی یاداشتە واژۆکراوەکەمان ناکات.
4. هاوکات لەگەڵ کارنامەی کۆبوونەوەکەدا پێویست بوو سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارە باڵاکانی تایبەت بەم کەیسە بانگهێشتی کۆبوونەوە نائاساییەکەی ئەنجومەن بکرایە بەمەبەستی پرساندن و وەڵامدانەوەی ئەندامانی ئەنجومەن، بەڵام ڕەچاوی داواکارییەکەمان نەکراوە، هەروەها چاوەڕوانی سەرنج و وەڵامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەن نەکراوە کە ئەوە کەموکورتییەکە یاساییە.
5. لەبەر بەرژەوەندی گشتی و ئەم هۆکارانەی سەرەوە، بڕیارماندا بایکۆتی کۆبوونەوەی ژمارە (60)ی نائاسایی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) بکەین و جەخت لە ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی دیکەی ئەنجومەن بکەینەوە بە ئامادەبوونی لایەنی بەرپرس و پەیوەندیدار تایبەت بە سوتانی سنوبەرەکان، چونکە کارنامەی کۆبوونەوەکە لە ئاست چاوەڕوانی خەڵک و

بەرپرسیارێتی ئەنجومەن نییەو پێمان وایە کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەنجام دەبێت.

6. بابەتی زیادەڕۆیی بۆ سەر موڵکی گشتی، یەکێک بووە لەو برگانەی کە لە یاداشتی (20) ئەندامی ئەنجومەندا هاتووە، بەڵام نەخراوەتە ئەجێندای کۆبوونەوەکەی ئەنجومەن.

<u>واژۆکان:</u>

(میدیا شێخ ئەحمەد، دیمەن رەزا، ئەنوەر تاهیر، سێوە حەمە خزر، رەمەزان نامق، محەمەد شێخ وەهاب، کاسترۆ مەعروف، رێکەوت محەمەد، بەناز حەمە رەشید، کەریم عەلی، سەباح شەهید فەتاح، دیلمان عەزیز، ئەکرەم شەریف، خەدیجە عبدالجبار، هاوسەر هوشیار).

دواتریش هەرهەکە لە (ئازاد محەمەد ئەمین) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و (بەرزان شێخ محەمەد) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیان ئەنجامداوجەختیان لە گرنگی ئەنجامدانی دانیشتنەکە کردەوەو ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە بڕیار بوو لە دانیشتنەکەدا لەسەر راپۆرتی لیژنە کاتییەکە، ئەنجومەن بڕیاری خۆی هەبێت لەوانەش:

یەکەم/ پێویستە بۆ هەموو پارچە زەویەکان بەپێی ماستەرپلان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

دووەم/ دەبێت سەرجەم پرۆژەکان بە ئاگاداری و رەزامەندی ئەنجومەن ئەنجامبدرێن.

سێیەم/ بەرپرسیاریتی زەویەکان لە سنوری ماستەرپلانی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان، لە ئەستۆی هەردوو لایەنی (شارەوانی و پۆلیسی پاراستنی ژینگە دابن).

چوارەم/ لیژنە هەمیشەییەکان بەردەوام دەبن لە بۆ بەدواداچوون و چاودێری و بەدەستهێنانی زانیاری زیاترو هەرکاتێک لایەنی کەمتەرخەم دەسنیشانکرا رووبەرووی یاسا بکرێتەوە.

پێنجەم/ پارێزگار بە پێی بڕگەی (3) لە ماددەی (19) ئەو بڕیارانە جێبەجێ دەکات.

**لە بەرواری (2020/10/3)دا دانیشتن لەسەر هەمان بابەت ئەنجامدراو ئەوەی زۆر جێگەی سەرنج و تێبینی بوو، زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن لە بەر درێژی دانیشتنەکە، نەیان توانی تا کۆتا وەڵامی میوانەکان بەردەوام بن و دانیشتنەکەیان بەجێهشت، لە کاتێکدا بەشێک لەو ئەندامانە پێشتر خۆیان داوای میواندریان کردبوو هەروەها بایکۆتی دانیشتنەکەی (2020/9/30)ی ئەنجومەنیان کرد لە بەر ئەوەی بانگهێشتی لایەنە پەیوەندیدارەکان نەکراوە.... جێهێشتنی دانیشتنەکە بووە هۆی تەواو نەکردنی نیساب و ئەنجومەنی پارێزگا نەیتوانی هیچ بڕیارو راسپاردەیەک دەربکات، ئەمەش یەکێک بوولەو هەنگاوە نەرێنیانەی بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەن گرتیانە بەر و دوور نییە کاریگەری نەرێنی لەسەر میوانداریەکانی داهاتووی ئەنجومەن هەبێت.**

# بەشی چوارەم/

## گرنگترین ڕووداوەکانی پەیوەست بە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## گرنگترین ڕووداوەکانی پەیوەست بە ئەنجومەنی پارێزگا

لە ماوەی (2019/10/1) بۆ (2020/9/30) هەندێك ڕووداوی جۆربەجۆر لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا ڕوویانداوە، لێرەدا ئاماژە هەندێکیان دەکەین:

**یەکەم: پرسی بەسەرچوونی ماددەی کلۆری بەکارهاتوو بۆ ناوی ئاوی دەورووبەری سلێمانی.**

پاش بەدواداچوونەکانی سەرۆکی هەرسێ لیژنەی (یاسایی، کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو، تەندروستی) لەئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ (بەرێوەبەرایەتی ئاوی دەورووبەری سلێمانی) دەرکەوت کە ئەوکلۆرەی بۆ ئاوی دەوربەری سلێمانی بەکاردەهێنرێت لە ساڵ (2018)ەوە ماوەکەی بە سەرچووە، هەروەها بۆ ئەم مەبەستە سەردانی (داواکاری گشتی سلێمانی) کراو دواتر لە رێگای دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەوە نووسراو ئاڕاستەی (داواکاری گشتی سلێمانی) کراوە بۆ گرتنەبەری رێکاری یاسایی بەرامبەریان.

بۆ ئەم مەبەستە و بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی رایگشتی لەم بابەتە هەریەکە لە (رەسول عەبدولا - سەرۆکی لیژنەی یاسایی)و (کاسترۆ مەعروف - سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ)و (رێبوار ئەحمەد - سەرۆکی لیژنەی تەندروستی) رونکردنەوەیەکیان بڵاوکردووەو ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کەسەرجەم ئەو کلۆرەی کەدابەشدەکرێت بەسەر ئاوی دەوروبەری سلێمانی بەسەرچووە، پاش سەردانیکردن بۆ گەنجینەی بەرێوەبەرایەتی ئاوی دەروبەری سلێمانی دەرکەوت کۆی کلۆری ناوگەنجینەی ناوبراو لەجۆری پاودەر لەساڵی (2018) بەسەرچووەو تاوەکو ئێستاش بەکار دەهێنرێت، ئەم کەیسەش ئاڕاستەی داواکاری گشتی سلێمانی کرا بۆ گرتنە بەری رێکاری یاسایی بەرامبەریان.

**دووەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن شکست بە کۆبوونەوەیەکی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) دەهێنێت.**

پاش ئەوەی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) بە نووسراوی فەرمی ئەندامانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) ئاگادار کردبوویەوە بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی، تایبەت بە گفتوگۆکردن لەسەر بەردەوامی ئامادەکارییەکان بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی (کۆرۆنا)و گرتنە بەری رێکاری کارگێڕی و تەندروستی پێویست بۆ سەلامەتی هاووڵاتیان، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم لایەنانە بانگهێشتی کۆبوونەوەکان کرابوو: بەڵام لەکاتی دیاریکراودا جگە لە (بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی و بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە) هیچکام لەوانەی بانگهێشتکرابون ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوون و بەو هۆیەشەوە ئەنجومەنی پارێزگا کۆبوونەوەکەی بۆ کاتێکی نادیار دواخست....

ئەوەی کە بڕیار بوو ئەندامانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) گفتوگۆی لەسەر بکەن راگرتنی دەوامی فەرمانگەکانی سنوری دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگا بوو، وەک ئامادەکاریەک بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ڤایرۆسی (کۆڤید 19)، دواتر (ئازاد محەمەد ئەمین) سەرۆکی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) لە پرێس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند: " ئەنجامەکانی (58)ەمین کۆبونەوەی نائاسایی لە (2020/3/3)دا وەك ئەنجومەن دەخەینە ئەستۆی ئامادەنەبوونی بەڕێزان (پارێزگاری سلێمانی - پارێزگاری هەڵەبجە - ئیدارەکانی گەرمیان و راپەرین)کە رۆژی پێشتر لەسەر ئەنجامدانی کۆبونەوەکە رێکەوت بووین..

**سێیەم/ بەدەنگهاتنی (18) ئەندامی ئەنجومەن لەسەر دواکەوتن ولێبڕینی مووچە.**

بە واژۆی (13) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، یاداشتێک ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکەن لە یاداشتەکەدا هاتووە:

1. ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بۆ بەنایاسایی ناساندنی بڕیاری لێبڕینی مووچەی فەرمانبەران کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاری لەسەردراوە هەروەها بە فەرمی داواکردن لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دەزگا فیدراڵیەکان بۆ گێرانەوەی مافی خوراوی موچە خۆران.
2. ئەنجومەنی پارێزگا وەک نوێنەری خەڵک سکاڵای یاسایی لەدادگای تایبەتمەند تۆمار بکات...

لە بەشێکی دیکەی یاداشتەکەدا هاتووە: "تۆمارکردنی سکاڵا لە دژی حکومەتی هەرێم لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە، ئەگەر ئەنجومەن (بە هەر ئیعتبارێک) سکاڵاکەی تۆمار نەکرد، ئەوا ئەو ئەندام ئەنجومەنانەی کە واژۆی یاداشتەکەیان کردووە خۆیان سکاڵا لە دژی حکومەتی هەرێم تۆمار دەکەن.) بەڵام تاکاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە کە زیاتر لە مانگێک بەسەر یاداشتەکەدا تێپەڕیوە، هیچکام لەو (18) ئەندامە کە واژۆیان کردووە سکاڵایان تۆمار نەکردووە، هەندێکیان بە تیمی پڕۆژەیان ڕاگەیاند، کە چاوەڕێی وەڵامی سەرۆکایەتی ئەنجومەنن و بۆ ئەوەی ئەگەر

ئەنجــومەن ســکاڵای تۆمــار نەکــرد، ئەوکــاتە ئەوان ســکاڵا تۆمــار دەکەن. بەڵام لە (2020/8/23)دا ســـــــــەرۆکی ئەنجـــــــــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی، یاداشـــتەکەی ئاڕاســـتەی لیـــژنەی یاســـایی ئەنجــومەنی پارێزگــا کــرد، لیــژنەی یاســایش لە (2020/8/30) بەم شێوەیە راوسەرنجی خۆیان لەسەر یاداشتەکە دەردەبڕێت:

بۆ بەڕێز/ دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن

بابەت/ وەڵامی لیژنە

هــاوپێچ لە گەڵ نووســراوی بەشــێک لە ئەنــدامانی ئەنجــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی کە نـــاوەڕۆکەکەی ئاڕاســـتەی بەڕێزتـــان کــــراوە بفەرمــــوون رای لیـــژنەی یاســـا بەم شـــێوەیەی خـــوارەوە دەخەینەڕوو:

1. ئەنجــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی دامەزراوەیەکـــی چـــاودێرییە لە ســـنووری کـــارگێڕی پارێزگـــادا، حەقـــی رەقـــابەی لە ســـنوری پارێزگـــادا هەیە، بـــۆیە بـــابەتی مـــووچە بـــابەتێکی مەرکەزیـــیە پەیوەســـــــتە بە حکـــــــومەتی هەرێمـــــــی کوردســـــــتان، نەوەک حکومەتی خۆجێیی پارێزگای سلێمانی.

2. بە پێـــی یاســـا هەر کەســـەێک زەرەرمەنـــد بێـــت، بـــۆیە دامەزراوەکە لە رووی یاســاییەوە زەرەر مەنــد نیــیە تــاوەکو ســکاڵا تۆمــار بکــات، بەڵام هەر ئەنــدامێکی ئەنجــومەن چ وەک تــاک چ وەک گــروپ دەتــوانن وەک هەر فەرمــانبەرێکی ئاســایی ســکاڵا تۆمــار بــکەن لە بەر ئەوەی ئەنــدامانی ئەنجــومەنیش هاوشــێوەی فەرمانبەران مووچەکەیان بڕاوەو زەرەرمەندبوون.

3/ پێشــــنیار دەکەیـــن لە رێـــگەی یاداشــــتی هـــاوپێچکراوەوە نووســـراو ئاڕاســـتەی پەرلەمـــانی کوردســـتان بکرێـــت بەمەبەســـتی بەدواداچوون بۆ لێبڕینی مووچە، پاڵپشت بە چ یاسایەک بووە.

لەســـەر پێشـــنیارەکەی لیـــژنەی یاســـایی، ســـەرۆکی ئەنجـــومەنی پارێزگـــــای ســـــلێمانی بە نووســـــــراوی ژمـــــارە (460) لە (2020/9/6)دا یاداشـــتەکەی ئاڕاســـتەی ســـەرۆکایەتی پەرلەمـــانی کوردســـتان کـــرد و هەروەهـــا لە رێـــگەی نووســـینگەی ســـلێمانی (ئەنجـــومەنی نـــوێنەرانی عێراق)یشـــەوە بـــۆ هەمـــان مەبەســـت نووســـــــراوی ژمـــــارە (474)ی لە (2020/9/9)دا ئاڕاســـــــتەی سەرۆکایەتی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) کرد.

### چوارەم/ تۆمارکردنی سکاڵا لە سەر دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن و سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان

دوابەدوای دەرچوانـــدنی بڕیارەکـــانی ژمـــارە (12،13)ی دانیشـــتنی ژمـــارە (59) لە (2020/7/29)دا (د. فـــلاح مصـــطفی صـــدیق) بەڕێـــوەبەری نـــاحییە لە دیـــوانی پارێزگـــای ســـلێمانی لەهەمـــان ڕۆژدا لە (دادگـــای دەســـت پـــاکی لە ســـلێمانی) ســـکاڵای تۆمـــارکرد لەســـەر هەریەکە لە (پارێزگـــاری ســـلێمانی، دەســـتەی ســـەرۆکایەتی ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی، ســـەرۆکی فراکســـیۆنی گـــۆڕان لە ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی) بەپێـــی زانیاریەکـــان، لەلایەن وەزارەتـــی نـــاوخۆوە لیژنەیەکـــی لێکـــۆڵینەوە بـــۆ ئەو بـــابەتە پێکهێنـــراوە، هەروەهـــا بـــابەتی نایاســـایی بـــوونی ئەم بڕیـــارەی ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی، بـــرایە نێـــو دانیشـــتنی هەمـــان

رۆژی (پەرلەمـــــــانی کوردســــــتان) و داواکـــــــرا بڕیارەکـــــــان جێبەنەکـــــرێن. گرفتێکــــی دیـــکەی ئەم بڕیـــارە لەوەدایە کە ســـەرەڕای ئەوەی ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی بەنوســـرایان ژ (214) لە (2020/6/4)دا ئاگـــاداری (پارێزگـــای ســـلێمانی) یـــان کـــردووەتەوە کەئەو کـــارە پـــێچەوانەی یاســـای چاکســـازییە لەمادەی (12)دا بەڵام لە کۆتاییدا بڕیارەکە دەچوێنرا.

**پێنجەم/ بەدواداچوون و ڕێگریکردن لە بڕینەوەی دارو درەخت لە سەر ڕێگای (سلێمانی - تاسڵوجە)**

(18) ئەنـــدامی ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی، ســـەبارەت بە زیـــادەڕۆیی و تێکـــدانی ژیـــنگەی ســـلێمانی کە مـــاوەی چەنـــد ســـاڵێکە بە ئاشـــکرا ئەنجامـــدەدرێت، بە تـــایبەت لەســـەر ئەو پـــارچە زەویـــانەی کە دەکەونە ســـەر ڕێگـــای (ســـلێمانی - تاســـڵوجە) لەلایەن چەنـــد کەســـێکەوە بـــۆ بەرژەوەنـــدی تـــایبەتی و ســـوتاندن و بـــڕینەوەی ســـەدان دار ســـنەوبەر کە تەمەنیـــان نـــزیکەی (50) ســـاڵ دەبێـــت و دواتـــریش دروســـتکردنی پـــڕۆژەی تـــایبەتی بازرگـــانی لە جێگـایـــــان بە شـــــێوەیەکی ناياســـــایی و فرۆشـــــتنەوەیان و کەمتەرخەمـــــی لایەنە پەیوەندیـــــدارەکان... ســـــەبارەت بە بەدواداچـــوون و ڕێگـــری کـــردن لە بـــڕینەوەی دارو درەخـــت لە ســـەر ڕێـــگەی (ســـلێمانی - تاســـڵوجە) (ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی)هەر زوو بـــۆ ئەم مەبەســـتە چەنـــد هەنگـاوێکی گرنـگـی گرتەبەر، بەم شێوەیەی لایخوارەوە:

یەکەم/ دەرکردنـــی فەرمـــانی ژمـــارە (569) لە (2019/7/10) بـــۆ پێکهێنـــانی لیژنەیەکـــی کـــاتی تـــایبەت بە بەدواداچـــوون و

رێگـــری کـــردن لە بـــڕینەوەی دارو درەخـــت لە ســـەر رێـــگەی (سلێمانی - تاسلۆجە).

**دووەم/** ئاڕاســـــــتەکردنی نووســـــــراوی ژمـــــارە (631) لە (2019/7/18) بـــۆ(بەڕێـــوەبەرایەتـــی گشـــتی کشـــتوکاڵی سلێمانی

**ســـێیەم/** ئاڕاســـــــتەکردنی نووســـــــراوی ژمـــــارە (641) لە (2019/7/21) بۆ (سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی).

**چـــوارەم/** ئاڕاســـــــتەکردنی نووســـــــراوی ژمـــــارە (833) لە (2019/8/6)بۆ(سەرۆکایەتی شارەوانی تاسلۆجە).

**پێـــنجەم/** ئاڕاســـــــتەکردنی نووســـــــراوی ژمـــــارە (1357) لە (2019/10/14) بـۆ/ پارێزگـــای ســـلێمانی/ جێگـــری پارێزگـــا بـــۆ کاروبـــاری هـــونەری/ جەختکـــردنەوە لە نووســـراوی نووســـراوی ژمـــارە (641) لە (2019/7/21)کە بـــۆ/ ســـــەرۆکایەتی شـــــارەوانی ســـــلێمانی نێـــردراوە، پارێزگـــای ســـــلێمانیش بە نووســـراوی ژمـــارە (19/13987) لە (2019/10/24) نووســـــــراوی ژمـــــارە (641) لە (2019/7/21)ی ئەنجـــــومەنی پارێزگـــــای ســـــلێمانی بـــــۆ/ ســـەرۆکایەتی شـــارەوانی ســـلێمانی نـــاردووە، بـــۆ قائیمقـــامیەتی قەزای سلێمانی.

**شەشـــــەم/** ئاڕاســـــــتەکردنی نووســـــــراوی ژمـــــارە (118) لە (2020/1/29) بـــۆ/ فەرمـــانگەی داواکـــاری گشـــتی کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بۆ/ فەرمانگەی داواکاری گشتی

بابەت/ كۆنوس

ئامـــاژە بە فەرمانمـــان ژمـــارە (569) لە (2019/7/10) هـــاوپێچ وێـــنەیەك لە كۆنـــووس و ســـەرجەم بەراییەكـــانی لیـــژنەی پێكهـــاتوو بە فەرمـــانی ئامـــاژە پێـــدراومان كە تـــایبەتە بە بەدواداچـــوون و رێگـــری كـــردن لە بـــڕینەوەی دارو درەخـــت لە ســـەر ڕێـــــگەی (ســـــلێمانی - تاســـــلۆجە) كە پـــــێچەوەنەی یاســـــاو ڕێنماییەكـــانە وە دەبێـــتە تێكـــدانی سروشـــت وژیـــنگەی ســـلێمانی، بفەرموون بە گرتنەبەری ڕێكاری یاسایی

ئازاد محەمەد ئەمین

سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

**بەڵام لەبەر ئەوەی لەو كاتـــانەدا ڕێكـــاری پێویســـت لەلایەن لایەنە پەیوەندیـــدارەكانەوە نەگیـــرایەبەر دەرهەق بە لایەنـــی زیادەڕۆكـــار بـــۆیە دەســـتدرێژی زیادەڕۆكـــاران زیـــاتر فـــراوان بـــوو، ســـەر لەنـــوێ (ئەنجـــــومەنی پارێزگـــــای ســـــلێمانی) لە (2020/9/20)دا لە** كۆبـــــونەوەی دەســـــتەی ســـــەرۆكایەتی وســـــەرۆكی لیژنەهەمیشـــــەییەكاندا، **لیژنەیەكـــی كـــاتی دیـــكە بەشـــێوەیەكی فراوانتـــر پێكهێنـــرا بەســـەرۆكایەتی (جێگـــری ســـەرۆكی ئەنجـــومەن)و ئەنـــدامێتی حەوت ســـــەرۆك لیـــــژنەی هەمیشـــــەیی، لەهەمـــــان ڕۆژدا لە كـــۆنگرەیەكی ڕۆژنامەنووســـیدا، بەرنـــامەو پلانـــی لیـــژنەكە خرایەڕوو.**

**لیـــــــــژنەكە لە (2020/9/22) دا میوانـــــــــداری لایەنە پەیوەندیـــدارەكانی كـــرد ســـەبارەت بە كێشـــەكە (بەڵام لە دانیشـــتنەكەدا هـــیچ لایەنێـــك نەچـــووە ژێـــر بەرپرســـیارێتی**

رووداوەکە، بۆیە بە پێی بڕگەی (11) لە ماددەی (6)ی یاسای (ژمارە 3ی ساڵی 2009 یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان) (18) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کردو تیایدا داوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی نائاساییان کرد و هەروەها داوای بانگهێشتکردنی هەریەکە لەم لایەنانەشیان کرد بۆ ناو دانیشتنەکە: (نوێنەری فەرمانگەی داواکاری گشتی، پارێزگاری سلێمانی، قائیمقامی قەزای سلێمانی، بەڕێوەبەری پۆلیسی پاراستنی ژینگەو دارستانی سلێمانی، بەڕێوەبەری ژینگەی سلێمانی، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی سلێمانی).

## شەشەم/ بایکۆتکردنی دانیشتنی ژمارە (60)ی ئەنجومەنی پارێزگا:

وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ یاداشتی (18) ئەندامی ئەنجومەن لە (2020/9/20)دا، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بریاریدا بە ئەنجامدانی دانیشتنێکی نائاسایی لە (2020/9/30)دا تایبەت بە سوتاندن و زیادەڕۆییکردنە سەر موڵکی گشتی، بەڵام زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن بایکۆتی دانیشتنەکەیان کرد، "لەبەر ئەوەی کارنامەی کۆبوونەوەکەدا پێویست بوو سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارە باڵاکانی تایبەت بەم کەیسە بانگهێشتی کۆبوونەوە نائاساییەکەی ئەنجومەن بکرایە بەمەبەستی پرساندن و وەڵامدانەوەی ئەندامانی ئەنجومەن، بەڵام لەبەرئەوەی ڕەچاوی داواکارییەکە نەکرابوو، هەروەها چاوەڕوانی سەرنج و وەڵامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەن نەکرابوو کە

ئەوە کەموکورتییەکی یاساییە بۆیە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن بڕیاریاندا بایکۆتی دانیشتنی ژمارە (60)ی نائاسایی بکەن و جەختیان لە ئەنجامدانی دانیشتنێکی دیکەی ئەنجومەن کردەوە، بە ئامادەبوونی لایەنی بەرپرس و پەیوەندیدار تایبەت بە سوتانی سنەوبەرەکان، بە گوتەی ئەندامەکان کارنامەی کۆبوونەوەکە لە ئاست چاوەڕوانی خەڵک و بەرپرسیارێتی ئەنجومەن نییەو پێمیان وایە کۆبوونەوەیەکی بێ ئەنجام دەبێت.)

دواتریش هەرهەکە لە (ئازاد محەممەد ئەمین) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و (بەرزان شێخ محەممەد) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیان ئەنجامداوجەختیان لە گرنگی ئەنجامدانی دانیشتنەکە کردەوەو ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە بڕیار بوو لە دانیشتنەکەدا لەسەر ڕاپۆرتی لیژنە کاتییەکە، ئەنجومەن بڕیاری خۆی هەبێت

شیاوی باسە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە (2019/7/10)وە بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە دەکات و چەندین نووسراویشی ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە، بەڵام ڕێکاری پێویست نەگیرایەبەر.

# بەشی پێنجەم/

## خوێندنەوەیەك بۆ بەجێگەیاندنی (الاداء)
## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
## لە (2019/10/1)-(2020/9/30)

# خوێندنەوەیەك بۆ بەجێگەیاندنی (الأداء)
# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
# لە (2019/10/1) - (2020/9/30)

لەم بەشەدا بەپێویستی دەزانین خوێندنەوەیەك بکەین بۆ ئاستی بەجێگەیاندن (الاداء)ی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) و هەڵسەنگاندنی کارو چالاکییەکانی ئەنجومەن لە ماوەی (2019/10/1) بۆ(2020/9/30).

لێرەشدا بەچەند خاڵێك هەڵسەنگاندن و سەرنج و تێبینیەکان دەخەینەڕوو، بەو ئومێدەی ئەنجومەنی پارێزگا بتوانێت لە ماوەی کاری داهاتوویدا رەخنەو هەڵسەنگاندنو پێشنیارەکان بەهەند وەربگرێت، هەڵسەنگاندنەکەش دابەشکراوە بەسەر (8) تەوەردا کەبریتین لە:

یەکەم/ تایبەت بە دانیشتنەکانی ئەنجومەن.
دووەم/ میوانداریو بانگهێشت
سێیەم/ تایبەت بە لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن.
چوارەم/ نووسراوەکانی ئەنجومەن و وەڵامی لایەنە پەیوەندیدارەکان.
پێنجەم/ سەردانیکردن و چاودێریکردنی دامەزراوە گشتییەکان.
شەشەم/ تایبەت بە دەستەی سەرۆکایەتی ئەندامانی ئەنجومەن.
حەوتەم/ تایبەت بە ئەندامانی ئەنجومەن.
هەشتەم/ تایبەت بە لیژنەی کاتی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

## *یەکەم/ تایبەت بە دانیشتنەکانی ئەنجومەن.*

**یەکەم/** هەر وەک ساڵانی رابردوو (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، بە بەراود بە کێشەکانی هاووڵاتیان ژمارەی دانیشتنەکانی لە ئاستی پێویستدا نەبوون، ئەگەرچی جیاواز لە ساڵی رابردوو، سەرەڕای

بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆڤید 19)و کەرەنتینەکردن و راگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆو، ژمارەی دانیشتنەکانی ئەنجومەن جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو چ لە رووی ژمارەوە یان لە رووی بڕیارو ئامادەبوونی ئەندامانەوە.

**دووەم/** لەساڵی رابردوودا لە ماوەی نێوان (2018/10/1 بۆ 2019/9/30)دا ئەنجومەن تەنها (6) دانیشتنی ئەنجامدان. بەڵام لەماوەی نێوان (2019/10/1 بۆ 2020/9/30)، ئەنجومەنی پارێزگا (5) دانیشتنی ئەنجامداو هەروەها (2) دانیشتنی بڕیار لێدراویش هەڵوەشێنرایەوە. بڕوانە **(پاشکۆی ژمارە (1))**، لە هەر (5) دانیشتنەکەی ئەنجومەنیشدا (15) بڕیار دەرچوێندراوە.

**سێیەم/** لەو (5) دانیشتنەی ئەنجامدرا، لە هیچ دانیشتنێکدا هەموو (32) ئەندامەکەی ئەنجومەن ئامادەنەبوون.

**چوارەم/** لە دانیشتنی ژمارە (57)دا (ڕێکخستنەوەی هەیکەلی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن) بڕگەیەکی دانیشتنەکە بوو، ئەم بڕگەیە لە دانیشتنی ژمارە (50) لە (2018/12/18) و دانیشتنی ژمارە (51) لە (2019/1/22)دا ئەنجومەن هەبوو، بەڵام لە هیچکام لەو دانیشتنانەدا نەتوانرا بڕیاری کۆتایی لەسەر پێکهاتەی (لیژنە هەمیشەییەکان)بدرێت، ئەم بڕگەیە دوای ساڵێک بۆ سێیەمجار خرایەوە ناو تەوەری دانیشتنی ژمارە (57) لە (2020/2/25)داو لەم دانیشتنەشدا ئەنجومەن نەگەیشتە بڕیاری کۆتایی و بابەتەکە خرایە کۆبوونەوەی سەرۆک فراکسیۆنەکان تا لەوێ بڕیاری کۆتایی لەسەربدرێت.

**پێنجەم/** لە دانیشتنی ژمارە (58) لە (2020/4/23)دا هەوڵدرا بڕگەی (لامەرکەزیەتی ئیداریو دارایی)، بۆ دانیشتنەکە زیادبکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی زیادکردنی بڕگە بۆ دانیشتنەکە پێچەوانەی بڕگەی (سێیەم و چوارەم)ی ماددەی (10)ی (پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بوو، بۆیە سێ ئەندامی ئەنجومەنەکە هۆڵی کۆبوونەوەکەیان جێهێشت و زیادکردنی هەر بڕگەیەکیان بۆ دانیشتنەکانی ئەنجومەن بەنایاسایی ناوبرد، لەکۆتاییشدا پێشنیارەکە ڕەتکرایەوەو نەخرایە ناو دانیشتنەکە. دەکرا هەفتەیەک دوای ئەو دانیشتنە ئەنجومەنی پارێزگا لەبەر گرنگی بابەتی لامەرکەزی دانیشتنێکی تایبەتی ئەنجامبدایە نەک پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومە،ن ئەم بابەتە بخاتە پەراوێزی دانیشتنێکەوە، (تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە هیچ دانیشتنێکی ئەنجومەن لەسەر ئەو پرسە ئەنجامنەدراوە).

**شەشەم/** بە شێوەیەکی گشتی تەوەری دانیشتنەکان بۆ ئەم قۆناغە لاوازبوون و لە ئاست خواستی هاووڵاتیاندا نەبوون لەوانەش گۆڕینی ناوی هەندێک لە گوندەکان، لەهەمانکاتدا بابەتی (لامەرکەزی) کە بابەتێکی گرنگ بوو نەخرایە بەرنامەی هیچ دانیشتنێکەوە.

**حەوتەم/** دانیشتنی ژمارە (58)ی ئەنجومەنی پارێزگا کە دانیشتنێکی نائاسایی بوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەردەوامی ئامادەکارییەکان بۆخۆپاراستن لە نەخۆشی کۆرۆنا و گرتنەبەری ڕێکاری کارگێڕی و تەندروستی پێویست بۆ سەلامەتی هاووڵاتیان، بۆ ئەو مەبەستەش بە نووسراوی فەرمی

(ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) میوانداری چەند لایەنێک کرابوو، بەڵام دانیشتنەکە ئەنجامنەدرا بە هۆی ئامادەنەبوونی بەشێکی زۆر لە میوانەکان، وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە کاتێکدا میوانەکان پێشتر رەزامەندیان دەربڕیبوو کە بەشداری کۆبوونەوەکە بکەن، بەڵام دواتر لەسەرووی خۆیانەوە پێیانراگەیەنرابوو کە بەشداری نەکەنو چونکە باسی راگرتنی دەوامی فەرمانگەکان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.... دواتریش ئەنجومەنی پارێزگا بە فەرمی داوای روونکردنەوەیان کرد لەلایەن میوانەکانەوە، بەڵام روونکردنەوە نەدرایە ئەنجومەنی پارێزگاو بابەتەکە داخرا.

**هەشتەم/** سەبارەت بە بڕیارەکانی دانیشتنی ژمارە (59):

1. ماددەی دوازدەیەم لە یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009) بڕگەی (1.2) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی پۆستی جێگرانی پارێزگای سلێمانی و پۆستی بەڕێوەبەرە گشتییەکان، (پێنج) پاڵێوراو بنێردرێن تا ئەنجومەنی پارێزگا بە زۆرینەی رەها رەزامەندیان لەسەر دەرببڕێت، بەڵام لەم دانیشتنەدا بۆهەر یەکێک لەو پۆستانە تەنها ناوی (سێ) پاڵێوراو پێشکەشکرابوو.

2. سەبارەت بە دەنگدان بە پاڵێوراوان بۆ هەردوو بەڕێوەبەری ناحیەی(خەلەکان)و (وارماوا) دوو بۆچوون هەبوون بەشێک لە ئەندامانی (لیژنەی یاسایی) ئەنجومەن پێیانوابوو ئەم بابەتە نایاسایەو نابێت دەنگ بەم پاڵێوراوانە بدرێت، لە بەرامبەردا بۆچوونی دووەم پێیوابوو دەنگدان بەم پاڵێوراوانە

بە بابەتێکی حزبی و ئیستحقاقی هەڵبژاردنە، لە کۆتاییدا بۆچونی دووەم پەسەندکرا.

3. خاڵێکی دیکە ئەوەبوو کە پێشتر ئەم بڕگەیە وەک پێشنیار ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی کراوە بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی دانیشتنەکەوە یان نا؟ لیژنەی یاسایی لاری نەبووەو رەزامەندی لەسەرداوە کە بخرێتە بەرنامەی دانیشتنەکە، بەڵام لە دانیشتنەکەداچەند ئەندامێکی لیژنەکە دژی ئەم بڕگەیە بوون، لەوانەش (رەسول عەبدولا)سەرۆکی لیژنەی یاسایی و ئەندامی فراکسیۆنی (گۆڕان) لە (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) داوای لە دەستەی سەرۆکایەتی کرد، ئەم بابەتە تەواو نایاساییەو پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای چاکسازیە لە مووچە و دەرماڵەی ژمارە (2)ی ساڵی (2020). ناوبراو پێیوابوو پێویستە لە ئێستادا ئەو بەڕێوەبەرە (موعەوەم)مانەی کە لە پارێزگا دەوامدەکەن ئەوان دەستنیشانبکرێن بۆ ئەو پۆستانە نەک کەسانی دی، هەربۆیە ناوبراو رایگەیاند کە ئامادەنییە دەنگ بەو پاڵێوراوانە بدات داواشی لە ئەندامانی (فراکسیۆنی گۆڕان)یش کرد کە دەنگ بۆ پاڵێوراوانە نەدەن.... دواتریش (سەباح فەتاح) ئەندامی لیژنەی یاسایی لە سەر (فراکسیۆنی ی.ن.ک) جەختی لە نایاسایی بوونی بابەتەکە کردەوەو وتی: ئێمە باس لە رووە یاساییەکەی ئەم بابەتە دەکەین ئەم بڕگەیە پێچەوانەی یاسای چاکسازییە....

لە بەرامبەردا (رێبوار ئەحمەد) سەرۆکی (فراکسیۆنی گۆڕان) ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە "ئەم بابەتە ئیستحقاقی هەڵبژاردنەو وەک چۆن پۆستەکانی دیکە لە پارێزگای سلێمانی و حکومەتی هەرێم بەپێی

ئیستحقاقی هەڵبژاردن بووە، هەروەها وتی ئێمە وەک (فراکسیۆنی گۆڕان) بەڕێوەبەری (موعەوەم)مان نییە لەبەرئەوە ناچارین ئەو دوو پاڵێوراوە دابنێین...بەڵام ئەوە حەقێکی شەرعی هەڵبژاردنە..."

هەروەها هەر سەبارەت بەم بابەتە (بەرزان شێخ محەمەد) جێگری سەرۆکی ئەنجومەن، وتی: "ئەوەی وترا لە رووی یاساییەوە زۆر تەواوە، بەڵام ماوەی شەش ساڵە ئەوکەسانەی دانراون چۆن دانراون لەسەر کەفائە دانراون؟ یان حیزبەکان ناردوویانن؟ ئەم بابەتە حزبیەو ئێمە بزووتنەوەی گۆڕان ئەو دوو ناوەی بۆ ناردووین و دەنگی پێدەدەین، یەکێتیش ئەو ناوانەی ناردووەو دەنگی پێدەدەین...."

بابەتی نایاسایی بوونی ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، برایە نێو دانیشتنی هەمان رۆژی (پەرلەمانی کوردستان) و داواکرا بڕیارەکان جێبەنەکرێن، هەروەها ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەنوسراویان ژ (214) لە (2020/6/4)دا ئاگاداری (پارێزگای سلێمانی) یان کردووەتەوە کەئەو کارە پێچەوانەی یاسای چاکسازییە لەمادەی (12)دا بەڵام لە کۆتاییدا هەر بڕیارەکە دەرچوێنرا.

**نۆیەم/** بۆیەکەمجار بە هۆی رەخنەی زۆرێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا لە ئەجێندای دانیشتنەکە، لە (2020/9/30) دانیشتنی ژمارە (60) دواخرا.

**دەیەم/** لە زۆرێک لە دانیشتنەکاندا، ئەندامان پابەندنابن بە ماددەی (14) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن سەبارەت بە چۆنیەتی گفتوگۆکردن لەناو دانیشتنەکانداو بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان.

**یازەیەم/** هەروەك سالآنی رابردوو، لەكاتی ئامادەبوونی كەناڵەكانی راگەیاندندا، گفتوگۆی ئەندامان زۆر بەچڕی دەكرا، بەڵام پاش رۆشتنی كەناڵەكانی راگەیاندن، گفتوگۆكردن كەمدەبووەوە.

**دوازدەیەم/** بوونی چەندین مەوداخەلەی گرنگ و جدی لە دانیشتنەكاندا، بۆ دەوڵەمەندكردنی دانیشتنەكان لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتیو بەشێك لە ئەندامانی ئەنجومەنەوە.

**سیازدەیەم/** دانیشتنەكانی ئەنجومەن بەردەوام بەكراوەیی بوونو بە ئامادەبوونی نوێنەرانی رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنیو كەناڵەكانی راگەیاندن، هەندێك لە دانیشتنەكانیش راستەخۆ بۆ هاووڵاتیان پەخشكراون.

**چواردەیەم/** دانیشتنەكان لە كاتی دیاریكراوی خۆیاندا دەستیانپێدەكرد، هەندێكجار تەنها (5 بۆ 10) خولەك دانیشتنەكان دوادەكەوتن.

**پازدەیەم/** لە دوای كۆتاییهاتنی هەر دانیشتنێك سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگا، كۆنگرەیەكی رۆژنامەنووسی ئەنجامداوە بۆ خستنەڕووی پوختەی دانیشتنەكان.

**شازدەیەم/** ئەندامانی ئەنجومەن، پێشوەخت لەبەرنامەی كاری دانیشتنەكان ئاگادار كراونەتەوە، پێش (72) كاتژمێر كارنامەی دانیشتنەكان گەشتوەتە دەست ئەندامانی ئەنجومەن.

### *دووەم/ میوانداریو بانگهێشت*

1. ***<u>میوانداری و بانگهێشت بۆ ناو دانیشتنەكانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی):</u>***

لە کۆی (5) دانیشتنەکەی ئەنجومەنی پارێزگا لە (3) دانیشتندا میوانداری لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەو گرفتەکان، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە دانیشتنەکانی ئەنجومەندا هیچ بڕیارێک لەسەر تەوەری گفتوگۆکان نەدەدراو هیچ لێپێچینەوەیەکش نەدەکرا، هەروەک چۆن لە ماوەی ئەمساڵیشدا سەرەڕای بوونی چەندین کێشەو گرفت لە زۆرێک لە سێکتەرەکاندا، بەڵام تەنانەت متمانە لە یەک بەڕێوەبەرو بەرپرسێکی ئیداری نەسەندرایەوە... (**بڕوانە پاشکۆی ژمارە(2)**)

***2. میوانداری و بانگهێشت بۆ ناو کۆبوونەوەکانی لیژنە هەمیشەییەکانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی):***

پاش ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە نووسراوی ژمارە (1569) لە (2019/12/3) میوانداری (پارێزگاری سلێمانی) دەکات، پارێزگاری سلێمانی نووسراوێک لە (2019/12/10)دا بەژمارە (19/16640) ئاراستەی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) دەکات سەبارەت بە میوانداریکردنی پارێزگارو لایەنی جێبەجێکار، مەرج و ڕێنمایی بۆ ئەنجومەنی پارێزگا دادەنێت بۆ میوانداری و بانگهێشت، لە نووسراوەکەدا هاتووە: (پێش میوانداریکردن بە نووسراوی فەرمی بە ئیمزای سەرۆکی ئەنجومەن پرسیارو داواکاری و هاوکاری و هەر ڕوونکردنەوەیەک داوا دەکرێت لایەنی جێبەجێکار بە پارێزگاریشەوە.

- ئەگەر وەڵامەکـــان لای بەرێزانـــی ئەنجـــومەن روونەبـــوو پـــێش هەفـــتەیەک پێویســـتە بە هەمـــاهەنگی لەنێـــوان ســـەرۆکایەتی ئەنجـــومەن (بەڕێـــز ســـەرۆکی ئەنجـــومەن و نووســـینگەکەی) لەگەڵ لایەنـــی جێبەجێکـــار بە (پارێزگـــاری ســـلێمانی و نووسینگەکەشـــیەوە) کـــات و شـــوێن  دیاریبکرێـــت بـــۆ میوانداریکردن.

- بەر لە (72) کـــاتژمێر نووســـراوی فەرمـــی بـــۆ میوانـــداریکردن لە ســـەر ئەو کـــات و شـــوێنەی دیـــاریکراوە بە ئیمـــزای ســـەرۆکی ئەنجومەن بگاتە لایەنی جێبەجێکار بە پارێزگاریشەوە)

(ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی) بە واژۆی جێگـــری ســـەرۆکی ئەنجـــــومەن، لە (2019/12/11)دا نووســـــراوی ژمـــــارە (1594)ی ئاڕاســـتەی پارێزگـــاری ســـلێمانی دەکـــات، لە وەڵامەکەدا هـــاتووە: (بە پێـــی پەیـــڕەوی نـــاوخۆ، لە دەســـەڵاتی دەســـتەی ســـەرۆکایەتیدایە کە نووســـراو بـــۆ هەمـــوو فەرمـــانگە حکـــومی و ناحکومیەکـــان بکـــات بـــۆیە حکـــومەتی خـــۆجێیی دەبێـــت رەچـــاوی پەیڕەوبکـــات بەوردی نەک هەوڵبـــدات ئارەزوومەنـــدانە لێکـــدانەوەی بۆبکـــات و دەســـــەڵاتەکان لە ســـــنوری دەســـــەڵاتی ســـــەرۆکی ئەنجومەنـــــدا کۆبکاتەوە....)

## 3. میوانـــداری و بانگهێشـــت بـــۆ نـــاو کۆبوونەوەکـــانی لیـــژنە کاتییەکانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی):

بەدەر لەو دووخـــاڵەی ئاماژەیـــان پێکـــرا، (ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی) تـــایبەت بەو کێشـــەو رووداوە کتـــوپڕانەی روویانـــدەدا، چەنـــد لیژنەیەکـــی کـــاتی پێکهێنـــاوە بـــۆ بەدواداچـــوونی زیـــاتر و

چارەسەرکردنی کێشەکان لە میانی کاری لیژنە کاتییەکاندا هەندێکجار میوانداری لایەنە پەیوەندیدارەکانیش کراوە. (**بڕوانە پاشکۆی ژمارە(2)**)

*سێیەم/ تایبەت بە لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن.*

**یەکەم/** وەک سالانی رابردوو هیچکام لە لیژنە هەمیشەییەکان پلانی نەك سالانەیان نەبووە، بەڵکو پلانی وەرزیو مانگانەو هەفتانەشیان نەبووە لەکاتێکدا ماددەی (37) لە خاڵی (حەوتەم)ی (پەیرەوی ناوخۆ)ی ئەنجومەن ئاماژە بە پلانو بەرنامەی کارو رۆژمێرێکی سالانەی تایبەت بە لیژنەکان دەکات.

**دووەم/** لیژنە هەمیشەییەکان لاوازبوون لە بە دواداچوون بۆ وەڵامدانەوەی نووسراوەکانیان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، بەتایبەت نووسراوەکانی داواکردنی داتاو زانیاری کە بۆ بەرچاوڕوونی لیژنەکان گرنگن.

**سێیەم/** نەبوونی ئەرشیفێکی تایبەت بە هەر لیژنەیەك بۆ راپۆرتو کارو چالاکییەکانیان.

**چوارەم/** زۆربەی چالاکی لیژنەکان کۆبوونەوەو بەدواداچوونو ئاراستەکردنی یاداشت بووە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، کەمجار هەتا کۆتایی یان دۆزینەوەی چارەسەر لەگەڵ کێشەکاندابوون.

**پێنجەم/** هەروەک سالانی رابردوو بەشێکی چالاکی لیژنەکان بەگوێرەی بڕگەی (1)ی ماددەی (32)ی پەیرەوی

ناوخۆی ئەنجومەن نەبووە کە کارو تایبەتمەندی لیژنەکانی دیاریکردووە.

**شەشەم/** ئەنجامدانی کۆبوونەوەکانی لیژنە هەمیشەییەکان وەك پێویستنیین، لە لیژنەیەکەوە بۆ لیژنەیەکی دیکە جیاوازە، چ لە رووی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لیژنەکان، چ لە رووی ژمارەی ئامادەبووانی ئەندامانی لیژنەکان لە کۆبوونەوەکانیاندا.

**حەوتەم/** بەردەوام لە نێو ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکاندا چەند ئەندامێکی دیاریکراو لە سەردانو بەدواداچووندانو بەشێکی دیکەیان هەر ئەوەیە ناویان لە لیژنەکەدا هەیە، کەمترین ئامادەبوونیان هەیە لەچالاکییەکانو کۆبوونەوەی لیژنەکانداو زۆرترین ئەرك لەسەر سەرۆکی لیژنەکانە.

**هەشتەم/** لیژنە هەمیشەییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام میوانداری بەشێك لە بەرێوەبەرەگشتییەکانیان کردووە، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەو گرفتەکانی هاووڵاتیان.

**نۆیەم/** جگە لە سەردانەکانی لیژنە هەمیشەییەکان، هاوکات بەشێوەیەکی بەردەوام لیژنە هەمیشەییەکان لە تەلاری ئەنجومەنی پارێزگا لە گەڵ هاووڵاتیاندا کۆبوونەتەوەو سکاڵاو داواکاریەکانیان وەرگیراوەو گفتوگۆیان لەسەرکراوە.

**دەیەم/** هەندێك لە لیژنە هەمیشەییەکان زۆرترین سەردان و بەدواداچوونی ئەنجامداوە، لەکاتێکدا هەندێك لە لیژنەکانی دیکە کاروچالاکییان کەمترەو بەپێی پێویستنین.

یـــــازدەیەم/ نەبـــوونی ئۆتـــۆمبێلی پێویســـت و بـــودجەو ســـتافی کـــارگێڕی هاوکـــار، بەشـــێکن لەو گرفتـــانەی لە بەردەم لیژنەکانـــدا کە نەتـــوانن وەك پێویســـت کارەکانیـــان ئەنجامبدەن.

دوازدەیەم/ پـــێگەی ئەلیکترۆنـــی (ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی) وەک پێویســـت گرنگـــی بە چـــالاکی لیـــژنە هەمیشـــەییەکان نـــاداتو ســـەردان و بەدواداچـــوونی لیژنەکـــانی بڵاونەکردۆتەوە.

*چوارەم/ نووسراوەکانی ئەنجومەن و وەڵامی لایەنە پەیوەندیدارەکان*

یەکێـــک لەو گرفتـــانەی بەردەم (ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی) وەڵامـــنەدانەوەی بەشـــێک لە نووســـراوەکـــانی ئەنجـــومەنە لەلایەن ئەو دامودەزگایـــانەی کە ئەنجـــومەن نووســـراوی ئاراســـتەکردوون، یـــان زۆرجـــار درەنـــگ وەڵامـــی نووســـراوەکـــان دراوەتەوە، کە هەنـــدێکجار ســـاڵێکی خایانـــدووە. ئەم کێشـــەیە تائێســـتا چارەســـەرنەکراوە، لە دەســـەڵاتی ئەنجـــومەنی پارێزگاکانـــدایە کە لێپێچـــینەوە لەو دامەزراوانە بـــکەن کە وەڵامی نووسراوەکانیان نادەنەوە. (**بڕوانە پاشکۆی ژمارە (3)**)

**یەکەم/** لەمـــــــاوەی (2019/10/1) بــــــ ـۆ (2020/9/30)دا ئەنجـــومەنی پارێزگـــا لە کـــۆی (382) [لەو نـــــــووسراوانەی گەیشـــتوونەتە تیمـــی پـــرۆژەو تـــایبەتن بە لیـــژنە هەمیشـــەییەکانەوە] (66) نووســـراویـــان پێویســـتیان بە وەڵام نەبـــووەو (181) نووســـراویـــان پێویســـتیان بە وەڵامـــی لایەنە پەیوەندیـــدارەکان بـــووە بەڵام وەڵامنەدراونەتەوە.

دووەم/ کۆی ئەو نووسراوانەی ئەنجومەنی پارێزگا کە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان وەڵامیان دراوەتەوە تەنها (135) نووسراون.
سێیەم/ (47) یاداشتیش لەلایەن لیژنەکانەوە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کراوە بەڵام بەرزنەکراونەتەوە، سەبارەت بەم بڕگەیە (ئازاد محەممەد ئەمین/ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) بە تیمی پڕۆژەی ڕاگەیاند: (یەکەم/ مەرج نییە هەر یاداشتێک دەدرێتە سەرۆکایەتی پێویستی بە وەڵام بێت، دووەم/ هەندێک یاداشت هەن ڕاستەوخۆ لەڕێی پەیوەندی تەلەفۆنییە کاری لەسەر دەکرێت).
چوارەم/ لەکۆی (87) نووسراوی ئەنجومەنی پارێزگا، تایبەت بە داواکاری پێدانی (زانیاری، ڕاپۆرت، ڕاوبۆچوون، سەرنج و ڕوونکردنەوە، بڕی داهات و خەرجی) لە لایەنە پەیوەندیدارەکان، تەنها (38) نووسراویان وەڵامدراونەتەوە و (52) نووسراویان وەڵامیان نەدراوەتەوە، ئەمەش جێگەی پرسیارە چۆن فەرمانگەو دامەزراوە حکومیەکان ئامادەنین زانیاری پێویست بدەنە بەرزترین دامەزراوەی پارێزگاکە لەکاتێکدا لە هەرێمی کوردستان (یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری) ژمارە (11) ی ساڵی (2013)بوونی هەیەو ئامانج لە دەرکردنی ئەم یاسایە بەگوێرەی ماددەی (دووەم)ی یاساکە، بریتیە لە یارمەتیدانی هاووڵاتیان بۆ پەیڕەوکردنی مافی خۆیان لە دەستکەیشتنیان بە زانیارییەکان، هەروەها لە (ماددەی چوارەم)یدا (مافی تێڕوانین و دەسکەوتنی زانیاری) بەم شێوەیە هاتووە: (هەموو کەسێک چ سروشتی بێت یان مەعنەوەی مافی ئاگاداربوون و بەدەستهێنانی زانیاری و چەند کۆپیەک لەو دۆکیومێنتانەی هەیە، کە لە

دامودەزگاکـــــان داوای دەکــــــات بەدەر لەو زانیاریـــــانەی کە بە گـــوێرەی مـــاددەی (14) یاســـای ژمـــارە (11) ی ســـاڵی (2013)ی رێســـــپەر (اســـــتثناء) کــــراون.) ئەگەر مــــافی دەستگەیشـــتن بە زانیـــاری بەهەمـــوو کەســـێک مـــاف بێـــت، ئەی چـــۆن دەبێـــت دامەزراوەیەکــــــــــی وەک (ئەنجــــــــــومەنی پارێزگــــــــا) کە دامەزراوەیەکـــی فەرمـــی و هەڵبژێـــردراوی خەڵـــکە ئەو مـــافەی نەبێـــت؟ لەکاتێکـــدا پێـــدانی ئەو زانیارییـــانە بەرچـــاوڕوونی بە ئەنجـــــومەن و لیـــــژنە هەمیشــــــەییەکان دەدات لە جێبەجێکردنـــــی ئەرکەکانیانـــدا. هەر ســـەبارەت بەم گـــرفتە هەر یەکە لە (کاســــترۆ مەعـــروف، ئیســـماعیل عەلـــی، بەرزان حامـــد، کەریـــم عەلـــی، ئەنـــوەر تـــاهیر، زیـــاد کـــاکە رەزا، رێـــکەوت مـــحەمەد، خەدیـــجە عبـــدالجبار، مـــحەمەد شـــێخ وەهـــاب، رەمەزان نـــامق، بەنـــاز حەمە رەشـــید، هۆشـــیار ئیســـماعیل، میـــدیا شـــیخ ئەحـــمەد) ئەنــــــدامی ئەنجــــــومەن یاداشـــــتێکیان ئاڕاســــــتەی ســـــــەرۆکایەتی (ئەنجــــومەنی پارێزگـــــای ســـــلێمانی) کــــــردووە، لە یاداشـــــتەکەدا هــــــاتووە: (بەرێـــــــزان مـــــــاوەیەکە بەشـــــێک لە فەرمــــــانگە حکومیەکـــان وەک پێویســـت وەڵامـــی نووســـراوەکـــانی ئەنجـــومەنی پارێزگـــــا نــــــادەنەوە، یـــــاخود درەنـــــگ وەڵام دەگەڕێنــــــنەوە ئەمەش زۆرجـــار گـــرفـــت بـــۆ لیژنەکـــان دروســـت دەکـــات، بەتـــایبەت ســـەرۆکی شـــــارەوانی ســـــلێمانی، نەک هەر وەڵامنـــــاداتەوە بەڵکـــــو بەنووســــــراوی فەرمـــی داوای میوانـــداریمان کـــردووە بـــۆ ئەنجـــومەن بەڵام نەهـــاتووەو تەنـــانەت وەڵامـــی پەیوەنـــدی تەلەفـــۆنیش نـــاداتەوە، بـــۆیە داواکـــارین لە رێـــــگەی ســــــەرۆکایەتی ئەنجـــــومەن و بەسەرپەرشـــــتی بەرێزتـــــان و ئامـــادەبوونی ئەنـــدامانی ئەنجـــومەن داوای بانگهێشـــتکردنی بـــکەن بـــۆ

هۆڵی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بۆ ئەوەی هۆکاری ئامادەنەبوونیان و وەڵامنەدانەوەی نووسراوەکانی ئەنجومەن روون بکاتەوە).

**خشتەی ژمارە (10)**

پوختەی ئەو نووسراوانەی کە گەیشتوونەتە تیمی پرۆژە

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| 1. | ئەو نووسراوانەی ئەنجومەنی پارێزگا بەرزیکردونەتەوەو لایەنی پەیوەندیدار کاری لە سەرکردوون | 135 |
| 2. | ئەو نووسراوانەی ئەنجومەن بەرزیکردونەتەوە بەڵام لایەنی پەیوەندیدار وەڵامینەداوەتەوە | 181 |
| 3. | ئەو نووسراوانەی ئەنجومەن بەرزیکردونەتەوە بەڵام پێویستیان بە وەڵامنەبووە. | 66 |
| 4. | ئەو یاداشتانەی لیژنەکان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنیان کردووە و بەرزنەکراونەتەوە. | 47 |
| 5. | میوانداری لایەنی پەیوەندیدار لەلایەن لیژنە هەمیشەیەکانەوە. | 66 |
| | کۆی گشتی | 495 |

**خشتەی ژمارە (11)**

پوختەی ناوەڕۆکی ئەو نووسراوانەی گەیشتوونەتە تیمی پرۆژە

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| 1. | داواکردنی داتاو زانیاری | 87 |
| 2. | پێشکەشکردنی پێشنیار | 29 |
| 3. | بەدواداچوون بۆ کاروباری گشتی | 248 |
| 4. | بەدواداچوون بۆ کاروباری هاووڵاتیان | 94 |
| | کۆی گشتی | 462 |

## *پێنجەم/ بەدواداچوون و سەردانیکردنی پرۆژەو دامەزراوە گشتییەکان*

## 1. بەدواداچـــوون و ســـەردانیکردنی دامەزراوە گشـــتییەکان لە ڕێگەی لیژنە هەمیشییەکانەوە:

**یەکەم/** هەروەک سـاڵی ڕابــردوو لەمــاوەی ئەم ساڵیشــدا (ئەنجــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی) بـــۆ بەدواداچـــوونی کێشـــەو گرفتەکـــان و وەرگـرتنـــی زانیـــاری لە ســـەر پـــڕۆژە خزمەتگوزارییەکـــان و کێشـــەو گرفتەکانیـان و ڕادەی جێبەجێکردنـی پڕۆژەکـان چ لە ڕێـی دەسـتەی ســەرۆکایەتی و چ لەڕێــی لیــژنە هەمیشــەیی‌و تایبەتەکــانەوە بەردەوام سەردانو بەدواداچوونی بۆ دامەزراوە گشتییەکان کردووە.

**دووەم/** بەشـــێک لە میوانـــدارییەکانی لایەنە پەیوەندیـــدارەکان بـــۆ ئەنجومەنی پارێزگا لە ئەنجامی سەردانیکردن و بەدواداچوونەکانەوە بووە.

**ســـێیەم/** زۆرجــار لە کــاتی هەر ڕووداوێکــدا لیــژنە هەمیشــەییەکان سەردانی شوێنی ڕووداوەکەیان کردووەو لایەنی بەرپرسیان بانگهێشتی ئەنجومەن کـردووە، بـۆ نمـوونە: (لەکـاتی ڕووبەڕوو بـوونەوەی ڤایرۆسـی (کۆڤید 19)دا، ڕووداوەکانی سوتاندن و شێواندنی ژینگەی پارێزگای سلێمانی...هتد)دا.

1. پـاش بەدواداچـوون و سـەردانیکردنی هەریەکە لە سـەرۆکی لیـژنەی (کاروبـاری یاسـایی)و سـەرۆکی لیـژنەی (کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئــاوو کــارگێڕی و دارایــی) تــوانرا مــوڵکی ژمــارە (5/298) کەرتــی (23)ی چوارقـوڕنە بینـای (خـانووە ڕەشـان) کە مـوڵکی شـارەوانییەو تاپۆکرابوو لە سەر ڕێکخراوی (هاموون) بگێڕدرێتەوە بۆ شـارەوانی و وەک موڵکی گشتی بەکار بهێنرێتەوە.

2. پاش سەردانیکردن و بەدواداچوونی هەرسێ سەرۆکی لیژنەکانی (تەندروستی، کاروباری یاسایی، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوو کارگێڕی و دارایی) دۆسیێی بەسەرچوونی ئەو کلۆرەی لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی بەکاردەهات، هەروەها لە چەند شوێنێک دەبەی کلۆرەکەش بەبێ لیژنەو بە بێ ڕێکاری زانستی سوتێنراون و فڕێدراون، ئەم دۆسیێە ڕەوانەی داواکاری گشتی کرا.

3. پاش سەردان و بەدواداچوونەکانی (لیژنەی پلان و پرۆژەکان) بۆ (عەلوەی نوێی کەلار) کە پێش ئەوەی پرۆژەکە تەواوبکرێت، هەوڵدرا وەرگرتن (الاستلام)ی بۆ بکرێت، بەڵام لیژنەکە ئەم بابەتەی ئاڕاستەی داوکاری گشتی گەرمیان و دەستەی وەبەرهێنان کرد، ئاگاداری (بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان) کرایەوە کە پێویستە پرۆژەکە (100٪) تەواوبکرێت، دواتر وەرگرتن (الاستلام)ی بۆ بکرێت.

4. پاش سەردان و بەدواداچوونەکانی لیژنەی (شارەوانی و خزمەتگوزاری) بۆ پارچەزەوییەکی گەورەی ئاوی (قولە) لە ڕانیە کە پرۆژەی ئاوی تۆڕی ڕانیە دابینەدەکات و دەستی بەسەرداگیرارببوو، توانراپارچە زەویەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ سەر پرۆژەکە.

5. پاش سەردان و بەدواداچوونەکانی لیژنەی (پیشەسازی و وزە) بۆ ئیشوکارەکانی دوو کۆمپانیا، کە کاری پشکنینی شتوومەک و کاڵاکان دەکەن لە خاڵە سنورییە لاوەکییەکانی سنوری پارێزگا سلێمانی و خاڵە سنورییەکانی ئیدارەی گەرمیان و پارێزگای هەڵەبجە، ئەم دوو کۆمپانیایە لە (80٪)ی داهاتی مەرزەکان بۆ خۆیان دەبێت و لە (10٪) داهاتەکەیان دەخەنە سەر حسابی وەزارەتی دارایی و

حکـــومەتی هەرێـــم، لە (10٪)شـــی وەک پشـــتیوانی دەدرێـــتە ئەو بەڕێـــوەبەرایەتیـــانەی کە بنکەیـــان لە و مەرزانەدا هەیە، ئەم بـــابەتە ئاراستەی سەرۆکایەتی (پەرلەمانی کوردستان)کرا.

6. پاش سەردان و بەدواداچوونەکانی لیژنەی (تەندروستی و ژینگە) بۆ ژینگەی هەردوو ناوچەی پیشەسازی (تانجەرۆ) و (بازیان)و هەوڵدان بۆ دابینکردنی (10.000) نەمامی جۆراوجۆر بەمەبەستی سەوزکردن و پاکراگرتنی ژینگەی ئەو ناوچەیە.

7. پاش سەردان و بەدواداچوونەکانی (لیژنەی ناوخۆو ئاسایش) توانرا کاری عەریزەنوسەکان رێکبخرێت و نرخی پڕکردنەوەی فۆرمی نوێکردنەوەو دەرهێنانی پاسپۆرت بە (8000) هەشت هەزار دینار جێگیر بکرێت.

8. پاش سەردان و بەدواداچوونەکانی لیژنەی (پەروەردە) بۆ کێشەو گرفتەکانی پەروەردە لەسنوری ناحیەی (بازیان)، توانرا بەشێک لە کێشەو داواکاریەکان جێبەجێبکرێن.

9. پاش سەردان و بەدواداچوونەکانی لیژنەی (رۆشنبیری و هونەر و وەرزش و لاوان) بۆ (شاری رۆمانی) لە پارکی هەواری شار کە هیچکام لە وەزارەتەکان خۆیان بە خاوەنی نازانن و داواکراوە کە بە موڵکی بخرێتە سەر وەزارەتی رۆشنبیری.

### ***2. بەدواداچوون و سەردانیکردنی دامەزراوە گشتییەکان لە رێگەی لیژنە کاتییەکانەوە:***

جگە لە سەردان و بەدواداچوونەکانی لیژنە هەمیشەیەکانی، (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) لە ماوەی (2019/10/1) بۆ

(2020/9/30)دا (چوار) لیژنەی کاتی پێکهێناوە بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ چەند کێشەو گرفتێک، بەم شێوەیە:

**خشتەی ژمارە** (12)

لیستی پێکهێنانی لیژنە کاتییەکان

| ژ | ڕێکەوت | بابەت |
|---|---|---|
| 1 | 2019/2/23 | ڕاساندنی زانیاریەکان بۆ بەقەزابوونی بازیان. |
| 2 | 2020/4/30 | پرۆژەیەکی لامەرکەزی کارگێڕی و دارایی. |
| 3 | 2020/8/25 | بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کێشەی هاوولاتییەک لە شارەوانی حاجیاوا. |
| 4 | 2020/9/23 | بەدواداچوون و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سوتانی دارستانی گۆیژەو دارسنەوبەرەکانی شەقامی (سلێمانی - تاسلۆجە). |

***3. یاداشت و داواکاری ئەندامانی ئەنجومەن بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لە کێشەو گرفتەکان:***

بەمەبەستی بەدواداچوون و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ بەشێک لە گرفتەکانی پارێزگای سلێمانی ناوبەناو بەشێک لە ئەندامانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) چەند یاداشتێکیان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کردووە کە (نۆ) یاداشتیان گشتوونەتە تیمی پرۆژە. (**بڕوانە پاشکۆی ژمارە** (4))

## شەشەم/ تایبەت بە دەستەی سەرۆکایەتی

**یەکەم/** ئامادەبوونی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی لە کاتی هەر رووداوو پێشهاتێکدا بۆ بەسەرکردنەوەو گوێگرتن لە هاوولاتیان، بەتایبەت لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆڤید 19)دا هەریەکە لە (سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو سکرتێری ئەنجومەن)و (15) لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە هەژماری تایبەتی خۆیان لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك ژمارەی مۆبایلی خۆیان بڵاوکردەوە تا هاوولاتیان بتوانن پەیوەندییان پێوەبکەن لەهەر حاڵەتێکی نائاسایی و کوتوپڕدا.

**دووەم/** بوونی پەیوەندی بەردەوامی دەستەی سەرۆکایەتی و زۆرێك لە ئەندامانی ئەنجومەن بە هاوولاتیانەوە، چ لە رێگەی سەردان و بەدواداچوونەکانەوە، چ لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە بێت، کە بەردەوام هێڵی تەلەفۆنیان کراوە بووە بۆ هاوولاتیان.

**سێیەم/** لە کاتی کەرەنتینەو قەدەغەی هاتووچۆدا دەستەی سەرۆکایەتی بەردەوام لە سەرکاربوون و هەماهەنگیان لەگەڵ هاوولاتیان و لایەنە پەیوەندیدارەکاندا هەبووە.

**چوارەم/** دەستەی سەرۆکایەتی لە ماوەی رابردوودا (21) کۆبوونەوەی ئەنجامداوە بەم شێوەیە:

### خشتەی ژمارە (13)

لیستی کۆبوونەوەکانی دەستەی سەرۆکایەتی

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک فراکسیۆنەکان | 13 |
| 2 | کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنە هەمیشەییەکان | 5 |
| 3 | کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنە کاتییەکان | 3 |
| کۆی گشتی | | 21 |

## *حەوتەم/ تایبەت بە ئەندامانی ئەنجومەن*

**یەکەم/** هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەن وەک پێویست پابەندنین بە دەوامی ئەنجومەن، بە تایبەت ئەو ئەندام ئەنجومەنانەی کە نیشتەجێی قەزاکانن، هەندێک لە ئەندامان تەنها لە دانیشتنەکانی ئەنجومەندا دەردەکەون و هەندێک جاریش بۆ دانیشتنەکانیش مۆڵەت وەردەگرن.

**دووەم/** لە (2020/8/18)دا (18) ئەندامی ئەنجومەن یاداشتێک ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکەن سەبارەت بە (سازدانی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجومەن بۆ بە نایاسایی ناساندنی بڕیاری بڕینی بەشێک لە مووچەی فەرمانبەران لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، تۆمارکردنی سکاڵا لە دژی حکومەتی هەرێم لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە، ئەگەر ئەنجومەن (بە هەر ئیعتبارێک) سکاڵاکەی تۆمار نەکرد، ئەوا ئەو ئەندام ئەنجومەنانەی کە واژۆی یاداشتەکەیان کردووە خۆیان سکاڵا لە دژی حکومەتی هەرێم تۆمار دەکەن).

لە (2020/8/23)دا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، یاداشتەکەی ئاراستەی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگا کرد و هەروەها بە نووسراوی ژمارە (460) لە (2020/9/6)دا یاداشتەکەی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە (2020/9/9)شدا بە نوسراوی ژمارە (474) بابەتی لێبڕینی مووچەی ئاراستەی سەرۆکایەتی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ نوسینگەی سلیمانی) کرد و لیژنەی یاسایی ئەنجومەنیش ئەندامەکانی دەستکراوەکرد لەوەی هەر ئەندامێکی ئەنجومەن چ وەک تاک چ وەک گروپ دەتوانن وەک هەر فەرمانبەرێکی ئاسایی سکاڵا تۆمار بکەن، (**بەڵام تاکاتی**

**ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە)** هیچکام لەو (18) ئەندامەی واژۆیان کردووە، سکاڵاکەیان تۆمارنەکردووە.

